مولک کۆکردنەوەیان کەوتە مێشک، ئەوانیش رێی ئاغایەتی دەگرن و تووشی زۆرداری دەبن، چونکە ناوەدەردەکەن و میوان و مەسرەفیان زۆردەبێ، واریداتیان بەشی مەسرووفاتیان ناکا، مرید و دەروێش دەبنە خولام و نۆکەر، تەسبیح و سیواکیان دەبێتە شیر و رم و تیر و تفەنگ، سەر و پرچ و بەرماڵیان دەبێتە ولاغ و ئۆتۆمبێل، دەف و دمبکیان دەبێتە رادیۆ و تەلەفزیۆن، دەست بەسەر مولکی دەوروپشتیان دادەگرن، لە پێشیان نابێ کەس دەست درێژیان بۆ بکا، چونکە پیاوی ئایینی وجاغن، خەڵک چاویان کوێردەبێ، یا وجاغ لێیاندەدا، بەڵام کە خۆیان گرت، ئەوجا لە ترسی دەسەڵاتی قیامەتی و دنیایی ناوێری دەستیان بۆ ببەی، ئەوان پەلامارت دەدەن.

ئەو چەند قسەیەم نووسیوە، تا بزانین بنەچەکەی ژیانی عەشیرەتی و لادێیی - بەڵکو شارستانیش - چۆن داندرا، چۆن کاری لە قۆناغەکانی ژیان کردووە و باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و رامیاری چۆن گۆڕاوە، ئەمەش نەک هەر پەیوەندی بە وڵاتی کۆیەوە هەیە، بەڵکو پەیوەندی بە زۆر شوێنی تریشەوە هەیە.

کە حکومەتی عوسمانی باجی زەوی و (تخمین)ی کشتوکاڵ و رەز و باغ و حەیوان ژماردنی دانا، بەشی زۆری گوندەکان چۆڵ و وێران بوون، زۆر زەوی و زار بە بەیاری مانەوە، زۆر جار (٦ - ٧) فەلاحیان سەرەوقوون هەڵدەواسی و کایان لە ژێریانەوە دەسووتاند و دووکەڵیان بۆ دەچوو، نەیانبوو خەرجی زراعەت بدەن!.

میللەت کە خەریکی مەڕ و ماڵات بەخێوکردن و کۆچەربوون، کوێستان و گەرمێنیان دەکرد، وڵاتەکە ئاوەدانی کەم بوو، زۆر عەشیرەتی کۆن لەم وڵاتە هەبووە، فەوتان و ناویشیان نەماوە، زۆر کەس لەبەر بێدەسەڵاتی وەک دەڵێن: (تا نەخورێ و جقوقی بپارێزرێ) - ئەگەر پیتاکیشیان زیاد لێ ستاندرابێ - خۆی بە عەشیرەتێکەوە بەستۆتەوە.

چەند عەشیرەتێکی کۆچەر هەن - کە دەوار نشینن، وەک (بۆلی)[2]، (بابۆلی)[3]، (بەرەکەیی)[4]، (مەنتک)[5]، کە پایزان لە کوێستان دەگەڕێنەوە، هەندێکیان لە ئاقارەکانی وڵاتی کۆیە هەڵدەدەن و بەروبوومیان لە کۆیە ساغ دەکەنەوە، وەک: پەنیر، خوری، کاوڕ....

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

١- لە (١٩٧٦/٤/٢١) لە مامۆستا مەلا عەبدولقادر کانی دەربەندیم وەرگرتووە.


٢- بۆلی: (٣٠٠ - ٤٠٠) ماڵێک دەبن، هاوینان دەچنە (حاجی ئۆمەران)، خاوەن مولکن، دەغڵ و تووتن و چۆمی دەچێنن و فەلاحەتیش دەکەن، زستانان دێنەوە (بیتوێن)ی.

٣- بابۆلی: کوێستانیان لە (حاجی ئۆمەران)ە، بە (پشت ئاشان)یدا دەڕۆن (٣٠٠) ماڵێک دەبن، زستانان لەگەڵ (بۆلی)یان دێنەوە (بیتوێن) و (ونکە) و (عەلی ئاوا) و (ئەشکەوسەقا)، دەڵێن: (گوتیتیان) ئێمەش بۆلین، (بۆلی)یەکانیش گوتیتیان: (با، ئەوانیش بۆلین) و ناویان بوویتە (بابۆلی).

٤- بەرەکەیی: (١٠٠) ماڵ دەبن، هاوینان دەچنە کوێستانی (مەنگوران)، زستانان دێنەوە لای (ئالیقە) و (ژوشکە) و دۆڵی (خەلەکان).

٥- مەنتک: (٥٠٠) ماڵ دەبن، هاوینان هەواری تەواویان نییە، لە کوێستانی پەرت دەبن، بەشی زۆریان شوانکارەیی هەولێریانن و علاقەیان لەگەڵ هەولێر زۆرە، زستانان دێنە دیوی (باواجی)، (دێگەڵە)، (هەرەجە)، (بێستانە)، دەم شەرغە.

* ئەم بابەتە لە کتێبی (مێژووی کۆیە)ی تاهیر ئەحمەد حەویزی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، ٢٠٠٧ وەرگیراوە.



# ئاماری دانیشتووانی قەلای هەولێر - ١٩٢٢
# سەرای - تەکییە - تۆپخانە

تاریق جامباز و نەژاد بەرزنجی

**بۆچی...؟ ئاماری دانیشتووانی قەلای هەولێر لە سالی ١٩٢٢ دا ئەنجام درا؟**

ئەنجامدانی سەرژمێریی بۆ زانینی ژمارەی دانیشتووانی ولاتێک یا هەرێمێکە، بۆ زانینی رێژەی ژن و پیاو و مندال و چەند سەر خێزان لە مالێکدا دەژین و تەمەنیان چەندە و جۆری کاریان چییە و پلەی رۆشنبیرییان لە چ ئاستێکدایە و لە هەموو دنیا و لە گشت سەرژمێر و ئامارێکدا ناوی تێکرای دانیشتووان تۆمار دەکرێت، بەلام ئەو ئامارەی کە بۆ دانیشتووانی قەلای هەولێر لە سالی ١٩٢٢ ئەنجام دراوە (تەنیا و تەنیا) بۆ نێرینەکان بووە. دەنا یەک تاقە مێینەشی نەگرتۆتەوە، بۆیە و لەبەرئەوەی لە بارەی ئەم ئامارەوە نووسینێکی وا بلاو نەکراوەتەوە، بۆیە داوام لە هاوکارم (نەژاد بەرزنجی) مامی هۆشمەندی بیرتیژ کرد، گەرچی لە دایکبووی قەلای هەولێری ١٩٢٠دە، بەلام هێشتا چوست و چالاکە، کە ئەم پێشنیازەم ئاراستە کرد بە دلێکی گوشادەوە ئامادەیی خۆی دەربری، کە دەبێ ئەم ئامارە (فەرامۆش کراوە) پێکەوە لێکۆلینەوەی لەبارەوە بکەین و رای بەرێزیان لە بارەی ئامارەکە ئەمەیە: ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم ئامارە بۆمان دەردەکەوێ، کە بۆ (مەبەستێکی تایبەتی کراوە، نەک بۆ ژماردنی دانیشتووانی کوردستان لە عێراقدا، چونکە نووسراوەکە تەنانەت بۆ نێرینەیە- مێینەکانی فەرامۆش کردووە، مەلیک فەیسەلی یەکەم لە رۆژی ٢٣ی ئاب لە سالی ١٩٢١ز هاتە سەر حوکم لە عێراق، ئەگەر بۆ مەبەستی ژمارەی هاوولاتیان بێ، بۆ ناوی ئافرەت و کچان فەرامۆش دەکرا؟ مەزەندە کە دوورە لەم مەبەستەوە. شای شکۆدار شێخ

شووشتنی پیاله و فینجان بۆ ئاوی کوڵاو زیادیەن سەماوەرێکی تەنەکە کە میقداری کافی ئاو تێدا بێ مەوجوود بوون و لەم جێگایەنە بۆ گرکرانی پیساو بە گوێرەی وەصفی محەل بەرمیلێکی مناسب دانان لازمە.

١٣. ئەم محەللاتی لەم بابەتە کە ئێستا مەوجوودن ئیعتبارەن لە تەئریخی ئیعلانەوە لە ناو (١٥) رۆژ بە ئیصلاحی محەلیان بە تەطبیقی ئەم شرووطە مەجبورن.

١٤. موخالفین بە پێی مادەی ١٢٦ ق.ع.ب تووشی عیقاب نەبێ

## قەرار ژمارە (١٦٣) لە ١٩٣٦/٣/١٦

| فلس | | | |
|---|---|---|---|
| ٦٠٠ | قیمەتی بارووت چف سعر / ١٢٠٠ | بە نووری عەزیز | مەصرەفی ویستراانی تۆپ لە جەژنی قوربان |
| ٢٠ | قیمەتی کیسە | | |
| ٢٠٠ | ئوجرەتی تۆپچی فەتاح | | |

بە گوێرەی راپۆری موراقیب و شەرحی سەرنووسی کە مەربووگە وەکوو موفرەداتی سەرەوە بۆ درانی هەشت سەد و بیست فلس بە نورەدین عەزیز و فەتاح تۆپچی قیمەتی بارود و کیسە و ئوجرەتی تۆپچی فەتاح کە بۆ ئاوێشترانی تۆپ لە جەژنی قوربان تەئمین کراوە و لە مادە ٧ فەسل ٢ ئیدارەلعامە مەحسوب کرانی قەرار درا.

## قەرار ژمارە (١٦٥) لە ١٩٣٦/٣/١٦

| فلس | | |
|---|---|---|
| ٣٥٠ | ئوجرەتی سەیارە بە گوێرەی سەنەدی پێچراوی بۆ سلێمانی | بە خەلیل باخچەچی بۆ هاوردنی شتل لە مەزرەعەی بەکرە جۆ مەسرەفی رۆیشتن و هاتنەوەی خەلیل باخچەچی |
| ٣٠٠ | ئوجرەتی سەیارە بە گوێرەی سەنەدی پێچراوی لە سلێمانی بۆ ئەربیل | |
| ٧٠ | ئوجرەتی تەلەغراف بە گوێرەی وەصلی پێچراوی لە سلێمانییەوە بۆ ئەربیل | |
| ١٥٠ | مەصرەفی سەفەری خەلیل باخچەچی شەو ٣ | |
| ٨٧٠ | | |

ئیستنادەن بە قەرارمان ژمارە (٤٠) و رۆژ ١٩٣٦/١/٢٠ کە لە خصوص هێنانی شتل لە مەزرەعەی بەکرەجۆ وەکو موفرەداتی سەرەوە بۆ درانی (٨٧٠) هەشت سەد و حەفتا فلس بە خەلیل باخچەچی مەصاریفی رۆیشتن و هاتنەوەی و ئوجرەتی تەلەغراف کە لە سلێمانییەوە بۆ رەئیس بەلەدیەی ئەربیل نووسیوە و مەسرەفی سەفەری و لە مادە ١٤ فسل ٥ هەندەسە مەحسوب کرانی قەرار درا.

## قەرار ژمارە (١٧٢) لە ١٩٣٦/٣/١٦

سوورەتی قاقزی مودەعیلعام ژمارە ٧٤٧ و ١٩٣٦/٢/٢٦ کە بە قاقزی موتەصەرفی لیوا ژمارە (٢٥٥٦) لە ١٩٣٦/٣/١٢ بە دائیرەمان نارراوە و لە گەرەفی ریاسەت بە مەجلیسمان تەودیع کراوە موتالەعە کرا..... ئاغا کە ئیعادەی حقوقی مەمنوعەی تەلەب کردووە لە رۆژی تەخلیەی تا ئیمرۆ بێ سلوک و ئەخلاقییەکی لێ نەدیتراوە و موخیل شەرەف هیچ حاڵێکی زاهیر نەبووە و بۆ ئیعادەی حقوقی مەمنوعەی چ مانیع نییە لە بەر ئەمە ئەم مەضبەتەمان تەنظیم و تەقدیم کرا

## قەرار ژمارە (١٨٨) لە ١٩٣٦/٣/٢٢

قاقزی رەئیس بەلەدیە ژمارە ٢٠/٥٣٩ رۆژ ٣٦/٣/١٦ و مەربووطی سووردتی فەقەرە ٧ لە قاقزی رەئیس صحیە ژمارە ٧ رۆژ ١٩٣٦/١/١٢ و سورەتی فەقەرە ١ قاقزی وەزارەت داخلیە ژمارە ٥٢٢٦ لە ١٩٣٦/٢/٢٣ لە خصوص مەجرای پیساوی ماڵەکانە موطالەعە کرا بە ئیشتراکی رەئیس صحیە و نەتیجەی موذاکەرە بە ئیصلاحی ئەم جیهەتە بەیانی ژێرەوە تەنسیب کرا:

١. بۆ ئیجاد کرانی مەخزەنی پیساوە لە بەر مەوجوود نەبوونی کەرپوچ و کەرەستەی بانی لە حال حازر تا نهایەتی ساڵی ٣٦ لە ناو هەموو ماڵ، حەسار، خان، و گەراجەکان ناوشار کە ئەم نەوعە مەخزەنەی تێدا نییە بە گوێرەی ویست و ئیحتیاجی بینا بە ئیحزار و ئیکمال کران بیلمەوعیدی لازم ئیستناد بە مادەی ٢ قانون ئەلمحەللات ئەلمرقەررە بیلصحە رەقەم ١١ ساڵی ١٩٣٦ ئەصحاب عیلاقە و ئەملاک موکەلەف کران و لە عەدەم قیاسی ئەصحاب عیلاقە بەم عەمەلە بە پێی

مـاددە ٣ قـانون باس لێکراو پێـویسـتی لە طەرەفی بەلەدیە ئیـجـرا و مـەعـریفـەتی و بۆ تەبلیغ طەلەبی دەفـتـەری مـاڵەکـان بێ بالوعـە و ناوی صـاحـبی لە موختاران محەللە موافق دیترا.

٢. ئیعتبار لە تەئریخی ئیعلانەوە بە حەوت رۆژ مەجرای ئاوی هەمـوو مـاڵەکـان مـا عـەدای رۆژی باران بە دائیم مـەسـدوود بـوونی و هیـچ ئاوی لێ دەرنەکـەوتنی و لە ئاچووغ بوونی ئەم مـەجرایانە رەئیس عـائلە و ئەگـەر عـائیلەی موتەعەددید لە بینایەک ساکن بن و روئەسای عەوائیل بیناکە و ئەگەر خان و گەراج بێ موستەئجیری مەسـئول عەددەد موخالیفی بە پێی مادە ١٢٦ -أ قانون عقوبات بەغدادی بۆی مەعروض بە عیقاب کران قەرار درا.

## قەرار ژمارە (٢٠٣) لە ١٩٣٦/٣/٢٥

| فلس | |
|---|---|
| ٨٠ | قیـمـەتی دوو گلۆپ بۆ محەللەی عەرەب و خانەقا بە گوێرەی دوو راپۆر مـەئمور لصحە و موراقیب کە پێچراوی قاقزی مودیر کەهرەبایە رەقەم ٤/٦١٠ و ١٩٣٦/٣/١٧ |
| ٤٠ | قیـمـەتی یەک گلۆپ بۆ جادەی شـەقـلاوە بە گوێرەی راپۆر موراقیب کە پێچراوی قاقزی مودیر کەهرەبایە رەقەم ٣ / ٦١٠ و ١٩٣٦/٣/١٤ |
| ٤٠ | قیـمـەتی یەک گلۆپ بۆ محەللەی سەعدووناوە بە گوێرەی راپۆر موراقیب کە پێچراوی قاقزی مـودیر کەهرەبایە رەقەم ١٠/٦٠٩ لە و لە ١٩٣٦/٣/٢ |
| ١٦٠ | بە دەلاتی گلۆپی دامەزراو بە گوێرەی ٣ قاقزی مودیر کەهرەبا کە مەربووطن بە موحاسبی کەهرەبا حاجی خضر ئەفەندی |

بە گوێرەی ٣ قاقزی مودیری ئیدارەی کەهرەبا ژمارە و رۆژ سـەرەوە کە راپۆرانی مـەئموور صحیە و موراقیبان پێ پێـچـراوەیە و مـەربووطن وەکـوو مـوفـرەداتی دیار کـراو (١٦٠) صەد و شێست فلس بە موحاسیبی کەهرەبا حاجی خضر ئەفەندی قیـمـەتی چوار گلۆپ لە محەللەکان و جادە دامەزراون لە مـادە ٤ فەصـل ٦ تەنویرات مەحسـووب کرانی قەرار درا.

## قەرار ژمارە (٢٢٠) لە ١٩٣٦/٣/٣٠

بینا بە دەرکناری مەتەصەریف لیوا ژمارە ٤٩٩٢ و رۆژ ١٩٣٦/٣/٢٩ کـە لە قـاقـزی مـوقـەدەمـات تەسطیـر و خوارەوە بە ئەمر تەعەهودی فرەدران زبلی مەزابل و ناوشـار نەظەر کـرا، وەکو لە سەر قـائیـمـە نووسـراوە بەدەل ئەرضی ئەم تەعـەهودە ١٢.٠٠٠ ٥ و لە سـاڵی ١٩٣٤ (١٤.٠٠٠ ٥) دیناربوو لە سـاڵی ١٩٣٥ لە بەر پەیدا بوونی رەقـابەت لە بەینی راغیـبـەکان بەدەل تەعەهودی مـەذکـوور بە ٩.٠٠٠ ٨ دینار شـەرط کـرد و موتەعەهیدی ضـەرەرو زیان زۆر دیتنی بۆ سـاڵ حاڵ لە راغیـب نەبوونی بە تەعەهود و لە تەدقیقمان زانراوە. ئێـسـتـا بینا بە تەوەسـوع کـردنی شـار و مـەوقـیع طەیراوە و بەم سـەبەبە زیاد بوونی مـوشکیـلات لە زبل فـڕەدان و طەرەفی ئەسـعـار کـاوجـۆ لە سـاڵانی پێشـوو و رەغـمـەن بە تەحدیدات مـوددەت رەغبەت نەکردنی کـەسی تر بەم تەعـەهودە و مـوعـتـەدیل دیترانی بە بەدەل موناقـەصـە بەدەل موقـەرەر کە (١٤) دینارە ئیـحالە درانی بە عـەهدەی طالبی موافیق دیترا و بنابرینی بە تەئیید قەرار پێشـوومان ئەم خصووصە ژمارە ١٦٤ و رۆژ ٣٦/٣/٢٥ قەرار درا.

## قەرار ژمارە (٢٢٨) لە ١٩٣٦/٣/٣١

رەسـمی سـەمـسـەرەتول حـەیوانات هەرچەندە بەدەل ئیلتیـزامی بە نسـبـەتی سـاڵی پێش، دوو دینار زیاد و بە (١٣٤) دینار لە طەرەفی طالـیـبـی مـۆرکـراوە لە بەر موحتەمەل بوونی ظهوور کردنی طالیب بە زیادکردنی رەسم مـەذکـوور تەئجـیل کـرانی مـوددەت ئیـحـالەی تا رۆژی ٣٦/٤/٦ رۆژی دووشـەم مـوافـیق دیتـرا بە ئیـعـلان کەیفیەت قەرار درا.

## قەرار ژمارە (٢٣٤) لە ١٩٣٦/٣/٣١

| فلس | دینار | شەددە | سعری | |
|---|---|---|---|---|
| ٧٠٠ | | (٣ | ٠.٢٠٠ | قیـمـەتی شرید بۆ تەرتیباتی قـۆناغی حکومـەت و باخچەی دەرەوەی |
| ٨٤٠ | ١ | - | ٠.٤٦ | قیـمـەتی لامپەکانی کۆژایەوە عەددەد ٤٠ نوجرەتی دامەزراندن |
| ٥٠٠ | ١ | - | - | دامەزراندن |
| ٢٥ | - | - | - | قیـمـەتی یەک سویچ کە لە دارولضیافە تەلەف بووە |
| ٢٤ | - | - | - | قیـمـەتی یەک بەطن هۆلدەر لە حەدیقە تەبدیل کراوە |
| ٠٨٩ | ٤ | | | |

بە وەستا نەعمان بونی

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٨٠ | - | - | - | قیمەتی شەکر حصە ٢ | بە عەبدولجەبار عەتار |
| ٨٠ | - | - | - | قیمەتی قەهوە حصە ٢ | |
| ٣٠ | - | - | - | قیمەتی شخاطە و قەهوە سوز کردن | |
| ١٨ | - | - | - | قیمەتی شەکر بۆ قەهوە | |
| ٧٢ | - | - | - | ١٢.٠ قیمەتی لقوم پاکێت ٦ | |
| ١٤٤ | - | - | - | ١٢.٠ قیمەتی جغەرەی غازی ٢٤ | |
| ٦٢٤ | | | | | |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٦ | قیمەتی قتناب | بە محەمەد عەتار |
| ٤٠ | قیمەتی سەجەر | |
| ١٦ | قیمەتی دەرزی | |
| ٨٢ . | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤ ٠٨٩ | وەستا یونس ئەمین | مەصرەفی تەرتیبات بە موناسەبەتی جەلالەت مەلیک |
| ٦٢٤ | عەبدولجەبار عەتار | |
| ٠٨٢ . | محەمەد عەتار | |

به گوێرەی قائیمەکانی پێچراوی کە لە طەرەفی وەستا یونس ئەمین و جابی رەفعەت و موراقیب خەلیل تەنظیم و بە ریاسەت تەقدیم کراوە و مەربووطە وەکو موفرەداتی سەرەوە بیکەونەن بۆ درانی (٤,٧٩٥) چار دینار و حەوت صەد و نەوەت و پێنج فلس بە وەستا ئەمین یونس و عەبدولجەبار و محەمەد عەتار و قیمەتی لەوازمات کە بۆ تەرتیباتی ولادەت جەلالەتولەلیک تەئمین کراوە لە مادە ٧ فەصلی ٢ ئیدارەلعامە مەحسوب کرانی قەرار درا.

### قەرار ژمارە (٢٦٠) لە ١٩٣٦/٤/١٣

لە بەر تەقەرور کردنی ئیجاری ساڵانەی پیساو کە لە قەڵات دێتە خوارەوە بە چوار دینار لە سەر حاجی شێخۆ و کەفیە کردنی نادر قادر و نەبوونی طالب ئاخەر و زیاد کردنی دینارێک لە بەدەلی رەبطی ئیحالە درانی بە عوهدە و مەرقووم حاجی شێخۆ قەرار درا.

### قەرار ژمارە (٢٦٤) لە ١٩٣٦/٤/١٣

| فلس | دینار | |
|---|---|---|
| ٥٠٠ | ٢ | بۆ نەفەقەی پێنج طەلەبەی فەقیر لە جەووالەی کەشافی مەدرەسەی یەکەم بە مودیری ئەحمەد ناجی ئەفەندی. |

به گوێرەی قاقزی مودیری مەدرەسەی یەکەم ژمارە ٢١٩ / لە ١٩٣٦/٤/٣ کە لە مەقامی موتەصەرفیەت لە ژێر ژمارە ٥٦٣٢ لە ١٩٣٦/٤/٨ بە دائیرەی بەلەدیە حەوالە و لە طەرەف ریاسەت بە مەجلیسمان تەودیع کراوە و مەربوطە موطالەعە کرا. لە بەر مەعلووم بوونی ئیحتیاجی پێنج طەلەبە لە جەووالەی کەشافی مەدرەسەی مەذکور کە بۆ کەرکووک و خانەقین ئەچن وەکو لەسەرەوە نووسراوە بۆ درانی (٢,٥٠٠) دوو دینار و پێنج صەد فلس بە مودیر ئەحمەد ناجی ئەفەندی بۆ نەفەقەی طەلەبەکانی مووما ئیلەیهیم و لە مادده ١١ فەصل ٢ ئیدارەلعامە مەحسوب کرانی قەرار درا.

### تەصدیق ژمارە (٢٧٤) لە ١٩٣٦/٤/١٣

ئیقتیداری موعەلیم غەریب ئەفەندی سەلیم کە کەفیلی مەئمووری مووەقەتی رەسمی وەزن و ئەرضیەی سەید عەبدولکەریم ئاغایە بۆ ئەم کەفالەتە کافی بوونی تەصدیق ئەکرێ.

### تەصدیق ژمارە (٢٧٥) لە ١٩٣٦/٤/١٣

ئیقتیداری یاسین ئاغا تەقیەدین ئەفەندی کە کەفیلی مەئمووری مووەقەتی رەسمی ئەرضیەی ئەخشاب و ئەحطاب موختار ئاغایە بۆ ئەم کەفالەتە کافی بوونی تەصدیق ئەکرێ.

### تەصدیق ژمارە (٢٧٦) لە ١٩٣٦/٤/١٣

ئیقتیداری سەید قاسم خەیاط کە کەفیلی مەئمووری مووەقەتی مەجزەرە عەزیز ئەفەندی بۆ ئەم کەفالەتە کافی بوونی تەصدیق ئەکرێ.

### قەرار ژمارە (٢٨٠) لە ١٩٣٦/٤/١٣

به گوێرەی راپۆری مەئموور صحیە ژمارە (١٦٤) و رۆژ ١٩٣٦/٣/٨ شەوی ٨/٧-٣-١٩٣٦ لە طەرەف شەخصێکی مەجهوول کوڕێکی تازەبووی فڕەدراوە بەر دەرگەی مووما ئیلەیهی و لە طەرەف مووما ئیلەیەی بە واسطەی موراقیبی بەلەدیە صابیر بۆ بەخێو کران لە گەرەکی خانەقا بە سەییدە خاتوون تەسلیم کراوە و بینا بە قاقزی جوابیەی مودیر شورطە ژمارە ٢٤٤٣ / ٢/١٧ و رۆژ ١٩٣٦/٣/١٨ کە مەربوطە رەغمەن بە تەحقیقاتی دائیرەمان صاحبی ئەم طفلە بە دەر نەکەوتووە لە بەر ئەمە ناوی طفلی مەرقووم (خواده) دانران و بۆ ئوجرەتی

ئیرضاعی ئیعتبارەن لە ١٠/٣/١٩٣٦ بە ناوی مورضیعەی سەییدە خاتوون (٣٠٠) فلس معاش تەخصیص و لە مەبانی و خیتاب بە دەفتەر ئیدخال کرانی موافیق دیترا و بۆ موعامەلەی پێویست قەرار درا.

**قەرار ژمارە (٢٩٥) لە ١٨/٤/١٩٣٦**

خاریطەی دوکان و قالدرمەی عائید بە حاجی ئەحمەد ئاغا کە لە طەرەفی موهەندسی تەنظیم و بە قاقزی ژمارە (٥٨) و ٢٩/٣/١٩٣٦ تەقدیم و لە طەرەفی ریاسەت بە مەجلیسمان تەودیع کراوە و مەربوطە موطالعە کرا. بینا بە قەراری پێشوومان ئەم دوکان و قالدرمەیە کە لە سەر جادەی موظەفەر و رێگای بازار واقیعە بە گوێرەی عورض موقەرەری جادە و رێگای مەذکور لە هەر دە طەرەف بۆ تەوسوعی جادە و رێگا لە دوکان مەذکوور ئیستیملاک کرانی میقدار لازم کە جەمعەن (٢/٩٧) مەتر مورەبەع لە روبعی مەساحەی دوکانەکە زیاترە موافقەت کرا.

**قەرار ژمارە (٣١٢) لە ٢٧/٤/١٩٣٦**

راپۆری مەئمووری صحیە ژمارە (٢٥٦) و ٢٢/٤/١٩٣٦ کە لە طەرەفی رەئیس صحیە ظەهریە کراوە و لە طەرەف ریاسەت بە مەجلیسمان تەودیع کراوە موطالعە کرا. بە گوێرەی تەنسیبی رەئیس صحیە کە لەم ظەهریەیە نووسراوە ماست و بەفر فرۆشەکان ئەم ئینجانە کە لە بەر دەمیانە و بۆ ماستاو ئاوی تێدایە و لە سەر تەختەی کە لە سەر ئینجانە دامەزراوە بەفریان داناوە چونکە ئەم ئاوە سەری ناچووغە و ئەوی ماستاو ئەکا دەسی تێهەڵدێنێ ئەم ئاوە موضیرولصحەیە لە بەر ئەمە ئیستیناد بە فەقەرەی (١٠) هـ لە ماددەی (٤٤) قانوون ئیدارەتولبەلەدیات رەقەم (٨٤) ساڵی (٩٣١) مەنع کرانی ئینجانەکان و لە جیاتی مەخزەنێکی بە قەپاغ و لە تووتیا دروست کراو ئیستیعمال و بۆ ئاو دەرهێنان حەنەفیەیێکی لێ قایم کرانی ئەصحاب عیلاقە موکەلەف کران و موخالیفین بە پێی ماددە ١٢٦-أ ق.ع.ب بە عیقاب مەعروذ بوونی بۆ زانین بلاوکران قەرار درا.

**قەرار ژمارە (٣١٣) لە ٢٧/٤/١٩٣٦**

لاحیقە بە قەرارمان ژمارە ١٧٣ و رۆژ ١٦/٣/١٩٣٦. بینا بە تەواو بوونی مووددەتی ئینذار و تەنفیذ نەکران ئیقتراح ریاسەت صحیە کە لە خصووص دەرگەی ئەنبارەکانی حەمامەکان بە ئەصحابی عیلاقە تەبلیغ کرابوو ئیستیناد بە ماددە (٦) لە قانوون محەلات ئەلموقەرە بیلصحیە رەقەم ١١ ساڵی ١٩٣٦ بۆ مەنعی دخوولی خەلق بۆ مەلە کردن لە ناو ئەنباری حەمام و بۆ ئیصلاحی دەرگایان بە گوێرەی ئیرشادی رەئیس صحیە و بە گوێرەی شەرائیط لە کەشفنامەی موهەندسی بەلەدیە ژمارە٨٦ و ٢٧/٤/١٩٣٦ ئیصلاحی دەرگای ئەنباری هەر شەش حەمامەکانی مەوجوود لە شار بە صوورەتی موناقەصە ئیجرا و قائیمەی موناقەصە تەنظیم و شەرائیط مەذکوورە لە قائیمە دەرج ئیعتبارەن لە تەئریخی چوار رۆژ لە موناقەصەدا بوون رۆژ ٤ مایس ٣٦ دووشەم ساعە (١) زەوالی ئیحالەی ئیجرا کران موافیق دیترا و بۆ پێویستی قەرار درا

**قەرار ژمارە (٣١٨) لە ٢٩/٤/١٩٣٦**

عەطفەن بە قاقزی موتەصەرفی لیواء ژمارە (٣٧٦٢) و ١٥/٤/٣٦ بە قەرارمان ژمارە ٢٢١ لە ٣٠ / ٣ /٣٦ کە لە خصووص ئەسعاری سەیارە بە ئیعادەی نەظەر بۆ کرا.

١. ماددە ١ بۆ رکووب سەیارەی شەش شەخصی بە نەظەر کراوە و بۆ مەراکز ئەسعاریان لە جەدوەلی سەرەوە تەثبیت کراوە و لەم ئەسعارە بە گوێرەی مەوقع ئیستفادە دەکردن و نەکردنی سەیارە لە روکاب مولاحەظە کراوە.
٢. مەوسمی زستان وەکوو لەسەر لەوحەی جەدوەل ئیشارەت کراوە لە ١٥ تشرین ثانی تا نهایەتی نیسان و مەوسمی هاوین لە مایس تا ١٥ تشرین ثانی ئیعتبار کراوە.
٣. سەیارەی خصووصیە رۆژانە بە شەرطی قەطع کردنی (٨٠) کیلۆمەترە مەسافە بۆ هەر رۆژێک (١) دینار و ئەگەر لە (٨٠) کیلۆمەتر زیاتر مەسافە قەطع بکا و پاش (٨٠) کیلۆمەترە بۆ هەر کیلۆمەترەیەک (١٠) فلس و جودا لە رۆژانی غووربەت و عەوودەت بۆ ئینتظاری هەر رۆژێک (٥٠٠) فلس ئیجراء تەنسیب کراوە

٤. سەیارەی خصووصیە لە مەرکەزێک بە ئینتظاری (١٥) دەقیقە مەجبوورە. ئەگەر لە (١٥) دەقیقە زیاتر ئینتظار ئیجاب بکا بۆ هەر (٣٠) دەقیقە ئینتیظار (٤٠) چل فلس ئوجرەت ئەدرێ. ئەم ئینتظارە بە داخیل و ئەطراف شار - باداوە داخیل قەصەبە - صعودولقەلعە - مەعەسکەر - مەقەر موتەصەرف - عائیدە.

٥. ئوجرەتی حەیوانات وەکو میقداری لە جەدوەل دیارکراوبوونی مووافیق دیتراوە. بە گوێرەی مەوادی سەرەوە جەدوەلی ئەسعار سەیارە تەنظیم و بینا بە موافیق دیتران بۆ تەثبیت و تەصدیقی قەرار دیترا.

**قەرار ژمارە (٣٢٦) لە ١٩٣٦/٥/٢**

| فلس | |
|---|---|
| ٤٥٠ | مەصرەفی تەسفیری.... شێت بۆ بەغدا عەطفەن بە قاقزی موتەصەرفی لیواء ژمارە ١٣٣٧ و ٣٦/٤/٣٠ |
| ٤٥٠ | مەصرەفی تەسفیری..... شێت بۆ بەغدا عەطفەن بە قاقزی موتەصەرفی لیواء ژمارە ١٣٣٩ و ٣٦/٤/٣٠ |
| ٤٥٠ | مەصرەفی تەسفیری..... شێت بۆ بەغدا عەطفەن بە قاقزی موتەصەرفی لیواء ژمارە ١٣٤٠ و ٣٦/٤/٣٠ |
| ١,٣٥٠ | بۆ مودیری شورطەی لیوای ئەربیل جەمیل بەگ |

بە گوێرەی قاقزەکانی موتەصەرفی لیوای ئەربیل ژمارە و رۆژ سەردوە بۆ درانی (١,٣٥٠) یەک دینار و سێ صەد و پەنجا فلس بە مودیری شورطەی لیوای ئەربیل جەمیل بەگ مەصرەفی تەسفیری شێتەکان کە ناویان لە هەوراز دیار کراوە بۆ بەغدا و لە مادده ١١ فەصل ٢ ئیدارەلعامە مەحسوب کرانی قەرار درا.

**قەرار ژمارە (٣٤٨) لە ١٩٣٦/٥/٩**

بە گوێرەی راپۆری موراقیبی قەلاّت کە بە ژمارە ٢٨٢ لە ٣٦/٤/٢٩ لە طەرەف مەئمووری صحیە تەقدیم کراوە و لە طەرەف رەئیس و سەرنووسی شەرح کراوە و مەربووطە وەکو موفرەداتی سەرەوە بۆ (٣٨٤) سێ سەد و هەشتاو چوار فلس بە خەلیل کەریم و عوثمان نەجار قیمەتی تەنەکەی بەطاڵ و ئوجرەتی دەسک لێدان کە بۆ رشاندن جادە و مەحەللات تەئمین کراوە و لە مادده ١٨ فەصل ٥ هەندەسە مەحسوب کرانی قەرار درا.

**قەرار ژمارە (٣٥٠) لە ١٩٣٦/٥/٩**

| فلس | |
|---|---|
| ١٢٠ | قیمەتی کا بۆ ئیحراقی قاذوورات لە مەجزەرە لە مانگی نیسان بە غەریب. |

بە گوێرەی راپۆری موراقیبی مەجزەرە رۆژ ٦/ ٥/ ٣٦ کە مەربوطە وەکوو لە سەرەوە نووسراوە بۆ درانی (١٢٠) صەد وبیست فلس بە غەریب قیمەتی کا لە مانگی نیسان ساڵی ٣٦ بۆ ئەطرافی کوورەی قاذوورات لە مەجزەرە کراوە و لە مادده ٩ فەصل ٦ صحیە مەحسوب کرانی قەرار درا.

**قەرار ژمارە (٣٧٧) لە ١٩٣٦/٥/٢٤**

خەریطەی تەخطیطی ئەراضی حاجی محەمەد عەبدوللا تەسەلسول (٤١٥) کە لە خەریطەی رەقەم (٨٠٩) و موصەدەق لە دائیرەی طاپۆ و موحەفەظ لە دائیرەی هەندەسەی بەلەدیە موستەنسەخە موطالەعە کرا. بە گوێرەی تەنظیمی موهەندسی بەلەدیە مەساحەی ئەراضی مەذکوور لە (٥ دۆنم و ٤ ئۆلک و ٦٠ مەتر مورەبەع) عیبارەتە و ئەم رێگایانی کە لە سەر ئەم ئەراضیە ئیحداث کراوە و وەکو موفرەداتی مەجموع مەساحەیان (٥٠.٤١٧٣) مەترە مورەبەعە بە گوێرەی ئەم خەریطەیە و تەقسیماتی لێ دیار کراو عورضی موقەرەری یەکیان ١٢ و ئەوانیتریان ٨ مەتر دانراوە موافق دیترا و قەرار درا.

**قەرار ژمارە (٤٢٣) لە ١٩٣٦/٦/١٤**

دائیر بە قەوائیمی محەللات ئەلموقەررە بیلصحە راپۆری رەئیس صحیە کە بە قاقزی موتەصەریف ژمارە (٥٠٧١) و رۆژ ٩٣٦/٥/٢١ و تەعلیمات کە لە خصووص خانەکان و گەراجەکانە و بە قاقزی ریاسەتی صحیە ژمارە (١٠٥١) و رۆژ ٣٦/٦/٢ بۆ ریاسەت هاتوونە و مەربووطن لە پاش ئیطلاع بۆ ئیجابی ئەم خصووصیانە وەکو ژێرەوە قەرارمان تەسطیر کرا.

١. قائیمەیێکی راپۆری مەجرای پیساو: بۆ فەقەرەکانی ٣،٢،١ لە موهەندسی بەلەدیە کەشفنامە طەلەب و حەسەب بە ئیستیطاعەتی میزانیە و تەقدیمی ئەهم بە سەر موهیم و فەقەرە ٤ وەکو قەراری موشتەریکی مەجالیس ئیدارە و بەلەدیە و قەرارمان ژمارە ٢٣٦ لە

٣١ / ٣/ ٩٣٦ مەصرەفی لازم و دیار و بۆ ئیجاب بە مەقامی موتەصەریفی تەقدیم کراوە تەعقیب.

٢. قائیمەی دووەمی راپۆر ئەبدەسخانەکان: بۆ ئەم خصووصە مادام ئەصحابیان موقتەدیرن بە پێی قانوون محەلاتل موقەرە بیلصحە بۆ ئیزالەی ضەرەر موکەلەف کرانیان.

٣. قائیمەی سێیەم راپۆر ئیصلاحی بازار: بۆ ئەمە بە قەرارمان ژمارەو رۆژ سەرەوە مەبلەغی لازم طەلەب کراوە و لە ورودی مەبلەغی مەطلوب بازار تەوەسعی و بەم واسطەیە لە وەقتی تەعمیر و ئینشای دوکانەکان ئەصحابی ئەملاک بە صورەتێکی موناسیب بۆ ئینشاء تەشویق و ئیجبار کرانیان.

٤. قائیمەی چارەمی راپۆر تەسویری عەرەصە: ئەمانە دوو قسمە، قسمێکی عەرەصەیەکە قابیل تەنظیفە و قسمی تری خەرابەیە کە زبڵ لێ فڕەدرانی ئیعتیاد کراوە بینا بە مەقتەضا صحی عمومی بۆ ئیزالەی مەضەررە بە موجەبی قانوون ئەلمحەلات ئەلموقەررە بیلصحە بۆ تەسویریان ئەصحابیان ئیجبار و بۆ تەفریقی ئەم دوو قسمە لە مەلا توفیق ئەفەندی و خەلیل ئەفەندی ئەعضایانی مەجلیس بەلەدیە و موهەندسی بەلەدیە و مومەثیلێکی ئیدارەی صحیە لیواء لجنەیەک تەشکیل و لە سەر قەراری ئەم لجنەیە بە پێویست تەماشا کران.

٥. قائیمەی شەشەمی راپۆر: حەوضەکانی مزگەوتەکان یا بە توتیا سەریان داپۆشران و موتەعەدید مەزمەلەی لێ تێخران یا وەکو ئیقتراحی رەئیس صحیە لە جیاتی حەوض مەخزەنێکی توتیا ئیستعمال و بۆ ئیدیخاری ئاوی مەصروف بیرێکی کافی لێدران بە موجیبی قانون ئەلمحەلات ئەلموقەررە بیلصحە بە موددەی ٢٠رۆژ عیلاقەداران ئینذار و موماشاتی ئیجاب کران.

٦. قائیمەی حەوتەمی راپۆر: ئەنباری حەمامەکان بە پێی ئیقتراحی رەئیس صحیە ئیصلاح کراوە موراقەبە و ئیکمالی نەواقیص کران و حەوض ئاوی حەصارەکان هەدم و لە جیاتی مەخزەنێکی توتیای بە حەنەفیە وەضع بۆ ئاو خواردنی حەیوانات لە ژێرەوەی کوکیلی توتیا یانەخۆ بە مادەیەکی صەمماء وضع و ئیدیخاری ئاو بالووعە لێدران.

٧. قائیمەی پێنجەم و حەفتەم لەراپۆر و تەعلیمات ئیصلاحی خان و گەراجان: حەوض ئاوی ئەم جێگایانە هەدم و بۆ ئاو لە جیاتی حەوض مەخزەنێکی کافی لە توتیا ئیستیعمال و بۆ ئاو دەرهێنان لەم مەخزەنە حەنەفیە قایم کران و لە ژێر حەنەفیە بۆ ئاو خواردنی حەیوانات وە سائیرە کوڵێک لە توتیا یا لە ماددەیەکی صەماء دروستکران.

أ- لە گەراج و خانەکان ئەبدەسخانەیەکی بە دیوار کە ئەرضی موبەللەط و دیوارانی گێچ لێدراوی دروستکران.

ب- لە ناوەراستی ئەم حەوشانە بۆ ئیدیخاری پیساو بالوعەیەکی واسیع تەحضیر کران بۆ تەطبیقی مەوادی (٢،٣،٤) لە تەعلیماتی مەذکور صاحیبی ئەملاک بە پێی قانون ئەلمحەللات ئەلموقەررە بیلصحە بە موددەی ١٥ رۆژ ئینذار و لە عەدەم تەطبیقی لە داخلی موددەی موعەیەن بە پێی قانوونی باسلێکراو لە طەرەفی بەلەدیە پێویستی ئیجرا و مەصرەفی لێیان تەضمین کران.

ت- لە بەر بەجێنەهێنانی شرووط و عەدەم ئیعتینا بە نەظافەت عیندەلئیجاب بۆ قەطعی ئاوی ئەم جێگایانە کە لە ماددەی ٥،٧ دیار کراوە لە لجنەی قەرار ئیستحصاڵ کران.

٨. بە ناوی صحەتی عمومیە بۆ موحافەظەی نەظافەت ئەم خان و گەراجانە ئیستناد بە فەقەرە هـ-١٠ مادە ٤٤ قانوون ئیدارەتولبەلەدیات رەقەم ٨٤ ساڵی ١٩٣١ وەکو ژێرەوە تەعلیمات ئیصدار و بۆ تەطبیقی موستەئجیر بیناء، موکەلەف کران و لەم جێگایانە هەڵاوسان.

أ- کۆمەڵ بوونی زبل لە حەوشی خان و حەصار وگەراجەکان جائیز نییە و رۆژی دووجار زبل فڕەدران و دائیم پاکژ راگران.

ب- تەرتیبی سەرەوە کە لە خصوص تەنظیمی حەوض و ئەبدەسخانە و بالووعە دیار کراوە موحافەظە و بە خیلافی تەبدیل نەکران.

ج- ئەبدەسخانەکان هەموو رۆژ بە مەحلوولی (کریزول) رشان.

٩. ئیتیباعەن بە مادە (٥) لە تەعلیمات مەواد غیذائیە

که له طەرەفی رەئیس صحه تەنظیم کراوە مظەللەکانی قەدیمی له بازاڕ بینا بە کەراهەتی مەنظەرە و مەضەرەتی مەوجوودەتیان بۆ صحەت عمومیه بە موددەی ۳رۆژ له طەرەفی موستەئجیری دوکانەکان بۆ هەڵگیرانیان ئیعلان و له عەدەمی ئیطاعەتیان له طەرەفی بەلەدیه رەفع کران و عیندەلئیجاب بە واسطەیێکی صحی بۆ مظەلله تەرتیب کردن بە موستەئجیرەکان روخصەت دران.

۱۰. به پێی مادده ۱۲٦-أ ق.ع.ب به عیقاب مەعروض بوونی موخالفین له موستەئجیری گەراج و خانەکان کەیفیەت بڵاو کران قەرار درا.

**قەرار ژمارە (٤٣٨) له ١٩٣٦/٦/١٥**

| فلس | |
|---|---|
| ٦٠٠ | قیمەتی ٦عەدەد خراڵ بەتەنظیفاتی محەللەکانی عەرەب و تەعجیل سعر (١٠٠٠) به محەمەد ئۆتراقچی |

به گوێرەی راپۆری مەئموور صحیه رۆژ ٣٦/٦/١٤ و شرووحاتی ئەعضای بەلەدیه و مەئمووری صحیه که له سەری نووسراوە و مەربووطه بۆ درانی (٦٠٠) شەش صەد فلس به محەمەد ئۆتراقچی قیمەتی ٦ خراڵ کە بۆ تەنظیفاتی محەللەکانی عەرەب و تەعجیل کراوە و له مادده ٩ فەصل ٦ صحیه مەحسوب کرانی قەرار درا.

**قەرار ژمارە (٤٤٠) له ١٩٣٦/٦/١٥**

قاقزی ریاسەتی بەلەدیه ژمارە (١١/١٣١٢) و رۆژ ٣٦/٦/١٥ کە خیطاب به مەجلیسمان موطالعه کرا. قائیمەی تەعلیمات که له خصووص بایعەکانی مەواد غیذائیەی وشک و تەڕە له طەرەفی رەئیس صحه نارراوە.

بینا به وەضعیەت و وەصفی شار ئێستا چونکه تەمامەن قابیل تەطبیق نییه، ئەم نەوعە بایعە میقداریان زۆرە ئێستا تەنیا له خاص قەصابان بۆ تەطبیقی به ناوی صحەتی عموومیه ئیستناد به فەقەرە هـ-١٠ له مادە ٤٤ قانون ئیدارەتولبەلەدیات رەقەم ٤٤ ساڵی ١٩٣١ مەوادی ژێرەوە تەسطیر و بۆ ئینفاذی ١٥ رۆژ موددە دیار کرا.

١. دوکانی قەصابان ئەرضی به چیمەنتۆ موبەللەط و یا به کەرپووچ مەغرووس و دیوارانی گێچ لێدراو بۆ لێ نەڕژانی خۆڵ سەقفی خام لێدران.

٢. دەرگە دوکانی قەصابان بۆ مەنع کرانی دخوولی مێش و سائیرە نەسیج مەعدەنی یان شووشە لێدران.

٣. بنچی دوکان به قەدەر ئیمکان به خام سەد کران.

٤. به پێی مادد ١٢٦-أ.ق.ع. ب به عیقاب مەعرووض بوونی موخالفین له قەصابەکان بۆ زانین کەیفیەت بڵاو کران قەرار درا.

**قەرار ژمارە (٤٤١) له ١٩٣٦/٦/١٥**

بۆ دروستکرانی محەلی مەصارین به صاحبی خەریطەی (نەوع-س) کە له وەزارەت داخلیه هاتووە کەشفنامەی موهەندسی بەلەدیه کە به قاقزی ژمارە ١١١ رۆژ ١٩٣٦/٦/١٤ تەقدیم و له طەرەفی ریاسەت بەمەجلیسمان تەودیع کراوە موطالعه و تەدقیق کرا، وەکو موفرەداتی کەشفنامە بۆ مەجمووع موصارەفاتی موخەمەنە کە ٧٩٠ /١٠٣ دینار بۆ حەرق و مەحسووب کرانی له مادده٦ فەصل ٥ هەندەسە موصەددەقە له وەزارەت داخلیه ئیستحصاڵ و بۆ موناقەصە خرانی بینای ئەم مەعمەله شرووط موناقەصە له موهەندس بەلەدیه طەلەب کران مووافیق دیترا و بۆ ئیجاب قەرار درا.

**قەرار ژمارە (٤٤٢) له ١٩٣٦/٦/١٥**

خاریطەی تەخطیطی شارعی خانزاد کە له رۆژ ٣٦/٦/٤ له طەرەفی موهەندیس به مەقاسی ١/٢٠٠ تەنظیم و به قاقزی ژمارە ١٠٨ و ٣٦/٦/١٠تەودیع به مەجلیسمان کراوە تەدقیق کراو وبە گوێرەی تەخطیطی عورض موقەرەری شارعی مەذکوور (١٢) دوانزدە مەترە بوونی مووافیق دیترا و خاریطەی مەذکوور تەصدیق کرا.

**قەرار ژمارە (٤٥٢) له ١٩٣٦/٦/٢٢**

تەقریری موهەندسی بەلەدیه ژمارە (١١٢) و رۆژ ٣٦/٦/١٧ کە کەشفنامەکانی مەجراکانی محەللەی خانەقا و پشت دائیرەی بەلەدیه پێ پێچراوەیە و مەربووطن موطالعه کران. بینا به موحافەظەی صحەتی عموومیه له مەجراکانی مەذکوور بینا و تەسقیف کرانی وچانی مەجرای

پشت بەلەدیە بە قسڵ و مشکی مەخلوط بە گێچ میقداری کە لە کەشفنامەکان دیار کراوە لزووم دیتراوە، لە بەر ئەمە بە صوورەتی موناقەصە بۆ قیام کران بەم مەشروعە ئەوەلەن بۆ تەنظیمی قائیمەی موناقەصە طەلەب کرانی شرووط لە موهەندیس و لە نەتیجەی موناقەصە بە گوێرەی بەدەلی موقەرەر بۆ طەلەب کرانی موصادەقە لە وەزارەت موافیق دیترا و بۆ ئیجاب قەرار درا.

**قەرار ژمارە (٤٥٣) لە ١٩٣٦/٦/٢٢**

تەقریری ئەعظایانی بەلەدیە رۆژ ٣٦/٦/٢١ لە طەرەفی ریاسەت بە مەجلیسمان تەودیع کراوە و مەربووطە موطالەعە کرا. چونکە تەغاری مووسڵ لە ٢٦٠ کیلۆ عیبارەتە و عیاری دێهاتی لیوای ئەربیل بە ئەغلەب موافیق بە تەغاری مووسڵە و ئێستا عیاری مەیدانی شاری ئەربیل لە(٢٨٠) کیلۆ عیبارەتە ئەم فەرقە بۆ ئەهالی و بۆ حکومەت ضەرەر پێدا کردنی مەلحووظە لە بەر ئەمە عیاری مەیدانی شاری ئەربیل وەکو تەغاری مووسل بە ئیعتباری ٢٦٠ کیلۆ عیارکرانی موافیق دیترا و بۆ ئیجاب قەرار درا.

**قەرار ژمارە (٤٧٤) لە ١٩٣٦/٧/٦**

| فلس | دینار | |
|---|---|---|
| ٤٣٩ | ٥٣ | تەسلیفات بۆ رەئیس بەلەدیە سەید موحسین |

بینا بە طەلەبی سەید موحسین رەئیس بەلەدیە بە قاقزی ژمارە ١١٨٢ و رۆژ ٣٦/٥/٣٠ بە موصادەقەی وەزارەت داخلیە بە قاقزی ژمارە ٩٥٥ و رۆژ ٣٦/٦/١٥ کە بە قاقزی موتەصەرفی لیوا ژمارە ٦٥٠٤ و رۆژ ٣٦/٦/٣٠ تەبلیغ کراوە لە بەر چوونی بۆ خارجی عیراق عەلەلئوصوول بۆ درانی ٥٣.٤٣٩ دینار ٣ مانگانەی بە صوورەت سولفە و مەحسووب کرانی لە مادە ١٨فەصل ٢ ئیدارەلعامە قەرار درا.

**قەرار ژمارە (٤٨١) لە ١٩٣٦/٧/٦**

لاحیقە بە قەرارمان ژمارە ٤٥٥ و رۆژ ٣٦/٦/٢٢:

بۆ تەسقیفی مەجراکانی مەحەللەی خانەقا و پشت دائیرەی بەلەدیە بۆ تەنظیمی قائیمەی موناقەصە ئەم شرووطی کە لە طەرەف موهەندس بەلەدیە تەنظیم و بە قاقزی ژمارە ١٢٥ و رۆژ ١٩٣٦/٧/٤ نارراوە و لە طەرەفی ریاسەت بە مەجلیسمان تەودیع کراوە موطالەعە و تەدقیق کرا، بە گوێرەی ئەم شرووطە بۆ تەنظیم کرانی قائیمەی موناقەصە بۆ موناقەصەدانرانی ٢٠ رۆژ موددەت و بەدەلی تەعەهود نیوە پێش نیوە لە پاش ئیکمالی ئیش و درانی راپۆر لە طەرەفی موهەندس بەلەدیە تەئدیە و لە موتەعەهید میقداری لە صەدە دە مەبلەغی نەقدی تەئمینات و یاخود موقابیل بە مەبلەغی موقەرەر کەفیلێکی موعتەبەر وەرگیران و بۆ مەصاریفاتی تەسقیفی ئەم دوو قسم مەجرایە وەکو کەشفی موهەندس حوجەت ٢٨٠.١٥٩ دینار لە ماددەی ١٨ فەصل ٥ هەندەسە موصادەق لە وەزارەت داخلیە طەلەب کران موافیق دیترا و بۆ ئیجاب قەرار درا:

**قەرار ژمارە (٤٨٤) لە ١٩٣٦/٧/٦**

لە خصووص تەزفیتی بەعض جێگا لە شەقامی موظەفەر کەشفی موهەندسی بەلەدیە کە بە ژمارە (١٢٢) و رۆژ ٣٦/٦/٣٠ نارراو لە طەرەفی ریاسەت بە مەجلیسمان تەودیع کراوە موطالەعە و تەدقیق کرا. بە گوێرەی موندەرەجاتی کەشف و بینا بە ئیحتیاج لە پێش مەحەلی کەهرەبا تا جێگای راوەستانی پۆلیس و دیسان لە پێش سەرا تا لای خەستەخانە لە شەقامی موظەفەر و میقداری پەنجا مەترە لە رێگاکانی فەرع کە یەکیان بۆ مەحەللەی نوو و یەکیان بۆ رێی عەنکاوە لە شەقامی موظەفەر جودا ئەبن و مەجموعی عیبارەتە لە (٤٧٩٠) مەترە مورەبەع تەعدیل و تەزفیت کرانیان موافیق دیترا و لە بەر ئەمە بۆ موصارەفاتی ئەم تەزفیتە ئەوەلجار بە پێی کەشف باس لێکراوی موهەندس بۆ تەخصیص و صەرفی ٩٦٨.١٩٨ دینار لە مادە ٤ فەصل ٥ هەندەسە لە وەزارەت داخلیە موصادەقە طەلەب و لە پاش وروودی موصادەقە بەعض لەوازمات بە صوورەتی موناقەصە تەئمین و بۆ نەظارەت کردن بەم ئەمری تەزفیتە لە ئەعضایانی مەجلیس بەلەدیە و موهەندسی بەلەدیە لجنەیەک تەشکیل و بەم صوورەتە بە تەزفیت موباشەرەت قەرار درا.

## قەرار ژمارە (٥٠١) لە ١٩٣٦/٧/٦

| فلس | دینار | | | سعر | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٨٠ | ٢ | بۆری نیو ئینج | قەدەد/ ١٩٠ عەدەد | ١٢.٠٠ | مەصرووفاتی دامەزراندنی بالوعەی ناو و حەنەفیە لە بازاڕ لای محەلی صحیە |
| .٧٤ | . | دەرسەک نیو ئینج | ٢ | ٣٧ | |
| ٣٠٠ | . | وەلفی دوو سەر | ٢ | ١٥٠ | |
| .٥٦ | . | سەمون نیو ئینج | ٤ | ١٤ | |
| .٤٨ | . | چیمەنتۆ کیلۆ | ٦ | ٨ | |
| .٣٢ | . | قوم باز | ٢ | ١٦ | |
| .٣٠ | . | کەرپوچ | ٣٠ | ١ | |
| ٣٥٠ | . | سەندوق و قفل | ١ | | |

راپۆری موراقیب و مەئموور صحیە و کەشفی مەکتەبیەت کە لە طەرەفی ریاسەت بە مەجلیسمان تەودیع کراوە و مەربووطن موطالەعە و تەدقیق کران. وەکو موندەرەجاتی راپۆرەکانی بینا بە لزووم بۆ رشاندنی ناو بازار و لە وقوعی حەریق بۆ ئیستفادە کردن دامەزرانی لە ناو بازار لەلای مەنطقەی سحیە موافیق دیترا و بە گوێرەی کەشفی مەکتەبیەت کە موفرەداتی لە سەردوە نووسراوە و لە سەر راپۆری نیهائی بۆ صەرف و مەحسوب کرانی ١٧٠.٤ دینار لە مادە ٢٦ فەصل ٢ ئیدارەلعامە بۆ ئەم غایەیە قەرار درا.

## قەرار ژمارە (٥٠٣) لە ١٩٣٦/٧/١٦

| فلس | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٧ | حاریس | رەقەم ٧ | تەجزیە |
| ٣٧ | حاریس | رەقەم٨ | |
| ٧٤ | حاریس | | |
| ٧٤ | حاریس | | |

بینا بە تەقریراتی معاونی شورطە و نائیب عەریفی دەوریە رەقەم (١٦) کە لە مودیریەتی شورطە بە ژمارە ١٣٧٩٢ و ١٤١٧٧ و رۆژ ٦و ٣٦/٧/١٢ بەم دائیرەیە نارراوە و لە طەرەفی ریاسەت بە مەجلیسمان تەودیع کراوە رۆژی ٣٦/٧/١٦ حاریسەکان رەقەم ٤........و ١٦........و رەقەم ٨........و رەقەم ٧........ و رەئیس حوراس و نائیب عەریف رەقەم ١٦ لە حزوور مەجلیس بەلەدیە حازر بوون لە نەتیجەی ئیستجواب رەقەم ٨........و رەقەم ٧........ چونکە ئیهمالیان تەحەقوقی کرد هەریەکی بە یەک رۆژانە (٣٧) فلس و رەقەم ٤........ و رەقەم ١٦........ چونکە صەباحچی بووینە و دەوریەی ئەقشامچی کە موکەلەفە بەخەبەر هێنانی صەباحچیەکان و لە طەرەفیانەوە بۆ بە خەبەرهێنان نکالیان تەبەیون کرد لە بەر ئەمە ئەم ئیهمالیە بە ئەقشامچییەکان.....و........ تەوەجوهی کرد و هەر یەکی بە دوو رۆژانە (٧٤) فلس تەجزیە کرانیان موافیق دیترا و بۆ ئیجاب قەرار درا.

## قەرار ژمارە (٥٢٠) لە ١٩٣٦/٧/٢٦

لە بەر تەقەرورکردنی دستکرانی ١٦ عەدەد مەزابل لە محەللات ناوشار بە پێی شرووط قائیمەی موناقەصە هەریەکی بە ١.٢٥ لە سەر طالبی برایم داود بە کەفالەت مەخلووق مکایل و نەبوونی طالب ناخەر و موافیق دیترا ئەم فیئاتە ئیحالەدرانی بە عوهدەی مەرقووم بە مەبلەغی مەذکوور قەرار درا.

## قەرار ژمارە (٥٣٤) لە ١٩٣٦/٧/٢٨

| فلس | دینار | | | سعر |
|---|---|---|---|---|
| ٢٧٤ | . | برنج حۆقە | ٥ $\frac{١}{٢}$ | ٥٠٠٠ |
| ٣٢٠ | . | روون | ٢ | ١٦٠ |
| ٢٧٤ | . | گۆشت | ٥ $\frac{١}{٢}$ | ٥٠ |
| ١٠٠ | . | مریشک عەدەد | | ٢ |
| ٩٦٨ | . | بکوت | بایع یونس بەقال بە گوێرەی وەصلی | |
| ١٠٤ | | بادنجان حۆقە | ٤ | سعر /٢٦.٠ |
| ٥٦ | . | بامیە | ٢ | سعر ٢٨ |
| ٨٧ | . | طەماطە | ٧ $\frac{١}{٢}$ | |
| ٣٢ | . | کودوو | ٤ | |
| ١٦ | . | سیر، پیاز، کەردوز | | |
| ٧٢ | . | شفتی بەطمان | ٢ | |
| ٤٨ | . | گندۆرە | ٢ $\frac{١}{٢}$ | |
| ٤٠ | . | سێو حۆقە | ٢ | |
| ٤٠ | . | گەلاز | ٢ | |
| ٨ | . | تەرۆزی | | |
| ٦٠ | . | ترێ حۆقە | ٣ | |
| ٥٦٣ | . | بکوت | بایع لەطیف ... بە گوێرەی وەصلی | |

| | |
|---|---|
| ٦٢ | ماست مەنجەل ٢ |
| ٧٠ | کشمیش باوی |
| ٦ | خوێ حوقە ½ |
| ١٨ | لەیموون دوزی |
| ٦٠ | مەقروونە و شعریە پاکێت ١ |
| ١٦ | کەبابیە و بیبەر و دارچین |
| ٦٠ | قەیماق |
| ٤٦ | پەنیر |
| ٣٦ | هێلکە |
| ١٠٠ | پسکویت پاکێت ٢ |
| ٣٠ | شیر |
| ٤٦ | نان |
| ٥٥٠ | ٠ بکوت بایع عەبدۆک بەقال بە گوێرەی وەصلی |

| فلس | دینار | |
|---|---|---|
| ١٢٥ | ٠ | شەکری قەند بەطمان ½ |
| ٨٥ | | قاوە و هێل |
| ١٥٠ | | شرووب شووشە ٣ |
| ١٠٨ | | چای دجلە ½ |
| ٤٦٨ | ٠ | |

| فلس | دینار | |
|---|---|---|
| ١٢٠ | ٠ | دار بۆ شیو بار ٢ |
| ٧٦ | | رەژوو طای ٢ |
| ١٩٦ | ٠ | بکوت بایع عوسمان بە گوێرەی وەسلی |

| فلس | دینار | |
|---|---|---|
| ٩٠ | ٠ | موربە قوطی ٢ |
| ٥٠ | | خەردل ١ |
| ٣٥ | | ساز شوشە ١ |
| ١٠ | | خوێ پاکێت ١ |
| ٧٠ | | صابوون بۆندار قالب ٥ |
| ١٤ | | صابوون نەبو هێل ١ |
| ٢٥ | | توتن نەرگیلە |
| ٢٤ | | قفل و ریزە بۆ مەخزەن |
| ٧٤ | | جغارە غازی پاکێت ٦ |
| ٢٨ | | چاپان بۆ سرینی شوشەوات |
| ١٠٠ | | تەعمیری قەرێوڵە |
| ٢٤ | | نەقلی کانتۆر حەمالیە |
| ٢٤ | | نەقلی سودە و بەفر |
| ٥٦٨ | ٠ | بکوت بایع عەلی حەسەن عەتار |

| فلس | دینار | |
|---|---|---|
| ١٣٠ | | ئوجرەتی شوورانی ئەلیسەی وەزیر و پەشتەمال و سائیرە محەمەد.... |
| ٦٠ | | شیر بۆ دۆندرمە |
| ١٥٠ | | لەوازمات بۆ دۆندرمە شەکر و سائیرە |
| ١٥٠ | | ئوجرەتی دروستکرانی دۆندرمە |
| ٣٦٠ | | بکوت بەوەستا ئەحمەد بەگوێرەی وەصلی |
| ٧٢ | | سرود و نامیلت صندوق ٣ بایع صالح بە گوێرەی وەصلی |
| ٣٠٠ | | بەفر طای ٣ بایع شێخ محەممەد بە گوێرەی وەصلی |
| ٥٠٠ | | ئوجرەتی ئاشچی بەطرۆس بۆ دوو رۆژ |
| ٥٠٠ | | ئوجرەتی چایچی عەبدولکەریم بۆ دوو رۆژ |
| ٢٠٠ | | ئوجرەتی یەک رۆژ |
| ٩٣٢ | ١ | موصارەفاتی هاتنی وەزیری یەمەن بۆ ئەربیل و دوو شەو میوانداری |

ئیجمالی قیمەت

| فلس | دینار |
|---|---|
| ٩٦٨ | - |
| ٥٦٣ | - |
| ٥٥٠ | - |
| ٤٦٨ | - |
| ١٩٦ | - |
| ٥٦٨ | - |
| ٣٦٠ | - |
| ٩٣٢ | - |
| ٣٧٥ | ٥ |

بە گوێرەی تەقریرەکانی جابی حیراسە کە وەصلی بایعەکانی پێ پێچراوەیەو مەربووطن وەکو موفرەداتی سەرەوە بۆ درانی (٥.٣٧٥) پێنج دینار و سێ صەد و حەوتا و پێنج فلس بە بایعەکان یونس بەقال و رەفیقانی کە لیستە دیارکراون قیمەتی لەوازمات و ئوجوراتی ئەصناف کە بۆ میوانداری وەزیری یەمەن دوو شەو تەئمین کراوە و لە مادە ٢٦ فەصل ٢ ئیدارەلعامە مەحسوب کرانی قەرار درا.

### قەرار ژمارە (٥٣٥) لە ١٩٣٦/٧/٢٨

| فلس | دینار | | سعر | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٦٠٠ | | تیمەتی بسکویت پاکێت | ١٢ | ..٥٠. | بایع عەلی حەسەن عطار بە گوێرەی وەصلی — مەصرەفی ئیحتیفال لە نادی بە شەرەفی وەزیری یەمەن |
| ٢٠٠ | = | چقولێت قووطی | ١ ١/٢ | ..٢٠. | |
| ١٤٥ | = | جغارەی غازی | ١٢ | | |
| ١٤٠ | = | پسکویت قووطی | ٢ | ٧٠ | |
| ٣٦ | = | جغارە نومەرا، پاکێت | ٦ | ٦ | |
| ٤٠ | = | ئەردان | ٢٠ | ٢٠ | |
| ٩ | | شخاطە | ٦ | | |
| ٢٧٠ | ١ | | | | |
| ٧٥٠ | ٠ | ئوجرەتی قولیخان چایچی نادی و بە دەلاتی چای - شیر - قاوە | | | |
| ٠٢٠ | ٢ | | | | |

بە گوێرەی تەقریری جابی حیراسە کە وەصلی بایعی پێ پێچراوەیە و مەربووطن وەکوو موفرەداتی سەرەوە بۆ درانی (٢،٠٢٠) دوو دینار و بیست فلس بە بایع عەلی حەسەن عەطار و قولیخان قیمەتی لەوازمات و ئوجرەتی خدمەت، کە بە شەرەفی وەزیری یەمەن بۆ ئیجرای ئیحتیفال لە نادی تەئمین کراوە و لە مادە ٢٦ فەصل ٢ ئیدارەلعامە مەحسوب کرانی قەرار درا.

### قەرار ژمارە (٥٤٩) لە ١٩٣٦/٨/٨

لە بەر شددەتی گەرما بۆ مەبذوول بوونی بەفر لە شاری ئەربیل بە پێی مادەی ٤٤ فەقەرە (ح) لە قانوون ئیدارەتولبەلەدیات رەقەم ٨٤ ساڵی ١٩٣١ وەکو ژێرەوە تەسعیر بەفر لە مەجلیس بەلەدیە تەنەمول کرا:

٥. باری بەفر بە (١٥٠) فلس مویایەعە کران و ئەم بارە هەر صایەکی بە (١٠) تەختە تەقسیم و هەر تەختەی بە قیمەتی (١٠) فلس فرۆشران.

٦. ئیعتباردن لە تەئریخی ٣٦/٨/٩ تا ٣٦/٨/١٨ بە موددەی (١٠) رۆژ عەمەل پێکرانی بلاو و لە صاحبی مەتاع و ئەهالی بەفر فرۆشەکان هەر کەس بە زیاتر لەم قیمەتە بەفر فرۆشی تەحەقوق بکا بە پێی مادە ١٢٦-أ ق.ع.ب تووشی عیقاب کرانی موافیق دیترا و بۆ ئیجاب قەرار درا.

### قەرار ژمارە (٥٥٢) لە ١٩٣٦/٦/١٥

لاحیق بە قەرارمان ژمارە ٤٤٢ و رۆژ ٣٦/٦/١٥. عەطفەن بە قاقزی سەعادەت موتەصەرفی لیوا ژمارە ٦٥٩٣ و رۆژ ٣٦/٧/٢ بە قەراری ژمارە و رۆژی سەرەوەمان ئیعادەی نەظەر کرا. بینا بە مولاحەظەی موهەندسی بەلەدیە و ئوتێل و دوکانەکانی عەبدوللا چەلەبی و لە موقابیلیان بەعض عەرەصە و ئەملاک عائید بە ئەهالی بە تەخطیط ئیحساب و مەجرای پیساوی قەلات تەبدیلی ئیجاب ئەکا. جودا لە خەسارەی ئەملاکی بەلەدیە بۆ ئەملاکی ئەهالی موعامەلەی ئیستملاک لازمە کە لە خارجی ئیقتیداری مالی بەلەدیەیە. لە بەر ئەمە عورض موقەرەری شەقامی خانزاد بە گوێرەی ئیمکان بە (١٣) سێزدە مەترە ئیبلاغ کرانی لە طەرەفی موهەندسی بەلەدیە لە خەریطەی مونەظەم ئیشارە و لە طەرەف مەجلیسمان موافیق دیترا و بە گوێرەیە خەریطەی مەذکوور تەصدیق کرا.

### قەرار ژمارە (٥٧٩) لە ١٩٣٦/٨/٢٦

| فلس | دینار | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٦٤٨ | | شەکر بۆ شرووب بەطمان ٣ سعر ٢١٦. | | | لە دائیرەی حکومەت — بایع عەلی حەسەن عطار بە گوێرەی وەصلی |
| ٤٠ | | شەکر بۆ قاوە | | | |
| ١٤٥ | | جغارەی غازی | گلۆز ٢ | | |
| ٥٠ | | جغارەی شمال | عدد ٦ | | |
| ١٠٠ | | قاوە و هێل | | | |
| ١٨ | | شخاطە | دەستە ١ | | |
| ٢٤ | | رەژوو بۆ قاوە | | | |
| ٠٢٥ | ١ | بکون | | | |
| ٠٨٠ | | بەفر | طای ١ | بایع شێخ | |
| ٢٥٠ | | ئوجرەتی شەربەتچی | کەکۆ | محەمەد بەقال | |

بە گوێرەی جابی کە وەصلی بایعەکانی پێ پێچراوەیە و مەربووطن وەکوو موفرەداتی سەرەوە بۆ درانی (١.٣٥٥) یەک دینار و سێ صەد و پەنجا و پێنج فلس بە بایعەکان عەلی حەسەن عەطار و شێخ محەمەد بەقال و شەربەتچی کەکۆ فەتحی لەوازمات کە بە موناسەبەتی تەشریفی وەزیر داخلیە و رەفیقانی بۆ موستەقبلین لە دائیرەی حکوومەت صەرف کراوە و ئوجرەتی شەربەتچی و لە مادە ٢٦ فەصل ٢ ئیدارەلعامە مەحسووب کرانی قەرار درا.

## قەرار ژمارە (٥٨٠) لە ١٩٣٦/٨/٢٦

| فلس | دینار | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٨٠٠ | | بسکویت قووطی ٢٠٠ سعر ٠٤/ | بایع علی حەسەن عەطار بەگوێرەی وەصلی | مەصرەفی ئیحتفال لەنادی |
| ٤٠٠ | | بسکویت قووطی ٢ سعر ٢٠٠/ | | |
| ١٤٥ | | جغارەی غازی گلۆز ٢ | | |
| ٤٠ | | جغارەی کولەفلاک عەدەد | | |
| ١٨ | | شخاطە دەستە ١ | | |
| ٤٠٣ | ١ | | | |
| ٨١٠ | | چوکلێت حۆقە ٩ سعر ٩٠. | بایع علی حەسەن عەطار بەگوێرەی وەصلی | |
| ٣٠٠ | | بسکویت ناوتکە عەدەد ٤ سعر ٠.٧٥ | | |
| ١١٠ | ١ | | | |
| ١٤٦ | | جغارەت نەلئومەرا، گلۆز ١ ئەحمەد عەطار بەگوێرەی وەصلی | | |
| ٥٢٠ | | بە لووری بۆ سەرپۆشی تخووت و کەراسی و مێز | قانە ٤٠ سعر ١٣٠ | بایع شەهاب بەزاز بەگوێرەی وەصلی |
| ١٦٠ | | بەفر ځای ٢ بایع شێخ محەممەد بەقال | | |
| ١٥٠ | . | توجرەتی خەیاط بۆ سەرپۆشەکان | وەستا بەکر خەیاط | |
| | ١ | قیمەتی چای و شیر کە لە نادی بە مەدعووەکان ئیحتیفال دراوە چایچی قولیخان | | |
| ٤٨٩ | ٤ | بکوت مەصرەفی ئیحتیفال لە نادی بە موناسەبەتی تەشریفی فەخامەت وەزیری داخلیە و رەفیقانی. | | |

به گوێرەی تەقریری جابی کە وەصلی بایعەکانی پێ پێچراونە و مەربووطن وەکو موفرەداتی سەرەوە بۆ درانی (٤.٤٨٩) چوار دینار و چوار سەد و هەشتا و نۆ فلس بە بایعەکان عەلی حەسەن عەطار و رەفیقانی بۆ ئیجرای ئیحتیفال لە نادی تەئمین کراوە و لە ماددەی ٢٦ فەصڵ ٢ ئیدارەلعامە مەحسووب کرانی قەرار درا.

## قەرار ژمارە (٥٩٦) لە ١٩٣٦/٨/٢٩

| فلس | |
|---|---|
| ٦١٦ | |
| ٨٠٠ | توجرەتی خەلفە |
| ١٢٠ | توجرەتی عەمەلە قۆجە...کتێ...و مەلا... سعر ٤٠. |

به گوێرەی راپۆرەکانی موراقیب و مەئموور صحیە و شەرحی ریاسەت بەلەدیە کە مەربووطن وەکو موفرەداتی سەرەوە بۆ درانی (٨١٦) هەشت سەد و شانزدە فلس بە بایعی لەوازمات جەبار رەشید و ئوجووراتی خەلفە وەهاب......... و عەمەلە قۆجە.......و رەفیقانی قیمەتی لەوازمات و ئوجورات و عەمەل کردن کە بۆ تەعمیری مەجرای پیساوی ناو بازار نزیک ماکینەی عەلی شاکرجی تەئمین کراوە و لە مادەی ٦ فەصل ٩ ئەلصحە مەحسوب کرانی قەرار درا.

## قەرار ژمارە (٦٠٠) لە ١٩٣٦/٩/١

| فلس | دینار | |
|---|---|---|
| ٩٤٠ | ٤ | ئیجاری ناوی رشاندنی جادە لە ٣٦/٥/١٢ تا ٣٦/٦/٣٠ مانگی ٣دینار ماددە ٢ فەصل ٥ هەندەسە |
| | ١٢ | ئیجاری ناوی رشاندنی (حەدیقەی نادی) مونتەزهولعامە لە ٣٦/٥/١ تا ٣٦/٦/٣٠ ٢مانگ مانگی ٦دینار |
| ٤٥٠ | | ئیجاری ناوی رشاندنی حەدیقەی لای دائیرەی حکومەت لە ٣٦/٥/١ تا ٣٦/٦/٣٠ مانگی ٢٢٥ |
| ٤٥٠ | | ئیجاری ناوی رشاندنی قەلات لە ٣٦/٥/١ تا ٣٦/٦/٣٠ |
| ١٤٠ | ١٧ | بکوت بە سکرتێری لیجنەی ناو عەبدولرەحیم |

به گوێرەی قاقزی رەئیس لیجنەی ئیسالەی ئاوی ئەربیل ژمارە ١١/١٤٣ و رۆژ ٣٦/٦/١٧ وەکو موفرەداتی سەرەوە بۆ درانی ١٧.٨٤٠ حەڤدە دینار و هەشت سەد و چل فلس بە سکرتێری لیجنەی ئیسالەی ناوی ئەربیل عەبدولرەحیم ئیجاری ناو رشاندنی جادە و حەدیقەکان و لە مەوادی ١٤.٢ فەصل ٥ هەندەسە مەحسوب کرانی قەرار درا.

## قەرار ژمارە (٦٠٧) لە ١٩٣٦/٩/٣

| فلس | دینار | |
|---|---|---|
| ٤٤٠ | ١ | قیمەتی ١٢ عەدەد فۆتۆغرافی موکەرەبی وەفدی وەزارەت کە بە ئەربیل تەشریفیان کردبوو بۆ رەوانە کران بە بەغدا بە واسطەی مضام، عەدەد ١٢/ سعری یەکی ١٢٠ |
| ٤٨٠ | | قیمەتی چوار عەدەدی تر بۆ هەڵاوشان لە دائیرەی بەلەدیە |
| ٩٢٠ | ١ | |

بە گوێرەی قاقزی قاقزی مصەورچی حلمی رۆژ ١/٩/٣٦ کە مەربوطە وەکو موفرەداتی سەرەوە بۆ درانی ١.٩٢٠ یەک دینار و نۆ صەد فلس بە مصەورچی حلمی قیمەتی دوانزدە نوسخە فۆتۆغۆزافی موکەرەبی وەفدی وەزارەت کە بە ئەربیل تەشریفیان کردبوو بۆ رەوانە کرانی بۆ بەغدا و قیمەتی چوار قطعەی تر بۆ هەلاوشان لە دائیرەی بەلەدیە مویایەعە کراوە و لە ماددەی ٢٦ فەسل ٢ ئیدارەلعامە مەحسووب کرانی قەرار درا.

## قەرار ژمارە (٦١٠) لە ١٩٣٦/٩/٣

| عنوان الوظیفە | عدد | راتب ف | راتب د | الکلفتیە الشهری ف | الکلفتیە الشهری د |
|---|---|---|---|---|---|
| ملاحظ فنی | ١ | | ١٥ | | ١٥ |
| معاون ملاحظ فنی | ١ | | ١٠ | | ١٠ |

بە گوێرەی ئەمرنامەی وەزارەت جەلیلە داخلیە ژمارە ٢٣٤٠٤ و رۆژ ١٣/٨/٩٣٦ کە لە مەقامی سەعادەت موتەصەرفی لیوا بە ژمارە ٨٥٧٠ و رۆژ ٢٦/٨/٩٣٦ بە دائیرەیە ئیحالە و لە طەرەفی ریاسەت بە مەجلیسمان تەودیع کراوە موطالەعە و تەئەمول کرا. وەکوو نموونەی سەرەوە ئیعتبارەن لە ١/٩/٩٣٦ لە بەلەدیەمان تەثبیت کرانی میلاکی موەظەفی فەنییین کە هەیئەت قەیدیان لێ تەشکیل و عیبارەتە لە ملاحظێکی فەننی و موعاونی و معاشی مولاحیظ ١٥ و معاشی معاون ١٠ دینار بوونی و چونکە ئێستا لە دائیرەمان بە معاشی ١٠ دینار موهەندس مەوجوودە و راتبی داخیلی میلاک و موقەددەمە بۆ ئیکمالی نەواقص رەواتبی هەیئەتی فەننی کە تەشکیلە و تەثبیت کرانی موقتەرەحە ئیعتباردن لە تەئریخی سەرەوە بۆ موناقەلە کرانی ١٠٥ دینار لە مەوجوود صندووق بۆ قسم ٢ فەصل٣ هەندەسە لە میزانیەی بەلەدیەمان ساڵی ٩٣٥-٩٣٦ موافەقەت کرا و بۆ ئەمر بە ئیجرای پێویستی صوورەتێک لەم قەرارە بە مەقام سەعادەت موتەصەرفی تەقدیم کرانی قەرار درا.

## قەرار ژمارە (٦١٢) لە ١٩٣٦/٩/٦

| ئوجرە(فلس) | شەو | سعری شەو | عەددە قەریوڵە |
|---|---|---|---|
| ٣٦٠ | ٦ | ٢٠ | ٢ |

بە گوێرەی راپۆری مەئموور صحیە ژمارە ٥٧٥ رۆژ ٢٢/٨/٣٦ کە وەصلی پێ پێچراوەیە و مەربووطن وەکو موفرەداتی سەرەوە بۆ درانی (٣٦٠) سێ صەد و شێست فلس بە خادمی ئوتێل فەرەح ئوجرە ٣ عەددە قەریوڵە بۆ ٦ شەو، کە بە موناسەبەتی تەشریفی وەزارەت داخلیە و رەفیقانی بۆ قەصر موتەصەرف رەوان کراوە و لە ماددەی ٢٦ فەصل ٢ ئیدارەلعامە مەحسووب کرانی قەرار درا.

## قەرار ژمارە (٦١٥) لە ١٩٣٦/٩/١٠

بە موناسەبەتی تەشریف جەلالەت مەلیکی موعەظەم بۆ لیوای ئەربیل لە رۆژی ٢٣/٩/٣٦ بۆ تەئمینی ئیستراحەت و تەرتیبی جێگا و تەئمینی مەلازیمە لە ئەعضای مەجلیس بەلەدیە سەید تۆفیق و موهەندسی بەلەدیە سەید ئەلیاس و سکرتێری لیجنەی ئاو سەید عەبدولرەحیم لجنەیەک تەشکیل بۆ موصارەفات و تەئخیر نەبوونی موعامەلات لە صندووقی بەلەدیە (١٠٠) سەد دینار بە ناوی سلفە و بە ناوی سەید عەبدولرەحیم ئیذن دەفع قەطع و عیندەللزوم تەدریجیەن مەحسووب ئەم مەبلەغە لە طەرەفی مووما ئیلەیهی سەید عەبدولرەحیم لە صندووق بەلەدیە مەبلەغ و عینە وەرگیران و مەبلەغ وەرگیرا، ئەو لە ماددە ١٨ فەصل ٢ ئیدارەلعامە مەحسووب کرانی مووافیق دیترا و بۆ موعامەلەی پێویستی قەرار درا.

## قەرارە ژمارە (٦٦٩) لە ١٩٣٦/٩/٢٧

ئیجمالی

| فلس | دینار | فلس | دینار | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | ٤٠ | ٢ | قیمەتی فینجان (کووپ) لەگەڵ قەبەق و کەوچکە عەدەد ١٢٠/ سعر ١٧/ | بۆ مووچەی ڕەمەزانی |
| | | ٤٤٤ | ٠ | قیمەتی چکوولیت قوتوی ٤ | |
| | | ٢٠٠ | ٠ | قیمەتی بسکویت قوتوی ١ | |
| | | ١٥٠ | ٠ | قیمەتی بسکویت قوتوی ٢ | |
| | | ٠٣٠ | ٠ | قیمەتی کیک پارچە ٢ | |
| ٨٦٤ | ٢ | ٨٦٤ | ٢ | | |
| ٨٠ | ٠ | ٨٠ | ٠ | صندووق بۆ وەضعی ئەشیا | |
| ٣٠ | ٠ | ٣٠ | ٠ | ئوجرەتی حەمماڵ | |
| | | ١٥٠ | ٠ | ئوجرەتی سەیارە لە ئەربیل تا مووصل | مەسرەفی ئەمەری بۆ مووصل ڕەمەزان |
| | | ٢٥٠ | ٠ | ئوجرەتی سەیارە لە مووصل تا ئەربیل | |
| | | ٥٠ | ٠ | ئوجرەتی نووستن لە ئوتێل بۆ یەک شەو | |
| | | ٥٠ | ٠ | چێشت خواردن | |
| ٥٠٠ | ٠ | ٥٠٠ | ٠ | | |
| | | ٥٦ | ٠ | ئوجرەتی شووشتنی نان خواردن عدد ١٤ | محەمەد... سوراقیبی بەلەدیە |
| | | ٢٠ | ٠ | ئوجرەتی شووشتنی سەرپۆشی مێز عدد ٢ | |
| | | ٥٠ | ٠ | ئوجرەتی ئووتی دەریتان | |
| | | ٢٤ | ٠ | ئوجرەتی خاولی عدد ٨ | |
| ١٥٠ | ٠ | ١٥٠ | ٠ | | |
| ٦٧٤ | ٣ | | | | |
| | | ١٥٠ | ٠ | قیمەتی قەهوە حۆقە ١ | حەسەن حەسەن خەدیو |
| | | ٦٥٠ | ٠ | قیمەتی شرووب قاپ/١٣ سعر ٥٠/ | |
| | | ١٨ | ٠ | قیمەتی شخاطە دەستە ١ | |
| | | ١٤ | ٠ | قیمەتی صابوون باشولیف ١ | |
| | | ١٣٢ | ٠ | قیمەتی شەکر قەند کەللە ٣ | |
| | | ٨ | ٠ | قیمەتی هێل | |
| ٩٧٢ | ٠ | ٩٧٢ | ٠ | | |
| ٢١٠ | ٠ | ٢١٠ | ٠ | پاکێت... ١٨ سەید عەباس | |
| ٦٠ | ٠ | ٦٠ | ٠ | بطر طایة ١ وحل عمل | |
| ٨٦٦ | ٤ | | | | |
| ٥٠ | ٠ | ٥٠ | ٠ | قیمەتی سوودە دەرزەن ١ سائق سوودەچی | |
| ٢٥٠ | ٠ | ٢٥٠ | ٠ | ئوجرەتی خدمەت کردنی گەرمو چاپچی | |
| ١٦٦ | ٥ | | | یەکوت بە موناسەبەت تەشریفی فەخامەت رەئیسولوزەرا | |

بە گوێرەی قاقزەکانی موراقیب بەلەدیە محەممەد حوسێن و کاتبی حیراسە سەید عەبدولقادر کە وصوولاتی بایعەکانی بۆ پێچراوەیە و مەربووطن وەکو موفرەداتی سەرەوە بۆ درانی ٥،١٦٦ پێنج دینار و سەد و شێست و شەش فلس بە محەممەد حوسێن موراقیبی بەلەدیە و رەفیقانی کە دیار کراون قیمەت و ئوجرەت لەوازمات کە موناسەبەتی تەشریف فەخامەت رەئیسولوەزار بۆ موستەقبلین لە دائیرەی حکوومەت و لە حەفلە صەرف کراوە و لە مادە ٧فەصل ٢ ئیدارە لعامە مەحسووب کرانی قەرار درا.

**قەرار ژمارە (٦٧٩) لە ١٩٣٦/٩/٢٩**

| فلس | دینار | |
|---|---|---|
| . | ٨ | قیمەتی ٢٠ سەر بزن لە ڕۆژی ١٨ / ٩/ ١٩٣٦ وەکو ڕاپۆرت و سەنەدی بایع |
| ٦٨٤ | ٦ | قیمەتی ١٢ سەر مەڕ لە ڕۆژی ١٩٣٦/٩/١٩ |
| ٦٨٤ | ١٤ | مەجموع بەدەل |

| فلس | دینار | | | |
|---|---|---|---|---|
| | ٤٩٠ | ٦ | واریداتی ڕۆژی ٣٦/٩/١٨ | |
| | ٠٥٤ | ٦ | واریداتی ڕۆژی ٣٦/٩/١٩ | |
| ٥٤٤ | ١٢ | ٥٤٤ | ١٢ | مەجموعی واریدات |
| ١٤٠ | ٢ | زیان بە کاتب حیراسە سەید قادر و رەفیقانی | | |

ڕاپۆرەکانی موشتەرەکی کاتبی حیراسە سەید قادر و مەئموور صحیە ئەلسەید ئەحمەد و موارقیبان کە سەنەداتی بایعەکانی پێ پێچراوی و مەربووطن موطالەعە و تەدقیق کران لە سەر ئیضرابی قەصابەکان بۆ تەعطیل نەمانی شار بینا بە ضەرورەت بۆ کوژرانەوەی لە ڕۆژانی ١٨و١٩/ ٣٦/٩ (٣٧) سەر بزن و مەڕ مویابەعە کراوە وەکو موفرەداتی سەرەوە بەدەلی بەیع عیبارەتە لە ١٤/٦٨٤ و واریداتیان عیبارەتە لە ٥٤٤،١٢ دینار لە پاش تەنزیل باقی ٢.‏١٤٠ دینار زیان ماوە تەسویە حساب ٢.‏١٤٠ دینار مەبلەغی زیان بە کاتبی حیراسە سەید قادر و رەفیقانی لیجنەی گۆشت فرۆشتنی دران و لە ماددەی ٦ فەصل ٩ ئەلصحە مەحسوب کران قەرار درا.

**قەرار ژمارە (٦٨٨) لە ١٩٣٦/١٠/٥**

تەقریرەکانی موهەندسی بەلەدیە ژمارە ١٦٨و ١٦٩ کە لە طەرەف ریاسەت بە مەجلیسمان تەودیع کراوە و تەدقیق کرا بۆ تەزفیتی شەقامی موظەفەر وەکو طەلەبی موهەندسی بەلەدیە بە قاقزی سەرەوە بە واسطەی مەقام طەلەب کرانی ٢٠ طون قیرسیاد لە شەرکەت ئیستیثمار نەفطل بەریطانی مووصل و بە گوێرەی مەوادی شەرطنامە کە لە کەشفی موهەندسی بەلەدیە ژمارە ١٦٩ ڕۆژ ٣٦/١٠/٤ دیار کراوە بە صوورەتی موناقەصە بۆ مویابەعەی ٣٥٠ مەتر موکەعەب چەقل و ٢٠٠ مەتر موکەعەب قوم لە لم و مەوادی ئەجنەبیە موجەرەد بێ و ٤٠ باردار قائیمەی موناقەصە تەنظیم و موددەتی موناقەصە ئیعتبارەن لە تەئریخ ئیعلان ئەوە هەشت ڕۆژ و ڕۆژی ئیحالە لە ٣٦/١٠/١٢ بوون لە سەعات ١٢ زەوالی پێش نیوەڕۆ و بۆ ئەم خصووصە مولاحەظەی تەئخیر نەبوونی ئیشی موتەعەهید لە صەدی دە تەئمینات نواندن و بە کەفیلێکی موعتەبەر ئیبراز کردنی شاید تەئخیران لە ٢٤ سەعات زیاد بێ موتەعەهید بە تەضمینی ضەرەر موکەلەف کران و مەواد موتەعەهیدە لە وەقتی تەسلیم بە موافقەتی موهەندیس بوونی شەرط کران موافیق دیترا و بۆ ئیجاب قەرار درا.

**قەرار ژمارە (٦٩٤) لە ١٩٣٦/٩/٢٩**

| فلس | |
|---|---|
| ٣٠ | ئوجرەی یەتاغێک بۆ دارولضیافە بە موناسەبەتی تەشریفی موفەتیشی ئیداری بە ئوتێلی فەرەح یوسف. |

بە گوێرەی تەقریری مەئموور صحیە ژمارە (٧٠٦) و ڕۆژ ٣٦ /٩/٢٩ کە مەربوطە وەکو سەرەوە بۆ درانی ٣٠سی فلس بە ئوتێلچی یوسف ئوجرەتی یەتاغێک کە بۆ دارولضیافە لە طەرەفی قادر.... بە ئیجار گیراوە و لە ماددەی ٢٦ فەصل ٢ ئیدارەلعامە مەحسوب کرانی قەرار درا.

**قەرار ژمارە (٧٠٠) لە ١٩٣٦/١٠/٨**

لاحیق بە قەرارمان ٤٤٠ و ڕۆژ ٣٦/٦/١٥ لە سەر قاقزی موتەصەریف لیواء ژمارە ٩٩٣٢ و ڕۆژ

١/١٠/٣٦ عەطفەن بە قاقزی رەئیس صحیەی لیواء ژمارە ١٦٦٠ و رۆژ ٣٦/٩/٢١ کە ئەصلی بۆ مەقام تەقدیم و صوورەتی لە طەرەف ریاسەت بەلەدیە بە مەجلیسمان تەودیع کراوە لە خصووصی وەضعیەتی دوکانانی قەصابان تەعلیماتی رەئیس صحە کە عیبارەتە لە ٦مادە لە ژێرەوە دەرج و پاش تەصدیقی سەعادەت موتەصەریفی لیواء بۆ تەثبیت و ئینفاذی قەرار درا:

مادده ١- ئەرضی قەصابان بە چیمەنتۆ و یا بە گێچ تەبلیط بکرێ.

مادده ٢- سەقفی دوکانانی قەصابان بە خامی سپی داپۆشرێ.

مادده ٣- دیواری دوکانانی قەصابان بە گێچ صواغ و لە وەقتی لزووم تەجدید بکرێ.

مادده ٤- تاخچەی دوکانانی قەصابان پاکژ و بە روونی زەیت چەور و بۆیاغ بکرێ.

مادده ٥- قەصابەکان لازمە ئەم گۆشتەی کە بە فرۆشتن عەرض ئەکەن، بە خامێکی خاوێن و سپی داپۆشن و هەموو رۆژ ئەم خامە بشۆن.

مادده ٦- لازمە هەموو دوکانێکی قەصابان بۆ پیسایی بەرمیلەک مەموجوود بێ و ئەرضی ناو دوکان لە پاش تەواو بوونی ئەشغال بشوورێ.

**قەرار ژمارە (٧٠٨) لە١٢/١٠/١٩٣٦**

خاریتەی تەخطیطی طەریقەکان رەقەم (٢٥،٣) محەللەی عەرەب کە لە رۆژی ٩/١٠/٣٦ لە طەرەف موهەندسی بەلەدیە بە مقیاسی ١/٢٠٠٠ مەترە تەنظیم و بە قاقزی ژمارە ١٧٣ رۆژ ١١/١٠/٣٦ بە مەجلیسمان تەودیع کراوە تەدقیق کرا. بە گوێرەی تەخطیطی عورض موقەرەری طەریقی عام رەقەم ٣(٦) و طەریقی خاص رەقەم ٣(٣) و طەریقی خاص رەقەم ٢٥ (٤) مەترە بوونیان موافیق دیترا و تەخطیطی مەذکوور تەصدیق کرا.

**قەرار ژمارە (٧٢٠) لە١٤/١٠/١٩٣٦**

بینا بە تەواو بوونی مووددەتی موناقەصەی پاکژ کرانی ئەبدەسخانەکانی مزگەوتی شێخ عەبدوللا و نەبوونی طالب تر و موافیق دیترانی ئەم بەدەلە بە مەبلەغی ٢٥٠٠.٥ پێنج دینار و دووسەد و پەنجا فلس بە ناوی قۆجە....... ئینجا لە درانی قەرار درا.

**قەرار ژمارە (٧٣٢) لە ٢١/١٠/١٩٣٦**

| فلس | دینار | |
|---|---|---|
| ٥٠٠ | ١ | بۆ طالیباتی فەقیر مەدرەسەی کچان. بە مودیرەی مەدرەسەی ئیبتیدائیە کچان ئەربیل |

بە گوێرەی قاقزی مودیرەی مەدرەسەی ئیبتدائی کچان لە مەقامی موتەصەرفی بە ژمار ١٦٩٢١ و رۆژ ١٨/١٠/٣٦ بە دائیرە نێرراوە و لە طەرەف ریاسەت بە مەجلیسمان تەودیع کراوە تەئمول کرا.

عەطفەن بە شەرحی سەرنووسی کە لە ژێر قاقزی مەذکوور نووسراوە بە گوێرەی وەصفی ماددەی مەخصووص وەکو لە سەرەوە نووسراوە بۆ درانی ١.٥٠٠ یەک دینار و پێنج صەد فلس بە مودیرەی مەدرەسەی ئیبتدائیەی کچان مانلیدە ئوخریان بۆ صەرف کرانی لە فوقری شاگردانی مەدرەسەی مەذکوور و لە ماددەی ١١ فەصل ٢ ئیدارەلعامە مەحسووب کرانی قەرار درا.

**قەرار ژمارە (٧٣٥) لە ٢٦/١٠/١٩٣٦**

خاریطەی تەخطیطی طەریق رەقەم (٩) محەللەی تەعجیل کە لەرۆژ ١٢/١٠/٣٦ لە طەرەف موهەندسی بەلەدیە بە مقیاس ١/٢٠٠ مەترە تەنظیم و بە قاقزی ژمارە ١٧٤ و رۆژ ١٤/١٠.٣٦ بە مەجلیسمان تەودیع کراوە تەدقیق کرا بە گوێرەی تەخطیط عورز موقەرەری طەریق مروور (٥) پێنج مەترە بوونی موافیق دیتراو تەخطیطی مەذکوور تەصدیق کرا.

**قەرار ژمارە (٧٦٣) لە ٧/١١/١٩٣٦**

بینا بە ئیستیدعای حەسەن کوڕی عەلی دانیشتووی محەللەی تەعجیل سەعدوناوە کە لە مەقام موتەصەرف بە ژمارە ١٩٢٤ و رۆژ ٣/١١/٣٦ بە دائیرەی بەلەدیە ئیحالە کراوە و شرووحاتی مولاحیظ فەننی و لیجنەی تەقدیر کە لە رۆژی ئیستیدعا نووسراوە و مەربووطە لە بەر مووافیق دیترانی تەقدیر لیجنەی فەضلەی طەریق کە لە پێش خانووی موستەدعی رەقەم (٢٠٥/٨) محەللە تەعجیل سەعدوناوە واقیعە و مەساحەی (٨٠٪) مەترە موربەعە بە پێی نیظام طوروق وەلئەبنیە رەقەم ٤٤ساڵی ٩٣٥ ئەم فەضلەی طەریقە بە (١٥٠) سەد و پەنجا فلس

بەدەل میشل بە طالیب مەرقووم حەسەن عەلی فرۆشانی و بۆ موصادەقە ئەم قەرارە بە سەعادەت موتەصەریف لیوا تەقدیم کرانی قەرار درا.

## قەرار ژمارە (٧٧٤) لە ١٩٣٦/١١/١١

| عەدەد | |
|---|---|
| ١ | بطروس ئاشچی و کەریم مەحموود چایچی لوقنطە و چایخانە ١/٩٤٠ ت |
| ١ | کریکۆر واکیم ئاشچی لوقنطە ٦/٣٢ |
| ١ | مونیر مراد و پنحاس کەبابچی ٥/٧٠ |
| ١ | کەکۆ عەبۆ چایچی چایخانەی سەرکیس |
| ١ | مەجید محەمەد چایچی چایخانەی پشت سەرای |
| ١ | فەقێ خضر و عەزیز محەمەد چایخانەی لای سەرای |
| ١ | عومەر چەلەبی چایچی لە محەڵلەی خانەقا چایخانە ٢و٣٤/٤ |
| ١ | صەمەد میکائیل و دەرویش ئەحمەد چایخانە ٩٤/١٣ محەڵلەی یەهوود |
| ١ | داود دانیال و داود صون و صالح یوسف چایخانە ١٣/١٢٩ |
| ١ | صابیر حاجی حەسەن وطەها و جەلال مەحموود چایخانە ٦/١٣ |
| ١ | حەسەن پسام عەلی و مصتەفا حەسەن چایخانە ٨٠/١٣ |
| ١ | بەکر حاجی عەبدوللا و صالح هاروون و داود حەمو چایخانە ٩/٧٥ |

بینا بە موراجەعاتی واقیعەیان ئەم ناوانی کە لە سەرەوە دیار کراون و ئیستیدعایان مەربووطە نسبەت بە ساڵی پێشوو ئەم ناو و ئەصنافی لە سەرەوە نووسراون لە مەواقیعی دیار کراو لە رۆژەکانی رەمەضان زۆر بە مەستووری لۆقنطە و کەبابخانە و چایخانە دانانیان موافیق دیترا و بۆ تەصدیق و ئەمر بە ئیجاب بە سەعادەت موتەصەریفی تەقدیم کران قەرار درا.

## قەرار ژمارە (٧٨٧) لە ١٩٣٦/١١/١٥

| قیمەت فلس | |
|---|---|
| ٣٦ | قەیاق وقیە بەقاڵی |

تا ئێستا بێ عیار قەیاق بە صورەتێکی فاحیش فرۆشانی زانراوە لە بەر ئەمە بۆ مەیدان نەدران بە طەرازووی ئەهالی و فیئەیەک بەقاڵی قەیاغی باش و خاڵی لە هەموو غەش بە ٣٦ سی و شەش فلس بەدەل فرۆشانی موافیق دیترا بۆ بە موجیبی عەمەل و تووشی عیقاب بوونی موخالیفی کەیفیەت بڵاو کران قەرار درا.

## قەرار ژمارە (٧٨٨) لە ١٩٣٦/١١/١٥

صورەت کیتابی وەزارەت داخلیە رەقەم ٥٤٤ و رۆژ ٣٦/١١/٨ کە بە قاقز موتەصەرفی لیواء ژمارە ١٠٣٠٤ رۆژ ١٣/١٢-١٠-٣٦ پاش دەرکناری ماکینیەت لە طەرەفی ریاسەت بە مەجلیسمان تەودیع کراوە موطالەعە و تەئەمول کرا، لە حال حاضر لە بەر کەم بوونی ئاو شارمان بۆ تەشجیر موستەعید نییە بۆ ئیستفادە لە ئاوی بیرەکانی ئیرتوزین لە طەرەف وەزارەت ئیستغال مەکیناتان موقەرەرە لە وەقتی وروودی و نەصبی ماکینەی مەذکوور و بینائەن عەلەیهی لە بەر پەیدا بوونی و سعەت لە خصووصی ئاو بە تەشجیر شار قیام کران مووافیق دیتراو کەیفیەت بەم صوورەتە بە مەقام سەعادەت موتەصەریفی عەرض کران قەرار درا.

## قەرار ژمارە (٧٩٧) لە ١٩٣٦/١١/٣٠

| فلس | دینار | | |
|---|---|---|---|
| ٣٢٠ | ٣ | نوجرەتی عەمەلە بە گوێرەی عەدەد٣ قائیمە لە ٣٦/١١/٢٤ تا ٣٦/١١/٣٠ بە واسطەی ئیبراهیم مەولود و رەفیقانی | مەصرەفی تەصریفی ئاوی سەیل لە محەلەی خانەقا |
| ٨٤٠ | | نوجرەتی عەمەلە بە گوێرەی قائیمە ١ لە ٢٥/٢٤-١١ تا ٢٦/٢٣ بە محەمەد ئەمین سەید ئەحمەد و رەفیقانی قیمەتی تەنەکەی بەطاڵ و دەسکەکانی عەدەد ٣٢ بە گوێرەی سەنەد بە محەمەد ئەحمەد عەتار | |

بە گوێرەی چوار نوسخە قائیمەی نوجرەتی کە بە قاقزی مولاحیظ ژمارە ٢١٥ و رۆژ ٣٦/١٢/١ بە مەجلیسمان تەودیع کراوە مەربووطن وەکو موفرەداتی سەرەوە مەجمووعەن بۆ درانی ٤.٨٠٠ چوار دینار و هەشت صەد فلس بە واسطەی ئیبراهیم مەولود و محەمەد ئەمین سەید ئەحمەد و رەفیقانی و محەمەد ئەحمەد عەطار نوجووراتی عەمەلەکانی کە بۆ تەصریفی ئاوی سەیل محەڵلەی خانەقا نیشیان کردووە و قیمەتی (٣٢) تەنەکەی بەطاڵ و دەسکی لە ماددەی ١ فەصل ٥ هەندەسە مەحسوب کرانی قەرار درا.

**قەراری ژمارە (٨٠٣) لە ١٩٣٦/١٢/٢**

| دینار | |
|---|---|
| ٧ | بۆ ئیجرائی مەجرایەکی ئاو لە بەینی خانوانی پشت سجن بە گوێرەی تەقریری مولاحیظ فەننی ژمارە ٢١٦ ڕۆژ ٣٦/١٢/١ کە مەعطووفە بە دەرکناری ریاسەت بەلەدیە ژمارە ٢٧٩٨ و ڕۆژ ٣٦/١١/٣٠ کە لە ژێر قاقزی موتەصەریف لیواء ژمارە ١١٩٨١ و ڕۆژ ٣٦/١١/٢٦ نووسراوە و مەربووطە عەطفەن بە ئیستیدعای صۆفی کوڕی عەزیز و ڕەفیقانی کە لە مەقامی موتەصەرفیەت بە قاقز سەرەوە بەم دائیرەیە نارراوە بۆ ئیحداثی مەجرایەکی ئاو لە بەینی خانووانی موستەدعی کە لە پشت سجنی واقیعەن موافەقەت کرا و بۆ ئەم غایەیە وەکو سەرەوە (٧) حەوت دینار صەرف دەبێ و بە نەظارەت مەلا محەمەد ئیبراهیم ئەعضای مەجلیس بەلەدیە لە طەرەف مولاحیظ بە ئەشغال قیام و لە صەرفیاتەدا ئەوراقی طەرەفەین تەنظیم و تەصدیق و مەبلەغ مەذکوور دەدفع و لە مادە ١ فەصل ٥ هەندەسە مەحسووب کرانی قەرار درا. |

**قەرار ژمارە (٨١٠) لە ١٩٣٦/١٢/٨**

| فلس | دینار | |
|---|---|---|
| ٨٣٥ | ٦ | ئوجرەتی عومال لە ئەیامی فەیەضان بە گوێرەی قائیمەی کە مەربووطە بە مەولوود کاریزچی و ڕەفیقانی. |

بینا بە ڕاپۆری مەئموور صحیە ژمارە ٨٧٦ و ڕۆژ ٣٦/١٢/٢ کە دەفتەری ئوجوورات عومال بە پێچراوی و بە مەجلیسمان تەودیع کراوە وە مەربووطە بە گوێرەی نوسخەی قائیمەی مەربووطە وەکو سەرەوە بۆ درانی ٦.٨٣٥ شەش دینار و هەشت سەد و سی و پێنج فلس بە مەولوود کاریزچی و ڕەفیقانی ئوجووراتی عومال کە لە ئەیامی فەیەضان ئیشیان کردووە و لە مادە ١ فەصل ٥ هەندەسە مەحسوب کرانی قەرار درا.

**قەرار ژمارە (٨١٥) لە ١٩٣٦/١٢/١٢**

تەقریری سەرنووسی دائیرە ڕۆژ ١٩٣٦/١٢/١٢ موطالەعە کرا لە بەر حلوول کردنی جێژن ڕەمەضان هەروەکوو سالی پێش لە هەر لەلووک و چەرخ و فەلەک دوو صەد و پەنجا و لە چراغ صەد فلس ڕەسم ئەرضیە وەرگیرانی قەرار درا.

**قەرار ژمارە (٨١٦) لە ١٩٣٦/١٢/١٣**

تەقریری ڕەئیس حوراس ڕۆژ ٣٦/١٢/٨ و شەرحی مولاحیظ کە لە ژێرەوە نووسراوە و لە طەرەف ریاسەت بە مەجلیسمان تەودیع کراوە بە گوێرەی موندەرەجاتی شەرحی مولاحیظ چونکە جادە جادە ڕەئیسیەیە لە شەقامی خانزاد چرا هەڵکران موافیق نییە و لە بەر پێویستی بە گوێرەی طەلەبی ڕەئیس حوراس لە طەریق خارجی لە دیواری خانووی سەید بەهادین ئیعتیبارەن لە شەوی ١٤/١٣-١٢-١٩٣٦ وەکو ئوجرە موعەیەنە کە مانگانە ٢٢٥ فلسە گلۆپێکی ئەلکتریک قائیم و مەصرەفی لە مادە ٢ فەصل ٤ تەنویرات مەحسووب کرانی قەرار درا.

**قەرار ژمارە (٨٢٣) لە ١٩٣٦/١٢/٢١**

| فلس | |
|---|---|
| ٧٥٠ | قیمەت چەقل و ئوجووراتی عومال بۆ تەعدیلی جادە رەقەم (١٣) لە محەڵلەی تەعجیل |

ڕاپۆری موراقیب صحیە عەلی کە لە طەرەف مەئموور صحیە ظهەریە کراوە و ڕاپۆری معاون مولاحیظ کە مەربووطە تەدقیق کران لە بەر خەراپ بوونی جادەی ڕەقەم ١٣ لە محەڵلەی تەعجیل بە تەئثیری باران و سەیل تەعدیل کرانی موافیق دیترا و بۆ ئەم غایەیە وەکوو سەرەوە (٧٥٠) حەوت صەد و پەنجا فلس صەرف و لە مادە (١) فەصل ٥ هەندەسە مەحسووب و لە طەرەف مولاحیظ بە عەمەل قیام کران قەرار درا.

**قەرار ژمارە (٨٢٧) لە ١٩٣٦/١٢/٢١**

| فلس | |
|---|---|
| ٤٠٠ | قیمەتی قازمە بۆ مەنطقەی دووەمی صحیە بۆ تەحفیر و تەطهیری مەجاری. |

بینا بە تەقریری موراقیب صحیە عەلی کە لە طەرەف مەئموور صحیە بە ژمارە ٨٨٨ و رۆژ ٣٦/١٢/١٢ ظهەریە کراوە و مەربوطە بۆ تەحفیر و تەطهیری مەجاری لە مەنطقەی دووەم موبایەعە کرانی چوار قازمە موافیق دیترا و لە سەر راپۆری نیهائی مەئموور صحیە و موصادەقەی ئەعضای بەلەدیە مەلا محەمەد ئیبراهیم وەکوو سەرەوە بۆ درانی (٤٠٠) چوار سەد فلس و لە مادە ١ فەصل ٩ الصحە والتنظیفات مەحسووب کرانی قەرار درا.

### قەرار ژمارە (٨٢٨) لە ١٩٣٦/١٢/٢١

| فلس | |
|---|---|
| ١٦٥ | بە عەباس بەقال قیمەتی دارو نەفط کە لە شەوی فەیەضان لە طەرەف عەمەلە ئیستیهلاک کراوە |

بینا بە راپۆری مەئموور صحیە ژمارە ٨٨٧ رۆژ ١٩٣٦/١٢/١١ کە مەربوطە وەکو سەرەوە بۆ درانی (١٦٥) سەد و شەست و پێنج فلس بە عەباس بەقال قیمەتی دار و نەفط کە لە شەوی فەیەضان لە طەرەف محەللەکانی ئیستیهلاک کراوە و لە مادە ٢٦ فەصل ٢ ئیدارەلعامە مەحسووب کران قەرار درا.

### قەرار ژمارە (٨٣٥) لە ١٩٣٦/١٢/٢٦

خاریطەی تەخطیطی طەریق رەقەم (٩) محەللەی تەعجیل کە لە رۆژی ٣٦/١٠/١٢ لە طەرەف موهەندسی بەلەدیە بە مقیاس ١/٢٠٠ مەترە تەنظیم و بە قاقزی ژمارە ١٧٤ و رۆژ ٣٦/١٠/١٤ بە مەجلیسمان تەودیع کراوە تەدقیق کرا بە گوێرەی تەخطیط عورض موقەرەری طەریق مەذکور (٥) پێنج مەترە بوونی موافیق دیترا و تەخطیط مەذکور تەصدیق کرا.

### قەرار ژمارە (٧٣٨) لە ١٩٣٦/١٢/٢١

تەقریر کەشفی موهەندسی بەلەدیە ژمارە ١٧٩ لە رۆژ ٣٦/١٠/٢٥ کە لە طەرەف ریاسەت بە مەجلیسمان تەودیع کرایە تەدقیق کرا بە گوێرەی محتەوەیاتی تەقریر مەذکوور کە لە ٥ مادە عیبارەتە پاکژ کرانی مەجرای عمومی کە پێنج مەجرایە و میقداری پاکژ کرانیان لە کەشفی موهەندیس نووسراوە و کلفەتیان /١٥/ دینار دانراوە بە صوورەتی موناقەصە ئیجرا کرانی قائیمەی تەنظیم و لە قائیمە مەوادی کەشفنامە دەرج و موددەتی موناقەصە ئیعتبارەن لەم رۆژەوە هەشت بوون و رۆژی ٣٦/١١/٢ دوو شەموو سەعات ١٢ زەوالی پاش نیوەڕۆ ئیحالە ئیجرا کران و بەدەلی تەعەهود ثولثی پێشینەن ثولثی لە ئیکمالی نیوەی ئیش یەعنی تەعەهود و ثولثی ئوخرا لە پاش تەواو بوونی هەموو ئیش یەعنی تەعەهود لەو سەر راپۆری موهەندیس بە موتەعەهید تەسویە کران مووافیق دیترا و بۆ ئیجاب قەرار درا.

### قەرار ژمارە (٧٤٢) لە ١٩٣٦/١٠/٢٩

| فلس | |
|---|---|
| ٦٥٠ | قیمەتی ساعە میز بۆ دائیرەی ریاسەت خەلیل ساعەتچی |

بە گوێرەی تەقریری موحاسیب دائیرە رۆژ ٣٦/١٠/٢٨ کە مەربووطە وەکو سەرەوە بۆ درانی ٦٥٠ فلس شەش سەد و پەنجا فلس بە خەلیل ساعەتچی قیمەت سەعاتێکی مێز کە بۆ دائیرەی ریاسەت کڕاوە و لە مادە ١ فەصل ٢ ئیدارەلعامە مەحسووب کرانی قەرار درا.

### قەرار ژمارە (٧٤٩) لە ١٩٣٦/١١/٢

بە گوێرەی ئەوراق تەحقیقیە لە ژێر ژمارە ٢١٤١٩ و رۆژ ٣٦/١٠/٣١ بە دائیرەی بەلەدیە نێرراوە و لە طەرەفی ریاسەت بە مەجلیسمان تەودیع کراوە و مەربووطە موطالەعە کرا بە گوێرەی موندەرەجاتی ئەوراق مەذکوور طفل مەرقووم کە لە محەللە تەعجیل دۆزراوەو لە طەرەف موختار محەللە بۆ ئیرضاع بە فاطیمە....تەسلیم کراوە قەطعیەن صاحیبی بە دەر نەکەوتووە بێ صاحب بوونی تەحقیق کردووە لە بەر ئەمە ئیعتبارەن لە تەئریخی ٣٦/١٠/١٩ وەکو ئەمثالی بۆ مورضیعە مزبورە فاطیمە... مانگی (٣٠٠) سێ صەد فلس مەعاش تەخصیص و ناوی طفلی مەرقووم....تەقدیر کران قەرار درا.

### قەرار ژمارە (٧٥٣) لە ١٩٣٦/١١/٢

ئیستیدعای سەید ئیبراهیم سەید یوسف کە بە ژمارە ١٨٠٤ و رۆژ ٣٦/١٠/١٢ لە مەقامی موتەصەرفی بە

دائیرەی بەلەدیە نێرراوو ئەو لە طەرەف ریاسەت بە مەجلیسمان تەودیع کراوە موطالەعە کرا. بینا بە تەقەرور کردنی فرۆشانی ئەملاکی بەلەدیە بە قەراری ژمارە ٣٤١ و رۆژ ٣٦/٥/٤ و طەلەب واقیعەی موستەدعی بە پێی مادده ٨ قانون بیع وایجار الأملاک العائده للحکومه رقم ٣٤ ساڵی ١٩٣٦ بۆ ئیستحصاڵی موافەقەتی وەزارەت بۆ موبایەعە کرانی حەصار رقم ٤/١٠٠ لە محەڵڵەی عەرەب کە عائد بەلەدیەیە بە گوێرەی موندەرەجاتی فەقەرەکانی ا، ب،ج لە ماددەی ٨ لە قانوون مەذکور مووافیق دیترا و بۆ ئیستحصاڵی موافەقەتی وەزارەت بە ئیجاب و عەدەد مورفەق نوسخەیەک لەم قەرارە بە مەقامی موتەصەرفی لیوا تەقدیم کرانی قەرار درا.

## قەرار ژمارە (٨٤٨) لە ١٩٣٦/١٢/٢٨

| فلس | دینار | | |
|---|---|---|---|
| | ٦ | قیمەتی مشکی کوررە بار ١٥٠٠ سعر / ٤فلس | مەصرەفی تەعمیری جادەی تەنیشت باخچەی مەلا ئەفەندی |
| | ٣ | قیمەتی خۆڵ بار ١٥٠٠ سعر / ٢فلس | |
| | ١١ | بۆ ئوجرە وەستا و عەمەلە | |
| | ٢٠ | | |

بینا بە تەقریری مەئموور صحیە.... ژمارە ٤٩ و رۆژ ٣٦/١٢/٢٢ راپۆری موعاون مولاحیظ رۆژ ٢٢/ق کە مەربووطە و لە سەر ئیجاب بە گوێرەی موفرەداتی سەرەوە تەعمیر کرانی قسمی جادەی تەنیشت باخچەی مەلا ئەفەندی و ئەم تەعمیراتە بە ژێر نەظارەتی ئەعضای مەجلیس بەلەدیە مەلا محەمەد ئیبراهیم لە طەرەف مولاحیظ موباشەرەتەن ئیجرا و مەصاریفاتی واقیعە عەطفەن بە راپۆر مولاحیظ و تەصدیقی ئەعضا مەلا محەمەد ئیبراهیم تەسویە و لە مادە ١ فەصل ٥ هەندەسە مەحسوب کرانی قەرار درا.

## قەرار ژمارە ٧ لە ١٩٣٧/١/٥

| دینار | |
|---|---|
| ١٩ | موناقەلە لە ماددە ٩ انشاء المتنزهات فەصل ٥ هەندەسە بۆ ماددە ١٤ صیانە المتنزهات عەین فەصل. |

بینا بە شەرحی موحاسیب بەلەدیە لەبەر کافی نەبوونی ئیعتیماد صافیە لە ماددە ١٤ صیانە المتنزهات و لەبەر تەقەرور کردنی تەعدیلات و تەبدیلی شکلی باغچەی ساحەی بەردەمی سەرا لەماددەی مەذکوور موناقەلە کرانی (١٩) نۆزدە دینار لە ماددەی ٩ انشاء المتنزهات فصل ٥ هەندەسە بۆ مادە ١٤ صیانە المتنزهات عەین فەصل مووافیق دیتراو بۆ موعامەلەی پێویستی قەرار درا.

## قەرار ژمارە ٨ لە ١٩٣٧/١/٤

| هەپینک عەدەد | | هەپینک عەدەد | |
|---|---|---|---|
| ١ | شێخ طەها عەطار | ١ | موشی یوسف |
| ١ | سلێمان سولتان | ١ | عزرە خلیل |
| ١ | عبدالرحمان | ١ | مناحیم میکائیل |
| ١ | ملا محمد ملا محمدی | ١ | رحیم مرویش |
| ١ | عیسی شاکور | ١ | عمران هاپوید |
| ١ | عیو حسقیل | ١ | یەعقوب ئیسحاق |
| ١ | نیسان | ١ | وعدوع عزرە |
| ١ | یونە | ١ | حسقیل باروخ |
| ١ | سلمان عزرە | ١ | حسقیل شمعون |
| ١ | نەصلار شبیل | ١ | موشی حسقیل |
| | | ١ | رحیم موشی |
| | | ١ | صالح سرابل |
| ١٠ | | ١٢ | |

بینا بە تەقریری مەئموور جبایە رەسمی صەرف ژمارە (١٨) و رۆژ ٣٦/١/٢٦ و شەرحی ئەعضایانی لیجنەی مەخصووصە کە مەربووطە لەبەر زیادبوونی خەپەنگی ئیضافە کە ناویان لەسەرەوە نووسراوە و مەجموعیان ٢٢ شەخص وەکوودیارکراوی خوبەرایان رەسمی مینەیان بە تەحقیق ئیدخال و تەحصیل کران مووافیق دیتراو بۆ ئیجاب قەرار درا.

## قەرار ژمارە ١٧ لە ١٩٣٧/١/١١

| فلس | | | |
|---|---|---|---|
| ٢١٠ | قیمەتی کەرپووچ | جەبار رەشید | مەصرەفی تەعمیری رێگای قەڵات بەلای دائیرەی بەلەدیەدا |
| ٢٨ | قیمەتی خۆڵ | | |
| ١٦٠ | ئوجرە عومال خەلیفە رەشید و رەفیقانی | | |

بینا بە راپۆری مولاحیظ فەننی ژمارە ٤١ و رۆژ ٣٦/١٢/٢٨ و شرووحاتی لێ نووسراوە و قائیمەکانی کە مەربووطە وەکوو سەرەوە بۆ درانی (٣٩٨) سێ صەد و نۆهەدو هەشت فلس بەجەبار رەشید و رەفیقانی قیمەت و ئوجرەت لەوازمات و عومال کە بۆ تەعمیری رێگای قەلات بەلای دائیرەی بەلەدیەدا تەئمین کراوە و لە ماددە ١ فەصل ٥ هەندەسە مەحسووب کرانی قەرار درا.

## قەرار ژمارە ٢٧ لە ١٩٣٧/١/٢١

بەگوێرەی وەرەقەکانی مەربووطە وەکوو موفرەداتی سەرەوە بۆ ناردانی (٤٦١) چوار صەدو شەصت و یەک فلس قیمەتی مجموعە القوانین سالی ٩٣٥ و دلیل الانظمە و ئوجرەت پۆستە بۆ مودیری مەطبەعەی عەصریە بەغداد و لەبەر مەوجوود نەبوونی لە دائیرە ئیعادە کرانەوەی مجموعە القوانین سالی ٩٣٤ و مەبلەغی مەذکوور لە ماددە ٢ فەصل ٢ ادارە العامە مەحسووب کرانی قەرار درا.

## قەرار ژمارە ٢٨ لە ١٩٣٧/١/٢١

تەقریری مولاحیظ فەننی ژمارە ٤ و رۆژ ٣٧/١/٩ کە لە طەرەف ریاسەت بە مەجلیسمان تەودیع کراوە و مەربووطە تەئمول کرا لەبەر مەوسمی زستان و گران بوونی قیمەتی کەرپووچ و مەوجوود نەبوونی گێچ ئینشای قاطع دیواری مەقبەرەی لە قوربی محەلی محەممەد ئەمین چیچو تا پردی سەر بەست لە رێگای کەرکووک ئیستیداد ئەکا و (١١٨) مەترە درێژی بۆ سالی ئاتی تەئجیل کرانی موافیق دیتراو بۆ ئیجاب قەرار درا.

## قەرار ژمارە ٣٠ لە ١٩٣٧/١/٢١

| فلس | |
|---|---|
| ٤٥٠ | مەصرەفی تەسفیری ئەخۆش......... کچی عەلی خێزانی............. بۆ بەغدا. |

پاش ئیطلاع بە ئیستیدعای.......... و موعامەلەی جاریە لەسەر ئەم ئیستیدعای بۆ مەصرەفی رێگای خێزانی نەخۆش........ بۆ بەغدا پێدرانی (٤٥٠) چوار صەد و پەنجا فلس و لە ماددە ١١ فەصل ٢ ادارە العامە مەحسووب کرانی قەرار درا.

## قەرار ژمارە ٣١ لە ١٩٣٧/١/٢١

| فلس | دینار | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٠٠٠ | ٣ | بۆ فوقەرای طوللاب مەدرەسەی مەتەوەسطە | بە مودیر حیکمەت بەکر | بۆ طوللابی فوقەرای مەدرەسەکانی ئەربیل |
| ٠٠٠ | ٣ | بۆ فوقەرای طوللاب مەدرەسەی ئیبتیدائیە ئوولا | بە ئەحمەد ناجی | |
| ٠٠٠ | ٢ | بۆ فوقەرای طوللاب مەدرەسەی ئیبتیدائیە ثانی | عەبدولحەکیم موستەفا | |
| ٠٠٠ | ٢ | بۆ فوقەرای طوللابات | ئەودلیەی کچان | |

بینا بە قاقزی موتەصەرفی لیواء ژمارە ٧٢٤و رۆژ ٣٧/١/١٧ وەکو موفرەداتی سەرەوە بۆ معاوەنەت بە طوللاب فوقەراء (١٠) دە دینار بە مودیرانی مەدرەسە درانی و لە ماددە ١١ فەصل ٢ ئیدارەلعامە مەحسووب کرانی قەرار درا.

## قەرار ژمارە ٣٥ لە ١٩٣٧/١/٢١

| فلس | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٥ | قیمەتی کەرپووچ | جەبار رەشید | مەصرەفی تەعمیری مەجرا لە محەللەی خانەقا |
| ١٢ | قیمەتی قسل | | |
| ٥٠ | قیمەتی مشکی کوورە | | |
| ٥٠ | ئوجرەت عەمەلە صالح خضر | | |
| ١١٢ | | | |

بینا بە راپۆری مولاحیظ فەننی ژمارە ١١ و رۆژ ٣٧/١/١٢ و قائیمەکانی مەصرەف و تەقریری مەئموور ئەلصحیە مەنطیقەی یەکەم کە مەربووطن وەکوو سەرەوە بۆ درانی (١١٢) سەد و دوانزدە فلس بە جەبار رەشید و صالح خضر قیمەتی لەوازمات و ئوجرەت عەمەلە کە بۆ تەعمیر مەجرا لە محەللەی خانەقا تەئمین کراوە و لە ماددە ١٨ فەصل ٢ ادارە العامە مەحسووب کرانی قەرار درا.

## قەرار ژمارە ٣٨ لە ١٩٣٧/١/٢١

| فلس | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٠٠ | قیمەتی خۆل | بار ١٠٠ | سواغی بانی روضە الاطفال کە مولکی بەلەدیەیە. |
| ٣٠٠ | قیمەتی کا بار | ١٠ | |
| ٧٥٠ | ئوجرەت عەمەلە | | |
| ١.٢٥٠ | | | |

عەطفەن بە قاقزی موتەصەرفی لیواء ژمارە ٥٢٥ و رۆژ ٣٧/١/١٣ و بینا بە قاقزی کەشفی مولاحیظ فەننی

ژمارە ٢٦ و رۆژ ٣٧/١/١٦ کە مەربووطە و بەگوێرەی موفرەداتی لە طەرەف مولاحیظ موبایەعەی لەوازمات تەئمین و عەمەلیاتی سواغ ئیجراو لەسەر راپۆری نیهائی تەئدیەکرانی مەبلەغی صەرف کراو کە مەجمووعی موفرەداتی (١.٢٥٠) یەک دینارو دوو سەد و پەنجا فلس دیارکراوە و لە مادە ١١ فەصل ٥ هەندەسە مەحسووب کرانی قەرار درا.

### قەرار ژمارە ٥١ لە ١٩٣٧/٢/١

راپۆری مولاحیظ فەننی ژمارە ٢٨ و رۆژ ٣٧/١/١٦ کە لە طەرەف ریاسەت بە مەجلیسمان تەودیع کراوەو مەربووطە تەئەمول کرا بۆ تەرمیمات شەوارع رەئیسیە لەناو شار بینا بە لزووم بۆ طەڵەب کرانی (٥) طۆن قیرسەیالی لە شەریکەت شحارە نەفط البریکانی مووافەقەت کراو لەسەر قائیمەی شەریکەت مەذکوور ددفع کران بەددل قەرار درا.

### قەرار ژمارە ٥٤ لە ١٩٣٧/٢/١

تەقریری مولاحیظ فەننی ژمارە ٤٢ و رۆژ ١٩٣٧/١/٢٥ کە راپۆری مەئموور صحیە پێ پێچراوەیە و مەربووطە تەئەمول کرا بینا بەلزووم و ضەروورەت تەعمیرکرانی دیواری رێگای قەڵات و پشت بەستەکان مووافیق دیتراو ئەم ئیشە مویاشەرەتەن لە طەرەف مولاحیظ ئیجراو لەسەر راپۆری نیهائی مەصرەفی دیارکراوی سەرەوە لە مادەی ١ فەصل ٥ هەندەسە مەحسووب کرانی قەرار درا.

### قەرار ژمارە ٥٧ لە ١٩٣٧/٢/١

| فلس | دینار | | عەدەد | |
|---|---|---|---|---|
| ٠٠ | ١ | قیمەتی کەرپووچ | ١٠٠٠ | مەصرەفی تەعمیری پرد لە شەقامی خەلەکانی |
| ٣٦٠ | ٠ | قیمەتی قسل عەلبە | ٣ | |
| ٢٠٠ | ٠ | قیمەتی مشکی بار | ٢٠ | |
| ١٠٠ | | قیمەتی خۆڵ و مەترموکەعەب | ٢ | |
| ١٠٠ | ٠ | قیمەتی چەقل مەترموکەعەب | ٢ | |
| ١٠٠ | ١ | ئوجرەت عومال | | |
| ٧٦ | ٢ | | | |

تەقریری کەشف مولاحیظ فەننی ژمارە ٤٣ و رۆژ ٣٧/١/٢٨ کە مەربووطە تەدقیق کرا بینا بە ئیجاب و ضەروورەت تەعمیرکرانی پردی مەذکوور دیترا ئەم ئیشە لە طەرەف مولاحیظ مویاشەرەتەن ئیجرا و لەسەر راپۆری نیهائی مەصرەفی دیارکرانی سەرەوە لە مادە ١ فەصل ٥ هەندەسە صەرف و مەحسوب کرانی قەرار درا.

### قەرار ژمارە ٥٨ لە ١٩٣٧/٢/١

| فلس | | رۆژ | | |
|---|---|---|---|---|
| ٧٠ | ئوجرەتی باگوردان و قالدرمە | ٢ | وەلی عەلی | مەصرەفی باگوردانی کرانی بانی دائیرەی بەلەدیە دائیرە ئیستیهلاک دوکانانی انعالی و رەوضە الاطفال و چایخانە |
| ١٠٥ | قیمەت کاربار ٣ | ٤/١ | جەبار رەشید | |
| ٢٩٤ | ئوجرەت عەمەلە | | صالح خضر و رەفیقانی | |

بینابە قاقز مولاحیظ فەننی ژمارە ٤٥ و رۆژ ٣٧/١/٢٨ کە قائیمەی مەصرەفی پآ پێچراوە و مەربووطە وەکوو سەرەوە و بە گوێرەی موندەرەجاتی بۆ درانی ٤٦٩ چوار سەد و شەصت و نۆ فلس بە وەلی عەلی و جەبار رەشید و عەمەلە صالح خضر و رەفیقانی ئوجرەت باگوردان و قالدرمە و قیمەتی کارو ئوجرەت عەمەلە کە باگوردان کرانی ئەملاکی بەلەدیە دیارکراوی سەرەوە تەئمین کراوە و لە مادە ١١ فەصل ٥ هەندەسە مەحسووب کرانی قەرار درا.

### قەرار ژمارە ٥٩ لە ١٩٣٧/٢/١

| فلس | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٥ | قیمەت کەرپووچ | جەبار رەشید | تەعمیری مەجرای لە جادە صەلاحەدین لە نزیک چایخانەی بەلەدیە |
| ٦ | قیمەت قسل | | |
| ٨ | قیمەت مشکی | | |
| ٦٣ | ئوجرەت عەمەلە صالح خضر و صالح حەمەد | | |

بینا بە تەقریری مولاحیظ فەننی ژمارە ٣٧ و رۆژ ٣٧/١/٢١ کە راپۆری مەئموور صحیە وقائیمەی مەصرەفی پێ پێچراوەیە و مەربووطن وەکوو سەرەوە و بەگوێرەی موندەرەجاتی قائیمەی مەذکوور بۆ درانی ١٢١ صەدو بیست و یەک فلس بە جەبار و عەمەلە صالح و صالح حەمەدان قیمەتی لەوازمات و ئوجووراتی عەمەلە کە بۆ تەعمیری مەجرا لە جادەی صەلاحەدین لە نزیک

چاپخـانەی بەلەدیە تەئمین کـراوەو لە مـادە ١ فـەصل ٥ هەندەسە مەحسووب کرانی قەرار درا.

**قەرار ژمارە ٦٢ لە /١٩٣٧/٢**

| مانگی دینار | |
|---|---|
| ٢ | بۆ رەئیس بەلەدیە سەید موحسین موخەصەصات نەقل مەقطوعە ئیعتیبارەن لە تەئریخ کانوون ئەوەل ٣٦ ئیستینادەن بە ئەمرنامەی وەزارەت داخلیە کە بە قاقزی موتەصەرف لیواء ژمارە ٨٤١٢ و رۆژ ٣٦/٨/٢٣ بە دائیرەمان تەبلیغ کراوە. |

راپۆری مـوحـاسـیبی دائیـرەی بەلەدیە کـە لە طەرەفی ریاسەت بە مـەجلیسـمـان تەودیع کرا و مەربووطە تەئەموول کـرا. عـەطفـەن بە مـوندەرەجـاتی ئەمـرنامـەی سـەرەوە ئیـعـتـیبـارەن لە ١٦ کـانوون ئەوەل ٣٦ هەمـوو مـانگ بۆ تەنەقولات لە داخلی حدوودی بەلەدیە وەکو سەرەوە (٢) دوو دینار موخەصەصات نەقل مەقطوعە بە رەئیس بەلەدیە سـەید مـوحسین دران و لە مـاددە (٢٦) فـەصل ٢ (ادارە العامە) مەحسووب کرانی قەرار درا.

**قەرار ژمارە ٦٥ لە ١٩٣٧/٢/٤**

لاحیقە بە قەرارمان ژمارە ٣٧٣ و رۆژ ٣٦/١٠/٢١

قـاقز مولاحیظ فەننی ژمارە ٤٤ ورۆژ ٣٧/١/٢٧ کە مەربووطە تەذەکور کرا لە خصووص تەعمیـراتی ئەملاکی بەلەدیە موطالەعات مرودەی مولاحیظ تەئییدەن تەعمیرات لازمە لەم ئەملاکە بە وەقتی خۆی تەئجیل کرانی موافیق ئەبینی مەصاریفات تەعمیرات دائیرەی ئیستیهلاک کە لەبەر سووء حالی بە دەرەجەیێک کە تەئخیری لە خەطەر سالم نەبووە بینابە ضەروورەت عەطفەن بە موافەقەتی وەکیل رەئیس بەلەدیە ئیستیناد بە قەراری سەرەوەمان و بە ٩٠٤،٨ دینـار بـالـغ بووە، لەسـەر راپۆر و بووردەی مـولاحیظ مـەصـاریفات مـەذکوورە دەفع و لە مـاددە ١١ فەصل ٥ هەندەسە مەحسووب کرانی قەرار درا.

**قەرار ژمارە ٦٦ لە ١٩٣٧/٢/٤**

لاحیقە بە قەرارمان ژمارە ٧٩٥ ورۆژ ٣٦/١١/٢٨

تەقریری مولاحیظ فەننی ژمارە ٣٩ رۆژ ٣٧/١/٢٣ مەعطووفە بە راپۆرانی مەئمـوور صحیە مەنطیقەی یەکەم ژمـارە ٢٧ و ٤٠ و رۆژ ١٢ و ٣٧/١/١٨ کـە مـەربووطە تەذەکور کران بینا بە ئیحتیاجی محەللات کە لە دەرکناری مولاحیظ دیارکراوە و مەوجوود بوونی ٤٢،١٨ دینار لە مەبلەغی کە بۆ چەقل (٢٥) بۆ ئوجور عەمەل ماوەتەوە بە صوورەت موناقەصە تەئمین کرانی ٣٠٠ مەترە موکەعەبی تر چەقل مـوافـیق دیتـرا و بۆ ئەمـە قـائیمـەی مـوناقـەصـە تەنظیم و موددەتی موناقەصە ئیعتبارەن لە تەئریخ ئیعلان پێنج رۆژ دانران و بۆ ئاگاداری ئەعضای مەجلیس بەلەدیە سەید محەمەد ئیبراهیم و مولاحیظ لە طەرەف موراقەباتی محەللات تەسلیم و بە مەعریفەتی مولاحیظ لە محەللات کـە بێ چەقل مـاددە و ئیـحـتیـاجی هەیە پەرت کـرانی و بەدەلی تەعەهود لە نیوە تەسلیمات جارێک و لە نیهایەتی تەسلیمات جارێک بە دوو قسط تەئدیە و ئیستیناد بە قەراری پێشوومان سەرەوە دەفع و مەحسووبی ئیجراو بۆ تەصدیق نوسخەیەک بە مەقام موتەصەرفی تەقدیم کران قەرار درا.

**قەرار ژمارە ٧١ لە ١٩٣٧/٢/١١**

| فلس | دینار | |
|---|---|---|
| - | ١٠٠ | ئیکرامیە لە ئیبتیدای سالی ٩٢٦ تا نیهایەتی سالی ٩٣٥ سالی ١٠ بە سەید رەفعەت موحاسیبی بەلەدیە پێشوو. |

لاحیقە بە قەرارمان ژمارە ٥٦٤ و رۆژ ٣٦/٨/١٣

بینا بە موعامەلات جاریە لەسەر ئەمرنامەی وەزارەت داخلیـە ژمـارە ٢٢٢٧٩ و رۆژ ٣٧/٨/٦ کـە بە ژمـارە ٨١٣٥ و رۆژ ٣٦/٨/١٥ لە مـەقـامی مـوتەصـەرفی تەبلیغمان کراوە و عەطفەن بە ئەمرنامەی نیهائی وەزارەت موشار ئیلەیها ژمارە ٣٧٣ و رۆژ ٣٧/٢/٣ کە صوورەتی لە ژێر ژمـارە ١٦٥٨ و رۆژ ٣٧/٢/١٠ لە مـەقـامی مـوتەصـەرفی لیـواء بۆمـان نێرراوە و موناقەلەی (١٤٠) دینار لە مەوجوود صندووق بۆ مادە ٢٦ فەصل ٢ تەصدیق فـەرمووراوە وەکـوو سـەرەوە بۆ درانی (١٠٠) سەد دینار ئیکرامیە بەسەید رەفعەت موحاسیبی بەلەدیە پێشوو ئیستینادەن بە قاقزی موتەصەرفی لیواء ژمارە ١٦٨٢ و رۆژ ٣٧/٢/١١ و تەقـریری مـوحـاسـیبی بەلەدیە رۆژ ٣٧/٢/١١ موقابیل خەدەمات ١٠ سالی ئیعتیبارەن لە

ئیبتیدای ساڵی ١٩٢٦ تا نیهایەتی ساڵی ١٩٣٥ و لە مادده ٢٦ فەصل ٢ (اداره العامە) مەحسووب و ئیکرامیەی ساڵەکانی تەواو نەبوونی بە وروودی ئەمر تەئجیل کرانی قەرار درا.

**قەرار ژمارە ٨١ لە ١٩٣٧/٢/١٦**

| فلس | دینار | |
| --- | --- | --- |
| - | ٥٠ | بۆ تەعدیل و تەسویەی باخچە کە لە عەرەصەی پێش شێخ عەبدوللا تەنظیمی موصەکەمە و خەریطەی موصەددەقەن لە وەزارەت هاتووە. |

بینا بە تەقریری مولاحیظ فەننی ژمارە ٧٠ و رۆژ ٣٧/٢/١٥ کە لە طەرەف ریاسەت بە مەجلیسمان ئیحالە کراوە و مەربووطە بە گوێرەی شەرحی موحاسیب بەلەدیە لەبەر موساعید بوونی ئیعتیماد بۆ تەعدیل و تەسویەی عەرەصەی باخچە کە لە پێش شێخ عەبدوللا تەنظیمی موصەکەمە و خەریطەی موصەددەقەن لەوەزارەت هاتووە وەکوو سەرەوە (٥٠) پەنجا دینار تەخصیص و لە مادده ٩ فەصل ٥ هەندەسە صەرف و مەحسووب کرانی قەرار درا.

**قەرار ژمارە ٨٧ لە ١٩٣٧/٣/١**

خەریطەی تەخطیط طەریق رەقەم (٢٨) و طەریق کۆیسنجاق خەلەکانی لە محەللەی خانەقا کەلە رۆژ ٣٦/١٢/٢١ لە طەرەف مولاحیظ فەننی بە مقیاس ١/٢٠٠ مەترە تەرمیم و بەقاقەز ژمارە ٢٤٢ و رۆژ ٣٦/١٢/٢٨ بە مەجلیسمان تەودیع کراوە تەدقیق کرا بە گوێرەی تەخطیط عورض موقەرەری طەریق رەقەم (٢٨) مەترە و طەریق کۆیسنجاق - خەلەکان ١١ مەترە بوونیان موافیق دیترا و تەخطیطی مەذکوور تەصدیق کرا.

**قەرار ژمارە ٩٢ لە ١٩٣٧/٣/١**

تەقریری موحاسیب بەلەدیە رۆژ ٣٧/٢/٢٧ کە لە ژێر لیستەی رسووم و ئەملاکی بەلەدیە نووسراوە و لە طەرەف ریاسەت بە مەجلیسمان تەودیع کراوە موطالەعە کرا بینا بە تەقەروبی ساڵی مالی ٩٣٧ و لە تەواو بوونی موددەتی ئیلتیزام و ئیجار رسووم و ئەملاک مەذکوورە کە نەوعیان لە ژێردوە دیارکراوە غیرار دوکانانی ئەنبار بۆ ساڵی ٩٣٧ ئیعتیبارەن لەیەک مارت ٣٧ بە موزایەدەو تەعەهودی زبل فڕەدان بە موناقەصە خرانیان و رۆژی ٢٠ مارت ٣٧ ساعەت (٨) ئیحالە کرانیان و بۆ ئەم رسووم و ئەملاکە وەکو پێویستە قەوائیم تەنظیم و کەیفیەت بڵاوکرانی موافیق دیترا بۆ ئیجاب قەرار درا.

**قەرار ژمارە ٩٣ لە ١٩٣٧/٣/١**

بینا بە راپۆرانی مەئموور صحیە مەنطیقەی ١ و ٢ ژمارە ١٢٣ و ١٠٨ و رۆژ ٣٧/٢/٢٧ کە مەربووطە بە گوێرەی لیستەیان ٤٧ عەدەد پیستەی قوربانی کۆکراوەتەوە بە مەعریفەتی ئەعضایانی مەجلیس بەلەدیە سەید سەلیم ئیبراهیم و سەید خەلیل بە مەزاد عەلەنی فرۆشانی پیستەکانی موافیق دیترا و پاش تەنزیل مەصرەف بەدەلی بۆ ناررانی بە جەمعیەتی طهیران مەرکەز بەغدا بە فەرعی مەرکەزی لیواء تەسلیم کران قەرار درا.

**قەرار ژمارە ٩٤ لە ١٩٣٧/٣/١**

| فلس | دینار | |
| --- | --- | --- |
| --- | ٢٥ | بۆ تەعدیلی جادەی پێش شێخ عەبدوللا رەقەم ٢٨ |

بینا بە ئیستیدعای مەربووطی دانیشتووی محەللەی خانەقا سەید بەهائەدین و رەفیقانی شرووحاتی لێ نووسراوە لەبەر مەوجوود بوونی ئیعتیماد لە ماددەی مەخصووص وەکو شەرحی مولاحیظ بۆ پرو تەعدیل کرانی جادەی پێش شێخ عەبدوللا رەقەم (٢٨) و تەسلیط ئاو بە جادەی خانزاد ئەنقاض کە لە حەفریاتی جێگای باخچە کە تەعدیل و تەسویەی موقەرەرە موافیق دیترا و بۆ ئەم غایەیە وەکو سەرەوە بۆ تەخصیص و صەرف کرانی (٢٥) بیست و پێنج دینار و لە مادده ١ فەصل ٥ هەندەسە مەحسووب و بو ئیجرای پێویستی قەرار درا.

**قەرار ژمارە ٩٥ لە ١٩٣٧/٣/٢**

قائمقامی سەعادەت موتەصەرف لیواء ژمارە ٢٠٠٥ و رۆژ ٣٧/٢/١٨ موطالعە و ئیجاب موذاکرە کراو لەم شەش ذەوات دیارکراوە خەواجە شابۆ - عەبدولئەحەد سپی -صالح یوسف- موشێ خودکە بۆ عضویەتی مەجلیس ئیدارە ئینتخابیان موافیق دیتران قەرار درا.


**قەرار ژمارە ٩٧ لە ١٩٣٧/٣/٢**

خەریطەی تەخطیط طوروق رەقەم ١٣،١٤،١٥ لە مەحەللەی تەعجیل کە لە ڕۆژی ٣٧/٢/١٦ لە طەرەف مولاحیظ فەننی بە مقیاسی ١/٢٠٠ مەترە تەرسیم و بە قاقزی ژمارە ٧٥ و ڕۆژ ٣٧/٢/٢٨ بە مەجلیسمان تەودیع کراوە تەدقیق کرا. بە گوێرەی تەخطیط عورض موقەرەری طەریق عام رەقەم١٣ (٨) و رەقەم ١٤ (٤) و رەقەم ١٥ (٥) و طەریق خاص رەقەم ١٣ (٤) و دوو طەریق خاص کە لە طەریقی رەقەم ١٤ موتەفەریعە (٣) مەترە بوونیان موافیق دیتراو تەخطیطی مەذکور تەصدیق کرا.

**قەرار ژمارە ١٠٥ لە / /١٩٣٧**

نصادق علی اعتماد هذه المیزانیە

**قەرار ژمارە ١٠٦ لە (١٩٣٧/٣/٨)**



بە گوێرەی ئیضاحاتی سەرەوە بە ئەعضایانی هەیئەت تەفتیشیە سەید محەممەد حەمدی (٧) و سەید عەبدولوەهاب (٦.٥٠٠) لەگەڵ ئوجرە سەیارە و سەید بەهجەت (٧) لەگەڵ ئوجرە وەسائط نەقل و سەید تۆفیق (٥) و سەید محەممەد ئیبراهیم (٣.٥٠٠) دینار ئوجرە کە بۆ ئینتخابات مونتەخەب ثانی ئیشغالیان کردووە (١.٣٤٠) قیمەتی قرطاسیە بە حەسەن حوسنی و (١٥٠) فلس قیمەتی چاپان و ئوجرە خەیاط بە صوفی بەکر و (٦٢) فلس قیمەت صندووق و ئوجرە تەعمیرات بە هاروون تەنەکەچی دران و مەجموع مەصارەفات کە عیبارەتە لە (٣٠.٥٥٢) دینار کە بۆ ئینتخاب نواب صەرف کراوە لە مادده (٨) فەصل ٢ اداره العامە مەحسووب کرانی قەرا درا.

**قەرار ژمارە ١١١ لە ١٩٣٧/٣/٨**

| فلس | دینار | |
|---|---|---|
| ٤٠٢ | ٢٣ | موناقەلە لە مادده ١ فەصل ٢ الاثاث بۆ مادده ٨ عەینی فەصل ئینتیخابات |

بینا بە تەقریری موحاسیبی بەلەدیە ڕۆژ ٣٧/٣/٨ کە مەربووطە لەبەر کافی نەبوونی ئیعتیماد موتەباقی لە مادده ٨ فەصل ٢ ئینتیخابات بۆ تەسویە کرانی ئوجووراتی ئەعضایانی هەیئەتی تەفتیشییەو مەصاریفات سائیرە عائید بە ئینتیخاب وەکو سەرەوە موناقەلە کرانی (٤٠٢.٢٣) بیست و سێ دینارو چوارصەدو دوو فلس لە مادە ١ فەصل ٢ بۆ مادده ٨ عەین فەصل موافیق دیترا بۆ ئیجاب قەرار درا.

**قەرار ژمارە ١١٧ لە ١٩٣٧/٣/٨**

| فلس | |
|---|---|
| ٧٥٠ | بۆ مەصرەفی تەعمیری دیواری ٣ باخچە لە شەقامی موظەفەر |

بینا بە تەقدیری مولاحیظ فەننی ژمارە ٨٢ و ڕۆژ ٣٧/٣/٣ کە بە مەربووطە بۆ تەعمیری دیواری ٣ باخچە لە شەقامی موظەفەر موافەقەت کرابوو ئەم غایەیە وەکو سەرەوە لەسەر قائیمە و ڕاپۆری مولاحیظ بۆ صەرف کرانی (٧٥٢) حەوت سەد و پەنجا و دوو فلس و لەمادە ١٤ فەصڵ ٥ هەندەسە مەحسوب کرانی قەرار درا.

**قەرار ژمارە ١١٩ لە ١٩٣٧/٣/٨**

| فلس | |
|---|---|
| ٨٠ | قیمەت دوو گلۆپ لە مەحەللەی سەعدوناوە لە نزیکی حەصاری شێخ جەمیل ئەفەندی و لە نزیکی خانووی مەحموود عارەب لە جێگای گلۆپانی شکاوو دزراو. |

بە گوێرەی قاقەزی مودیر کەهرەبا ژمارە ٦٢٤/١ و رۆژ ٣٧/٣/٤ کە راپۆرانی مەئموور صحیە مەنطیقەهی ٢ ژمارە ٩٩ و ٩٧ و رۆژ ٣٧/٢/١٣ بەبێ پێچراونەو و مەربووطە وەکوو سەرەوە بۆ درانی (٨٠) فلس بە حاجی خضر موحاسیب کەهرەبا بەر قیمەتی دوو گلۆب کە لە محەللەی سەعدووناوە لە جێگایانی گلۆپی شکاو و دزراو دامەزراوە و لە مادده ٤ فەصل ٦ تەنویرات مەحسووب کرانی قەرار درا.

### قەرار ژمارە ١٢١ لە ١٩٣٧/٣/٨

| فلس | | |
|---|---|---|
| ١٦٠ | جام قطعە کچکە عدد١٦ | تەعمیری مەجزدرە |
| ٧٠ | تێل پەنجەرە ١.٢٠ مەترە | |
| ١٠٠ | ئوجرەتی تەرکیب پەنجەرە و ئیصلاح تەخت | |

راپۆری مەئموور صحیە مەنطیقەهی ١ ژمارە ١٣٠ و رۆژ ٣٧/٢/٢٨ و شەرحی مولاحیظ فەننی کە مەربووطە موطالەعەکرا بینا بە شەرحی تەعمیری مەجزدرە و تەختی مەجزدرە موافیق دیترا و بۆ ئەم غایەیە وەکوو سەرەوە لەسەر قائیمەی و راپۆر مولاحیظ بۆ صەرف کرانی ٣٣٠ سێ صەد و سی فلس و لە مادە ١١ فەصل ٥ هەندەسە مەحسووب کرانی قەرار درا.

### قەرار ژمارە ١٢٢ لە ١٩٣٧/٣/١٠

| فلس | |
|---|---|
| ٥٠٠ | بە مەلا محەمەد و ئەمینە عەلی و جەریە مستەفا لەگەڵ طفلیان موهاجرین فەلەسطین بۆ ئیعاشەیان. |

بینا بە موراجەعەتیان بە دائیرە و عەطفەن بە بەین کردنی فوقر و موهاجریان وەکوو سەرەوە بۆ درانی (٥٠٠) پێنج صەد فلس بە مەلا محەمەد و ئەمینە عەلی و جەریە مصطفا لەگەڵ طفلیان و موهاجرین فەلەسطین بۆ ئیعاشەیان و لە مادده ١١ فەصل ٢ ادارە العامە مەحسووب کرانی قەرار درا.

### قەرار ژمارە ١٢٤ لە ١٩٣٧/٣/٨

| فلس | | |
|---|---|---|
| ١٧٠ | قیمەت مشکی عەلبە ١ | مەصرەفی دیواری جۆگەی خورخوراوە لە خوار دائیرەی بەلەدیە |
| ٨٠ | قیمەت مشکی بار ٨ | |
| ٢٥٠ | ئوجرەتی عەمەلە | |
| ٥٠٠ | | |

تەقریری مەئموور صحیەی یەکەم ژمارە ١٢١ و رۆژ ٣٧/٢/٢٠ و شەرحی مولاحیظ فەننی کە مەربووطە تەئەمول کرا ئیستیناد بە شەرحی مولاحیظ تەعمیری جۆگەی خورخوراوە موافیق دیتراو بۆ ئەم غایەیە لەسەر تەقریری و قائیمەی مولاحیظ وەکوو سەرەوە بۆ درانی (٥٠٠) پێنج سەد فلس صەرف و لەمادده ١٨ فەصل ٥ هەندسە مەحسووب کرانی قەرار درا.

### قەرار ژمارە ١٢٥ لە ١٩٣٧/٣/٨

| فلس | عەدەد | | |
|---|---|---|---|
| ٥٦ | ١ | پاکێت غازی خصووصی | مەصاریف ئینتخاب نواب لە ئیجتماع لە نادی |
| ٠٥ | ٣ | شخاط | |
| ٢٠ | ١ | پاکێت جغارە گۆلد فلاک | |
| ٨١ | | | |

بە گوێرەی تەقریری کاتب و جابی حیراسە کە مەربووطە وەکوو سەرەوە بۆ درانی (٨١) هەشتاو یەک فلس بە عەلی حەسەن خەدیج قیمەتی جغارە و شخاط کە بۆ صەرف کران لە ئیجتماع ئینتیخاب نواب لە نادی کراوە و لە مادده ٨ فەصل ٢ ادارە العامە مەحسووب کرانی قەرار درا.

### قەرار ژمارە (١٢٨) لە ٣٧/٣/٨

| فلس | |
|---|---|
| ٣٠٠ | بۆ رەفعی ئەنقاض لە شەقامی خەڵکان لەوەقتی فەیەضان عائید بە مەجرای هەڵکناوە |

راپۆری موراقیب صحیە کەبەژمارە ١٣٦ و رۆژ ٣٧/٣/١ کە لە طەرەف مەئموور صحیەی دائیرەمان ناررواوە و لە طەرەف مولاحیظ شەرح کراوە و مەربووطە تەئەمول کرا عەطفەن بە شەرحی مولاحیظ بۆ رەفعی

ئەنقاض لە شەقامی خەلەکان کە لە وەقتی فەیەضان دا تەرکی کردووە موافقەت کراو بۆ ئەم غایەیە وەکو سەرەوە لەسەر قائیمەی راپۆرانی مولاحیظ بۆ صەرف کرانی ۳۰۰ سێ صەد فلس و لەمادده ۱ فەصل ٥ هەندەسە مەحسوب کرانی قەرار درا.

**قەرار ژمارە ۱۳۸ لە ۱۹۳۷/۳/۱۷**

| فلس | دینار | | سعر | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ۷۷۷ | - | قیمەتی باروود ۳کیلۆ | ٤٥ | بەگوێرەی راپۆری مەئموور صحیە ژمارە ۱۳۸ رۆژ ۳۷/۳/۱٤ | مەصرەفی ئەنداختی تۆپ لە جەژنی قوربان |
| ۳۰ | - | قیمەتی کیسە عەدەد/٥ | ٦ | | |
| ۲۰۰ | ۰ | ئوجرەت طۆپچی فەتاح وەک سابقی | | | |
| ۷ | ۱ | | | | |

بەگوێرەی راپۆری مەئموور صحیە مەنطیقەی دووەم و تەصدیق موحاسبی کە مەربووطە وەکو سەرەوە بۆ درانی ۱.۰۰۷ یەک دینار و حەوت فلس بە شێخ حوسێن و فەتاح طۆپچی قیمەتی باروود و کیسە و ئوجرەت ئەنداختی طۆپ لە جەژنی قوربان و لە مادده ۷ فەصل ۲ ئیدارەلعامە مەحسوب کرانی قەرار درا.

**قەرار ژمارە ۱۳۰ لە ۱۹۳۷/۳/۸**

لە خصوص سرقەتی دوکان مصطەفا عومەر قوطوچی پاش تەدقیق ئیخبارەی تەحقیقیەی قەضیە کە لە طەرەف دائیرەی شورطە بە ژمارە ۳۲۱ تەنظیم و بە هامش موتەصەرف لیواء ژمارە ۱٤۷۹ و رۆژ ۳۷/۱/۲٥ بە دائیرەی بەلەدیە ناررراوە تەدقیقات و تەحقیقات لازمە و ئیستیجواب رەئیس حوراس و حاریسەکان........
و............. و.............. و................
و............. و.............. ئیجرا کرا موددەعی بۆ تەخصیص.

**قەرار ژمارە(۱٤٦) لە ۱۹۳۷/۳/۱۸**

قاقەز موتەصەرف لیواء ئەربیل ژمارە ۲٦۹٥ و رۆژ ۳۷/۱۳/۱۱ موطالەعە کرا بینابە ئیجاب کردنی کوشتنی سەگان مویایەعەکرانی ۳۰۰ فیشەک و جەلب کرانی لە مەخزەن وەطەنی موافیق دیتراو بۆ موعامەلەی پێویستی قەرار درا.

**قەرار ژمارە ۱٥۲ لە ۱۹۳۷/۳/۲۰**

بینا بە تەقەرورکردنی رەسم ئەرضیەی ئەحطاب و ئەخشاب کە بەدەل سابقی بە ۳۲۰ دینار لەسەر طالبی بە مەبلەغی ۳۱۰ و ئەبوونی چ طالبی دیکەو بە ئیلتزام دران و لە ئەمانەت مانەوەی ئەلئەقص دیترانی ئیحالە دران بەبەدەل ۳۱۰ دینار لەسەر طالبی عەلی ئاغا کوڕی حاجی ئەحمەد ئاغا بە کەفالەتی قادر ئاغا کوڕی حاجی ئەحمەد ئاغا قەرار درا.

**قەرار ژمارە ۱٦۹ لە ۱۹۳۷/۳/۲۷**

| فلس | دینار | |
|---|---|---|
| ۱۰۰ | ۲ | ئوجرەت تەلەفۆن لەمانگی کانوونی ثانی تا نهایەتی مارت ۹۳۷ |
| ۸۹۰ | ۱ | ئوجرەت قصە کرانی لەگەڵ مەواقیع بەعیدە |

بەگوێرەی قائیمەی مولاحیظ شوعبەی معاملات البرق والتلفون ژمارە ٦٦۰٦ و ۳۷/۳/۱۱ بوون و مەحسووب کرانی ۳ سێ دینار و نۆ صەد و نۆ فلس بە مەئموور دائیرە بەرق و بەریدی ئەربیل لە ماددەی ۳ فەصل ۲ ادارە العامە مەحسووب کرانی قەرار درا.

**قەرار ژمارە ۲۲۳ لە ۱۹۳۷/۳/۳۱**

لەبەر تەقەرورکردنی ئەم دوکانە رەقەم ۱۳/۸٦ ئیجاری ساڵانەی بەدوو دینار و دوو صەد و پەنجا فلس لەسەر طالیبی رەشید زوبێر و ئەبوونی طالیب ئاخەر ئیحالە درانی قەرار درا.

**قەرار ژمارە ۲۲٤ لە ۱۹۳۷/۳/۳۱**

لەبەر تەقەرورکردنی دوکانی رەقەم ٦/۱٤ ئیجاری ساڵانەی بە چوار دینار و دوو صەد فلس لەسەر طالیب ئەحمەد حەمەد مصتەفا و ئەبوونی چ طالیب ئاخەر ئیحالە بە عەهدەی مەرقوم قەرار درا.

**قەرار ژمارە ۲۲٥ لە ۱۹۳۷/۳/۳۱**

لەبەر تەقەرورکردنی ئەم دوکانە رەقەم ۱۲۳/۱۱ ئیجاری ساڵانەی بە دوو دینار و حەوت صەد فلس لەسەر طالیب عزەدین رەزاق و ئەبوونی طالیب ئاخەر ئیحالەی بە عەهدەی مەرقووم قەرار درا.

**قەرار ژمارە ٢٢٦ لە ١٩٣٧/٣/٣١**

لەبەر تەقەرورکردنی ئەم دوکانی رەقەم ١٤/٦ ئیجاری ساڵانەی بە ٣ سێ دینار لەسەر طالیب عەبدولعەزیز جوبرائیل و نەبوونی چ طالیب ئاخەر ئیحالەی بە عەهدەی مەرقووم قەرار درا.

**قەرار ژمارە ٢٢٩ لە ١٩٣٧/٣/٣١**

| فلس | دینار | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠ | ١ | [illegible] | [illegible] | |
| ٩٠٠ | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] |
| [illegible] | [illegible] | [illegible] | ١٠٠٠ | |
| | | [illegible] | | [illegible] |
| [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] |
| [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] | |
| | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] |

بە گوێرەی قاقزی رەئیس لجنەی ئیسالەی ئاو ئەربیل ژمارە ١/٤٦ و رۆژ ٣٧/٢/٧ کە مەربووطە وەکو موفرەداتی سەرەوە جەمعەن بۆ درانی (١٥٠،٢١) بیست و یەک دینار و صەدو پەنجا فلس بە سکرتێری لجنەی ئیسالەی ئاو ئەربیل سەید عەبدولرەحیم ئوجووراتی ئاوی جێگایانی دیارکراو و لە مەواد و فصوولی لە جەزایاندا نووسراودو مەحسووب کرانی قەرار درا.

**قەرار ژمارە ٢٣٤ لە ٤/٤/ ١٩٣٧**

| فلس | دینار | |
|---|---|---|
| ... | ٥٠ | موصادەقەی پێشوو |
| ٢٤٧ | ١٩ | لە ظەرفی ساڵی مالی رابردوو صەرف |

موصادەقەی صەرفی بۆ تەعدیل و تەسویەی باخچەی موصەممەم لە عەرەصەی پێش شێخ عەبدوڵا

تەقریری مولاحیظ فەننی ژمارە (١٠٦) و رۆژ ١٩٣٧/٤/٤ کە وەرەقەی کەشفی ئەوودل پێ پێچراوەیە و لە طەرەف ریاسەت بە مەجلیسمان تەودیع کراود تەئەمول کرا بۆ تەعدیل و تەسویەی باخچەی کە لە عەرەصەی پێش شێخ عەبدوڵلا تەنظیمی موصەممەمە صەرف (٥٠) دینار بە قەرارمان ٨١ و رۆژ ١٩٣٧ /٢/١٦ ئیقتران و بە قاقز موتەصەرف لیواء ژمارە ٣٢٥٠ و رۆژ ١٩٣٧/٣/٢٩ تەصدیق کراوە لە ظەرفی ساڵی مالی رابردە بۆ غایەی مەذکوور ١٩،٢٤٧ دینار صەرف کراوە بینا بە دخوولی ساڵی مالی حالی مەبلەغی موتەباقی کە ٣٠،٧٥٣ دینار بۆ صەرفی ئیمکان نەماوە لەبەر ئەمە بۆ ئیکمال تەعدیل و تەسویەی مەوقیعی باخچەی مەذکوور بەپێی تەقدیری باسلێکراوی مولاحیظ فەننی بۆ تەحقیقی و صەرفکرانی مەبلەغ (٣٠،٧٥٣) دینار لە مادده ٦ فەصل ٣ ئەعمال عمرانیە لە میزانیەی ساڵ حاضر مەحسوب کرانی قەراردرا.

**قەرار ژمارە ٢٣٧ لە ١٩٣٧/٤/٥**

لاحیقە بە قەرارمان ژمارە ١٦٥ ورۆژ ٣٧/٣/٢٧

پاش تەصدیق ئیمعان نەظەر کە بە خەریطەی مەذکوور کراوە لە قسمی تەخطیطی شەقامی موظەفەر لەلای مەدرەسەی متەوەسطە وا بە گوێرەی ئیستقامەت دیواری موستەشفا ئەمیر غازی چونکە لە ئیستقامەت بەناوەدا تەصادوف کردووە و ئەمەش بۆ تەخطیط نەقیصەیە لەبەر ئەمە هەم بە ئیستیقامەت مەذکوور و هەم بە ئیستقامەت خانزاد لە قسمی ئیهائی کە ئەخیرەن تەخطیط کراوە بۆ ئیعادەی نەظەرو ئیستحصالی رەئی مولاحیظ فەننی تازەش خەریطەی مەذکوور بە مولاحیظ فەننی ئیعادە کرانی قەرار درا.

**قەرار ژمارە (٢٣٩) لە ١٩٣٧/٤/١١**

| فلس | دینار | |
|---|---|---|
| - | ٨ | بۆ تەئمینی مەصاریف و ئیستراحەتی سەفەریەی شاهزادە السید احمد توحید |

لەبەر تەشریف هێنانی شاهزادە السید احمد توحید بۆ ئەربیل و عەوودەت فەرموونی بە بەیرووت بۆ تەئمین مەصاریفات و ئیستراحەتی سەفەریەی وەکوو سەرەوە نووسراوە بۆ درانی هەشت دینار و لەمادده ٨ فەصل ٢ مەحسووب و بۆ تەصدیق بە مەقام موتەصەرف لیواء تەقدیم کران قەرار درا.

**قەرار ژمارە (٢٤٦) لە ١٩٣٧/٤/٢٦**

لاحیقە بە قەرارمان ژمارە ٢٣٧ و رۆژ ٣٧/٤/٥ عەطفەن بە قەرار سەردوەمان لە طەرەف مولاحیظ پاش

ئیـعـادەی نەظەر بە خـەریطەی تەخطیط لە شـەقـامی شـارعـاتی مـوظەفەر و خانزاد تەعدیلات لازمە ئیـجراو دووبارە بە مـەجلیـسـمان تەودیع لە مـەجلیـسـمان تەدقـیق کراوە کو لە خەریطە ئیشارەکراوە عورض موقەرەری شارع مـوظەفەر ئیـعـتبـارەن لە خـەط فـاصلی دائیـرەی بەریدو مـەدرەسەی مـتـەوەسطە تا سـەر پردی دەرەی شێخ عـورض موقەرەری شارع خانزاد ١٤ مەترە بوونیان مووافـیق دیترا و بوونیشی قەرار درا.

## قەرار ژمارە ٢٥٤ لە ١٩٣٧/٤/٢٨

| فلس | |
|---|---|
| ١٠٠ | بەسائیح یۆنانی پاوڵ دلماکس |

بینا بە موراجەعەتی بە دائیرە وەکوو سەرەوە بۆ درانی (١٠٠) صەد فلس بە سائیحی یۆنانی پاول دلماکس و لە مادده (٢) فەصل ٨ المخصصات والخدمات مەحسووب کرانی قەرار درا.

## قەرار ژمارە ٢٥٦ لە ١٩٣٧/٤/٢٨

لاحیقە بە قەرارمان ژمارە ٢٥٢ و رۆژ ٣٧/٤/١٨

بینا بە تەواو بوونی مـوودە مـوزایەدە و نەبوونی هیـچ طالب بۆ زیادکـردن و لەم سـاڵە لەبەر قللەت بوونی باران مـەحـصـوولات بوسـتـان دێم و ئەمـشـالی و حـەسـەب بە وەضـعیـەتی ئیـقـتـصـادیەی حاضیـرە بینائەن عەلەیهی و ئەنفەعتر دیترانی لە دائیرەی ئەمانەت ئیلتزامی ئەرضیەی وەزن کە بە دەلی سابقی ٢١١ دینار بە بەدەل ١٧٥ دینار بە ناوی مـولتەزیم قـادر حاجی ئەحـمەد ئاغا و کەفـیلی و مولتەزیم سەید نادر عەبدولقادر ئیحالەی ئەودلیەی درانی قەرار درا.

## قەرار ژمارە ٢٥٨ لە ١٩٣٧/٤/٢٨

لاحیقە بە قەرارمان ژمارە ٢٥٢و رۆژ ٣٧/٤/١٨

بینا بە تەواو بوونی موددە موزایەدە و نەبوونی طالب بۆ زیاد کـردن و لەم ساڵە لەبەر قللەت بوونی باران نەفەقـات بوونی مـەحصـولات وەکـو بوسـتـان دێم و ئەمـشـالی بینائەن عـەلەیهی و ئەنفـەعـتـر دیتـرانی ئیلتـزامی لە دائیـرەی ئەمانەت ئیلتیزامی رەسمی دەلالیەی موخەضضەرات کە بەدەلی سـابقی ٢٠٠،٢٠٤ بە بەدەلی ١٦٥ بە ناوی مولتەزیم قادر حاجی ئەحمەد ئاغا و کەفیل مولتەزیم سەید نادر عەبدولقادر ئیحالەکرانی قەرار درا.

## قەرار ژمارە ٢٦١ لە ١٩٣٧/٤/٢٥

| فلس | دینار | |
|---|---|---|
| - | ٦٥ | بۆ رەصیف و تەبیلطی جێگای مەفرەقی شەوارع صەلاحەدین و خانزاد - و موظەفەر |

تەقـریری مـولاحـیظ فـەننی ژمـارە ١٥٤ و رۆژ ٣٧/٤/٢٨ کە کەشفی ئەووەلی رەصیف و تەبلیطی دەورە جێگای مـەفـرەقی شـەوارع صـەلاحـەدین و خـانزاد - و موظەفەر پێ پێچراوەیە تەئەمول کرا بینا بە لزووم بۆ قیام مەشروع مەذکوور مووافەقەت کراو بۆ ئەمە کەرەستەی لازم بە مـوناقـەصـە تەئمین و بەنەظارەتی ئەعـضـایان مەجلیس بەلەدیە سـەید توفـیق و خـەلیل بە مـەعـریفـەتی مـولاحـیظ ئیجراو بۆ ئەم غایەیە وەکوو سەرەوە ٦٥ دینار تەخصیص و لەسـەر قائیـمەی تەنظیم لە طەرەف مولاحیظ و موصەددەق لە طەرەف لجنەی صـەرف دەفع و لە مـادده ١ فـەصل ٣ ئەعمال عیمرانیە مەحسووب کرانی قەرار درا.

## قەرار ژمارە ٢٦٢ لە ١٩٣٧/٤/٢٩

| فلس | دینار | |
|---|---|---|
| - | ٢٠٢ | بۆ رەصیف و تەبیلطی قسمێک لە طەریق عەنکاوە و موقابیلی لەگەل ساحە |

تەقـریری مـولاحـیظ فـەننی ژمـارە ١٥٣ و رۆژ ٣٧/٤/٢٨ کـە کـەشـفی ئەووەلی رەصـیف و تەبیلطی قـسـمێک لە طەریق عـەنکاوە و موقـابیلی لەگەڵ ساحەی مەفرەقی طوروق تەئەمول کرا. بینا بە لزووم بۆ قـیام کران بە مەشرووع مەذکوور مووافەقەت کراو بۆ ئەمە کەرەستەی لازم بە صـوورەت مـوناقـەصـە تەئمین و بە نەظارەتی ئەعضایانی مەجلیس بەلەدیە سەید توفیق و سەید خەلیل بە مەعریفەتی مولاحیظ فەننی ئیجراو بۆ ئەم غایەیە وەکوو سەرەوە ٢٠٢ دینار تەخصیص و لەسەر قائیمەی مونەظەم لە طەرەف مولاحیظ و موصەددەق لە طەرەف لجنەی صەرف دەفع و لەمادده ١ فـەصل ٣ ئەلئـەعـمـال عـیـمـرانیـە مەحسووب کرانی قەرار درا.

### قەرار ژمارە ٢٦٣ لە ١٩٣٧/٤/١٩

| فلس | |
|---|---|
| ١٥٠ | ئوجرە سەیاحێکی ئەجنەبی بۆ کەرکووک. بە ساحێب گەراج خەلیل بەگوێرەی بوصلەی مەربووطە |

بەگوێرەی بوصلەی مەربووطە و شەرحی صاحیبی گەراج وەکوو سەرەوە بۆ درانی (١٥٠) صەد و پەنجا فلس بە صاحب گەراج خەلیل ئوجرەت تەسفیری سەیاحێکی ئەجنەبی تا کەرکووک و لە ماددە ٨ فەصل ٢ الخدمات والمخصصات مەحسووب کرانی قەرار درا.

### قەرار ژمارە (٢٧٢) لە ١٩٣٧/٥/٣

| [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] |
|---|---|---|---|---|
| [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] |
| [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] |
| [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] |
| [illegible] | [illegible] | [illegible] | | [illegible] |
| [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] |

١- بۆ هەر کیلۆمەترەیەک وەکو ئیشارەت سەرەوە ئوجرەت ئەدرێ.

٢- بۆ جێگای نەفەرێک بە گوێرەی نەوعی سەیارە - یەعنی مەخصووص بە رکووبی چەند نەفەر - بەم گوێرەیە بە ئیعتیباری سعری دیارکراو ئوجرەت ئەدرێ.

٣- مەوسم هاوین لە ئیبتیدای مایس تا ١٥ تشرین ثانی، و مەوسم زستان لە ١٦ تشرین ثانی تا نهایەتی نیسان.

٤- لە لیواء ئەربیل (گەلی عەلی بەگ - مێرگەسۆر - و خەلیفان - زێبار - و ئەربیل - کۆیسنجاق بەرێگای چیا عەد ئەکرێ.

٥- سەیارەی خصووصی لە مەرکەزێک بە - ١٥ - دەقیقە ئینتیظار مەجبوورە ئەگەر لە -١٥- دەقیقە زیاتر ئینتیظار ئیجاب بکا بۆ هەر ٣٠ دەقیقە ئینتیظار ٢٥ فلس ئوجرەت ئەدرێ ئەم ئینتیظارە بە داخل و ئەطراف شار - داخل قەصەبە - مەعەسکەر - قەصری موتەصەرف - باداوە عائیدە.

٦- بە سەیارەی خصوصی بۆ ئینتیظاری هەر رۆژێک ٤٥٠ فلس ئوجرەت ئینتیظار ئەدرێ بە گوێرەی مەودای سەرەوە بۆ ساڵی ١٩٣٧ ساڵی جەدوەلی ئەسعارەی سەیارە تەنظیم و پێویست و تەصدیقی قەرار درا.

### قەرار ژمارە ٢٧٥ لە ١٩٣٧/٥/٥

| فلس | دینار | |
|---|---|---|
| ٥٠٠ | ٢٢ | بۆ تەعدیل و تەسویەی باخچەی موصەممەم لە عەرصەی پێش شێخ عەبدوللا |

لاحیقە بە قەرارمان ژمارە ٢٣٤ و رۆژ ٣٧/٤/٤ تەقریری مولاحیظ فەننی ژمارە ١٥٧ و رۆژ ٣٧/٥/٢ کە کەشف ئەووەلی پێچراوەیە تەئەمول کرا. بینا بە کثرەت حوفەر لە ساحە و کیفایەت نەکردنی مەبلەغ موخەصصەص کە (٥٠٠) دینار بوو وەلزووم ئیکمالی تەعدیل و تەسویەی باخچەی موصەممەم لە عەرصەی پێش شێخ عەبدوللا وەکوو سەرەوە (٢٢،٥٠٠) دینار تەخصیص و لە قائیمەی مونەظظەم و موصەددەق لە طەرەف لجنەی صەرف دەفع و لەماددەی ٦ فەصل ٣ ئەعمال عیمرانیە مەحسووب کرانی قەرار درا.

### قەرار ژمارە ٢٧٨ لە ١٩٣٧/٥/٨

| المال | |
|---|---|
| ٣٨٠،١٧٨ | ئیرجاع ئەمانەت ئەمین صندووق لجنەی مەنکووبین سەید خەلیل بە گوێرەی مەقبووضەکان ژمارە.......... |

بینا بە راپۆری موحاسیب رۆژ ٣٧/٥/٨ بۆ ئیسترجاع کرانی ٣٨٠،١٧٨ دینار ئەمانەتی لجنەی مەنکووبین فەیەضان کە لە یەومیەیە بە نەوازع موختەلیفە ئەمانەت قەیدکراوە بە ئەمین صندووق لجنەی مەنکووبین سەید خلیل ئیعادە کرانی ٣٨٠،١٧٨ دینار موافیق دیتراو مەحسووب کرانی لە ماددەی ٩ فەصل ٢ المخصصات والخدمات قەرار درا.

### قەرار ژمارە ٢٨٣ لە ١٩٣٧/٥/١١

| فلس | دینار | |
|---|---|---|
| ٥٠٠ | ١ | بەدەلی موناقەصەی یەک مێز کیتابەت بۆ شوعبەی هەندەسە بەقۆجەنەجار |

بینا بە تەقریری مولاحیظ فەننی ژمارە ١٦٣ رۆژ ٣٧/٥/٦ کە سەنەدی قۆجە نەجار پێ پێچراوەیەو مەربووطە وەکو سەرەوە بۆ درانی (١.٥٠٠) یەک دینار و پێنج صەد فلس بە قۆجەنەجار قیمەتی تەعەهودی یەک مێز کیتابەت بۆ شوعبەی هەندەسە و لەمادده ٢ فەصل ٢ المخصصات والخدمات مەحسووب کرانی قەرار درا.

### قەرار ژمارە ٢٩١ لە ١٩٣٧/٥/١١

ئیمتیثالەن بە ئەمر ئیداری موتەصەرف لیواء ژمارە ٤٦٧٢ و رۆژ ٣٧/٥/١٠ بۆ تەثمینی قیمەتی مقدار ٢.٩٧ مەتر لە دوکانی حاجی ئەحمەد ئاغا رەقەم ١/٧ تەسەلسول ٣٦٧ لەبازار کە لە طەرەف بەلەدیە بە مولاحەظەی نەفعی عام ئیستیملاکی موقەرەرە بۆ ئیشتراک بە لجنە کە لە ژێر ریاسەتی مودیر طاپۆی لیواء تەشکیل کراوە لە طەرەف مەجلیسمان میعمار وەستا فەتاح و سەید بەهجەت عەبدوللا بە خەبیر تەنسیب کرانیان مووافیق دیتراو بۆ ئیجاب قەرار درا.

### قەرار ژمارە ٢٩٣ لە ١٩٣٧/٥/١١

| فلس | دینار | |
|---|---|---|
| - | ٢٠ | بۆ تەرمیمی جادانی خانزاد و موظەفەر و رێگای قەلات |

عەطفەن بە تەقریری مولاحیظ فەننی ژمارە ١٦٤ و رۆژ ٣٧/٥/١٠ کە مەربووطە بینا بە لزووم بۆ تەرمیمی جادانی خانزاد و موظەفەر و رێگای قەلات مووافەقەت کراو ئەم تەعمیرات و تەرمیماتە بە مەعریفەت مولاحیظ ولەسەر قائیمەی مولاحیظ مەصاریفاتی دەفع وە بۆ ئەم غایەیە وەکوو سەرەوە (٢٠) بیست دینار تەخصیص و لەمادده ١ فەصل ٣ ئەعمال عمرانیە مەحسووب کرانی قەرار درا.

### قەرار ژمارە ٢٩٦ لە ١٩٣٧/٥/١١

تەقریری کاتب تەحریری دائیرە کە مەربووطە تەئەمول کرا. عەطفەن بە موطالەعەی مووما ئیلەیهی بۆ هەلکەندنی بالووعەی پیساو لە مالان ئەحکامی قەراری مەجلیس بەلەدیە ژمارە ١٨٨ و رۆژ ٣٦/٣/٢٢ تەطبیق و موجیبی فەقەرەی ٧ قاقزی ریاسەت صحە بۆ حەفرو ئیحضار کرانی بالووعە لە هەموو مال و حەصار و خان و گەراجی ناو شار کە ئەم نەوعە مەخزەنەی تێدا نیە بە گوێرەی وەصفی بینا ئیستیناد بە مادده ٢ (قانون المحلات المضرە بالصحە) رەقەم ١١ سالی ١٩٣٦ ئەصحاب عیلاقە موکەلەف کران و ئیعتیبارەن لە تەئریخی تەبلیغی ئینذار بە موددەی (١٠) رۆژ ئەصحاب عیلاقە لە عەدەم قییام و ئیمتیثال بە پێی مادە ٣ قانوون باسلێکراو لە طەرەف بەلەدیە بالووعەی لازم حەفرو ئینشاء و مەصرەفی لە عیلاقەداری تەضمین کران قەرار درا.

### قەرار ژمارە ٢٩٧ لە ١٩٣٧/٥/١١

تەقریرات مولاحیظ فەننی ژمارە ١٢٦ و ١٦٣ و رۆژ ٤/١١ و ٣٧/٥/٨ تەئەمول کران. بینا بە لزووم بۆ دامەزرانی قەوالب کۆنکریت لە رۆخ شەوارع عەطفەن بە موطالەبات مولاحیظ بە صوورەت موناقەصە بۆ موبایەعە کرانی ٦٠ عەدەد قالب دار مووافەقەت کرا. بۆ ئەمە بە گوێرەی تەصریفی مولاحیظ قائیمەی موناقەصە تەنظیم و موددە موناقەصە ئیعتیباردن لە تەئریخی ئیعلان پێنج رۆژ دیار و بەدەل موناقەصە پاش تەعلیمات لەسەر تەقریری مولاحیظ دەفعەتەن تەسویەو لە مادده ١ فەصل ٣ ئەعمال عمرانیە مەحسووب کرانی قەرار درا.

### قەرار ژمارە ٣١١ لە ١٩٣٧/٥/١٧

بە پێی قاقزی وەزارەت داخلیە کە لە مەقامی موتەصەرفی لیواء بە ژمارە ٢٥١٧ و رۆژ ٣٧/٣/٨ بە دائیرەی بەلەدیە تەبلیغ کراوە چونکە زەرائیب گامێش بە مووجەب قاقزی مودیریەتی صحە العام ژمارە ٢٠٤٢٤ و رۆژ ٣٦/٩/٤ بە محەللات (مضرە بالصحە العامە) ئیعتیبار کراوە ئیستینادن بە فەقەرە ١ لە مادده ٢ قانون (محلات مضرە بالصحە) رەقەم ١١ و سالی ٩٣٦ بەپێی بەیانی ریاسەتی صحیەی لیواء بە قاقزی ژمارە ٣٨٨ و

رۆژ ٣٧/٥/١١ و تەنیید موتەصەریف لیواء قاقز ژمارە ٤٨٦٦ و رۆژ ٣٧/٥/١٦ ئەم زدرائیب گامیش کە لە شار ئەربیل مەوجوودە لە جهەتی شەرق شیمالی شار لە مەسافەی یەک کیلۆمەترە لە حدوود بەلەدیە دوور خرانیان موافیق دیترا و بۆ ئیجاب قەرار درا.

### قەرار ژمارە ٣١٣ لە ١٩٣٧/٥/١٧

تەقریری مولاحیظ فەننی ژمارە (١٧٠) و رۆژ ٣٧/٥/١٥ کە مەربووطە تەئمول کرا ئیستینادەن بە قانون تبلیط الشوارع لە مویاشەرەت کران بە تەبیلط کلفەی هەر مەترە مورەبەعێک تەبیلط بە ١٥٠ فلس تەقدیر و بینا بە موافیق دیترانی ئەم تەقدیرە بۆ ئیدخال کران بە تەحەقوق لە مولاحیظ فەننی لیستەی موکەللەفین طەڵەب و بە پێی ئەحکام قانوون مەخصووص بۆ تەحصیل کرانی روبع مقدار کلفە لە ئەصحاب ئەملاک کە لە لیستەی مولاحیظ موندەریجە و ئەووەڵجار بۆ دەفع نوصف روبع لە کلفەی موقەدەر بە ئەصحاب ئەملاک مەذکوور تەبلیغات کرا و نوصف ئاخەر لە نەتیجەی تەبیلط بە گوێرەی حەقیقەت تەحصیل کرانی و بۆ ئیجاب قەرار درا.

### قەرار ژمارە (٣١٨) لە ١٩٣٧/٥/٢٠

بینا بە تەواو بوونی مووددە موناقەصە ونەبوونی طالیب لەمە زیاتر بۆ تەنقیص و موافیق دیترانی ئەم بەدەلە وەکوو سەرەوە بە ئیعتباری تەئمیناتی تەعەهودی هەر طونێک چیمەنتۆ موافیق بە شەرائیط بە بەدەلی ٥٠٠،٤ دینار دیترا بەناوی موتەعەهید یونس ئەمین ئیحالەی ئەوەلیەی درانی موافیق دیترا و بۆ ئیجاب قەرار درا.

### قەرار ژمارە (٣١٩) لە ١٩٣٧/٥/٢٠

بینا بە تەواوبوونی مووددە موناقەصەو نەبوونی طالب لەمە زیاتر بۆ تەنقیص و موافیق دیترانی ئەم بەدەلە وەکوو سەرەوە بە ئیعتباری تەئمیناتی موتەعەهید بۆ هەزار عەدەد کەرپووچ موافیق بە شەرائیط بە بەدەلی ٨٠٠ فلس بەناوی موتەعەهید یادیگار بەکر ئیحالەی ئەوەلیەی درانی موافیق دیترا و بۆ ئیجاب قەرار درا.

### قەرار ژمارە (٣٢٥) لە ١٩٣٧/٥/٢٤

بینا بە قاقزی موتەصەرف لیواء ژمارە ٥٠٦٢ و رۆژ ٣٧/٥/٢٠ بۆ تەقدیر قیمەت بۆ عەرەصەی کە بۆ دائیرەی زراعیە ئیستیملاکی تەقدیر کردووە بۆ ئیلحاق کردن بە لجنە کە لە ژێر ریاسەتی مودیر طاپۆ تەشکیل کراوە ولە طەرەف مەجلیسمان سەید بەهجەت عەبدوڵلا و عەبدولرەزاق ئاغا خورشید ئاغا بە ئەهل خیبرە تەنسیب کرانیان قەرار درا.

### قەرار ژمارە (٣٢٨) لە ١٩٣٧/٥/٢٦

| فلس | دینار | |
|---|---|---|
| ١٤٠ | ١ | بەدەلی ٣٨ مەترە موکەعەب چەقل بۆ محەڵلات بە پێی تەعەهود سعری مەترە موکەعەب |
| ٣٠ | | بە گوێرەی تەقریری مولاحیظ فەننی ژمارە ١٧٧ ورۆژ ٣٧/٥/١٧ |

عەطفەن بە تەقریری مولاحیظ فەننی ژمارە و رۆژی سەرەوە کە موستەنیدە بە راپۆری مەئموور قسم وەکوو سەرەوە بۆ درانی ١٤٠،١ یەک دینار و سەدو چل فلس بە موتەعەهید جەبار رەشید بەدەلی ٣٨ مەترە موکەعەب چەقل کە بۆ محەڵلات عەرەب و تەعجیل یەهوود و قەلعە تەسلیم کراوە و لە مادە ١ فەصل ٣ ئەعمال عمرانیە مەحسووب کرانی قەرار درا.

### قەرار ژمارە (٣٣٠) لە ١٩٣٧/٥/٢٦

| فلس | |
|---|---|
| ٤٤٠ | ئوجرەت ئیعلان بە جەریدە بۆ مودیری جەریدەی بەلاغ. بەپێی قاقزی رۆژ ٣٧/٥/٢٠ کە مەربووطە |
| ١٢ | ئوجرەت حەوالەی پۆستە |
| ٤٥٢ | |

بە گوێرەی قاقزی مودیر جەریدەی بەلاغ رۆژ ٣٧/٥/٢٠ کە مەربووطە وەکوو سەرەوە بۆ ناردرانی (٤٤٠) فلس بۆ مودیری جەریدەی بەلاغ لە مووصل ئوجرەت ئیعلان موناقەصەی تەقییری شەوارع و ١٢ فلس ئوجرەت پۆستە مەجموعەن (٤٥٢) چوار صەدو پەنجا و دوو فلس صەرف و لە ماددە ١ فەصل ٣ ئەعمال عمرانیە مەحسووب کرانی قەرار درا.

### قەرار ژمارە (٣٣٢) لە ١٩٣٧/٥/٢٦

| فلس | |
|---|---|
| ٣٠٠ | قیمەت پێنج تەنەکە نەوط رسن و تەعقیمی موستەنقەع لە گلکەند و لە قوزتی ڕێگای گوێڕ بە قاقز و قائیمەی براوی وەکیل قومپانیەی نەفط ئەربیل. |

بەپێی قاقزی وکەلای قومپانیە ژمارە ٣٩ وروژ ٣٧/٥/١٥ کە قائیمەی پێ پێچراوەیە لە گەڵ وەصلی مەئموور قسم و مەربووطە وەکوو سەرەوە بۆ درانی (٣٠٠) فلس بە وکەلای مووما ئیلەیهیم هاشم دەباغ و عەبدولرەحمان قیمەتی پێنج تەنەکە نەوط رسن کە بۆ تەعقیمی موستەنقەع و گلکەند و ڕێگای گوێڕ موبایەعە کراوە و لە مادەدە ٨ فەصل ٣ ئەعمال عمرانیە مەحسووب کرانی قەرار درا.

### قەرار ژمارە (٣٤٠) لە ١٩٣٧/٥/٢٦

ئیجمال رەسم حیراسیەی ساڵی ١٩٣٧ بە ئیعتبار مانگانە

| فلس | دینار | |
|---|---|---|
| ١٠٣ | ٤ | محەلە سەرا |
| ٣٢٨ | ٣ | محەلە تەکیە |
| ٧٩ | ٩ | محەلە طوپخانە |
| ٣٦١ | ١ | محەلە طعیروە |
| ١٣٦ | ١٤ | محەلە بەرام |
| ٩٩٨ | ٤ | محەلە تەعجیل |
| ٨٦٤ | ١١ | محەلە عەرەب |
| ٩٣٧ | ٤ | محەلە تەعجیل پچووک |
| ٩٧٢ | ٤ | محەلە خانەقا |
| ٨٧٥ | ٥٤ | |

میزان

| فلس | دینار | |
|---|---|---|
| ٤٠٠ | ٦٥٨ | ساڵی ٩٣٧ |
| ١٠٨ | ٦٥٤ | ساڵی ٩٣٦ |
| ٣٩٢ | ٤ | زیادە |

بە گوێرەی لیستەی کە لە طەرەف لیجنەی مەخصووص پاش تەحەققوق مقدار رەسم تەنظیم و موصەددەقەن بە مەجلیسمان تەودیع کراوە تەدقیق کرا وەکوو موفرەداتی سەرەوە وەکو میزان رەسم حیراسیەی مانگانەی شاری ئەربیل (٨٧٥.٥٤) دینار و بە ئیعتبار ساڵانە وەکوو میزان بە (٦٥٨.٠٠٥٠٠)دینار بالغ و (٣٩٢.٤) دینار لە سابقی زیاتر بوونی موافیق دیتراوەو بەم صوورەتە بە تەحەققوق ئیدخال و بە تەحصیل موباشەرەت کرانی و بۆ ئیجاب لیستەی مەذکوور لەگەڵ نوسخەیەک قەرار بە موحاسیب تەودیع کران قەرار درا.

### قەرار ژمارە (٣٤٥) لە ١٩٣٧/٥/٣١

خەریطەی تەخطیط ساحەی موستەدیرە لە مولتەقای شارع موظەفەر- و خانزاد - و صەلاحەدین کە لە طەرەف مولاحیظ فەننی ژمارە ١٨٨ وروژ ٣٧/٥/٢٩ بە مەجلیسمان تەودیع کراوە تەدقیق کراوە بە گوێرەی تەخطیط قوطری ساحەی موستەدیرەی باسلێکراو (٢٨) مەترە بوونی موافیق دیترا و بۆ تەثبیت و عەمەل بە مووجیبی قەرار درا.

### قەرار ژمارە (٣٤٦) لە ١٩٣٧/٥/٣١

خەریطەی تەخطیط شارع صەلاحەدین کە عەطفەن بە قاقز موتەصەرف لیواء ژمارە ٢٩٣٨ وروژ ٣٧/٥/١٨ لە طەرەف مولاحیظ فەننی تەنظیم وبە قاقز ژمارە ١٨٨ وروژ ٣٧/٥/٢٩ بە مەجلیسمان تەودیع کراوە تەدقیق کرا. بە گوێرەی تەخطیط عورض موقەرەری طەریقی مەذکوور (١٨) مەترە بوونی مووافیق دیترا و خەریطەی تەخطیط شارع مەذکوور رەقەم ٣٦ کە بە قەرارمان ژمارە ٨٩ وروژ ٣٤/٢/١٩ بە ئیعتیبار ١٧ مەترە تەصدیق کراوە ئیلغاکرانی قەرار درا.

### قەرار ژمارە ٣٤٧ لە ١٩٣٧/٥/٣١

لاحیقە بە قەرامان ژمارە (٢٥١) و روژ ٣٧/١/٢٧ عەطفەن بە قاقز موتەصەرفی لیواء ژمارە ٤٩٧٨ و روژ ٣٧/٥/١٨ بە جیهەتی تەخطیط و عورض موقەرەری شاریعەین صەلاحەدین و خانزاد ئیعادەی نەظەر کرا، عورض موقەرەری شارع صەلاحەدین (١٨) مەترە و شارع خانزاد (١٥) مەترە بوونی و بینا بە ئیضاحی مولاحیظ فەننی بە قاقز ژمارە ١٨٨ و روژی ٣٧/٥/٢٩ لەبەر زیاد

بوونی کەسرە لەم تەخطیطە بۆ شارع مەذکوور ئیستیقامەتی تەخطیطی شارع صەلاحەدین کە قەرارمان ژمارە ٣٤٦ و رۆژ ٣٧/٥/٣١ تەصدیق موعەیەن بوونی قەرار درا.

### قەرار ژمارە ٣٤٨ لە ١٩٣٧/٥/٣١

| بە هاوین | | بە زستان | | |
|---|---|---|---|---|
| ف | د | ف | د | |
| ٦٠٠ | ١ | ٠٠ | ٢ | ئوجرەتی رۆژانەی سەیارە لۆری ٢ طەن بایی |

بە پێی ئیضاحی قاقزی موتەصەرف لیواء ژمارە ٥٣٧٨ ورۆژ ٣٧/٥/٣٠ رۆژانەی سەیارەی لۆری دوو طەن بایی وەکوو سەرەوە لە مەوسمی زستان (٢) و لە مەوسمی هاوین (١،٦٠٠) دینار بوونی مووافیق دیترا و بۆ ئیجاب قەرار درا.

### قەرار ژمارە ٣٥٠ لە ١٩٣٧/٦/١

تەقریری مولاحیظ فەننی ژمارە ١٩٠ و رۆژ ٣٧/٦/١ تەئەمول کرا. بینا بە تەشریفی وەزیری خاریجیەی تورکیا بۆ ئەربیل و لەبەر تەواو نەبوونی پردی سەر بەست و ئیجاب کردنی رابورانی موشار ئیلەیهی لە مەحەللەی (سەعدوون ئاوە) رەقەم ٨ و بە تەعدیل و تەرمیمی طەریق مەذکوور قیام کران لە طەرەف دائیرەی ئەشغال و نەبوونی موتەعەهیدی نەقلی قیر لە دائیرەی ئەشغال و واقع بوونی طەریق مەذکوور لە حدوودی بەلەدیە و نافیع بوونی تەبلیطی بۆ ئیقتیصادی بەلەدیە بۆ جەلب کرانی دە طون قیر لە طەرەف دائیرەی ئەشغال و دەفع کرانی ئوجرەتی نەقلی کە بۆ هەر طۆنێک بۆ هەر کیلۆمەترەیەک (١٠) دە فلسە لە حدوود بەلەدیە مووافەقەت کرا و لە ماددەی ١ فەصل ٢ ئەعمال عمرانیە مەحسووب کرانی بۆ ئیجاب قەرار درا.

### قەرار ژمارە ٣٥٢ لە ١٩٣٧/٦/٣

مەضبەطەی دانیشتووی مەحەللەی تەکیە کە مەربووطە تەئەمول کرا عەطفەن بە مووافیق دیترانی لە طەرەف خەلقی مەحەللەی تەکیە بینا بە ئەهلیەتی مەلا مصطەفا کوڕی مەلا ئەمین بۆ تەنسیبی بە ئیمام مەحەللەی مەذکوور مووافەقەت کرا و عەرض کەیفیەت بە موتەصەرف لیواء قەرار درا.

### قەرار ژمارە ٣٥٣ لە ١٩٣٧/٦/٣

٤٦- دکتۆر ئەحمەد سابیر کۆیی
٤٧- دکتۆر حەبیب یوسف تۆما مالح
٤٨- دکتۆر سەردار عەبدولڕەحمان ئەمین
٤٩- دکتۆر عەبدوللا مستەفا عەبدوللا چەلەبی
٥٠- دکتۆر عیزەدین حەمەد ئەحمەد دزەیی
٥١- دکتۆر فەرهاد جەلیل خەلیل خەیات
٥٢- دکتۆر مازن حەیدەر سەلیم ئەسعەدی
٥٣- دکتۆر نەجات ئەمین یونس موختار
٥٤- دکتۆر نیاز جەمیل ڕەشید میران
٥٥- دکتۆر هادی ڕەئوف شاکر
٥٦- دکتۆر عامر عەلی حوسێن کەسرە
٥٧- دکتۆر عەبدولحەمید عەبدولقادر یونس ئەترەقچی
٥٨- دکتۆر هەمزە قادر حەمەد گەردی
٥٩- دکتۆر ئەدیب تۆما جەرجیس
٦٠- دکتۆر ڕۆستەم تاهیر عەبدوللا
٦١- دکتۆر فەرهاد عومەر حەویز
٦٢- دکتۆر نەزاهەت شاکر محەممەد قازی
٦٣- دکتۆر حیکمەت سلێوە ئیبراهیم
٦٤- دکتۆرە سوهەیلە مەجید عەزیز کەلوێ
٦٥- دکتۆر سەدرەدین شەمسەدین
٦٦- دکتۆرە فائیزە بیلال ئیسماعیل
٦٧- دکتۆر فریاد مەجید غەفوری
٦٨- دکتۆر لوقمان ئیبراهیم ڕەسول
٦٩- دکتۆرە سوعاد ڕەفیق مستەفا
٧٠- دکتۆرە ئەدیب عەبدلئەحەد ئۆغستین ئەلقس ئیلیاس
٧١- دکتۆر کاکل ئیبراهیم ڕەسول
٧٢- دکتۆر ئازاد ئەحمەد بەکر

خۆشناو
٧٣- دکتۆر ئازاد غەریب مستەفا
٧٤- دکتۆر جەودەت محەمەد هاشم دەبباغ
٧٥- دکتۆر شەوقی مەرقەس پوترس قەساب
٧٦- دکتۆر عەبدولرەحمان محەمەد سالح عەبدولرەحیم
٧٧- دکتۆر نەجدی حەیدەر جەمیل بەزاز
٧٨- دکتۆر ئیبراهیم تاهیر ئاغا ئیسماعیل ئاغا
٧٩- دکتۆر پۆلا عەبدولقادر نورەدین
٨٠- دکتۆرە خانزاد ناسح داود
٨١- دکتۆرە دردەخت ئەرشەد عەبدولوەهاب حەویزی
٨٢- دکتۆر دلێر سەعید سەراج
٨٣- دکتۆر رامز حیکمەت قوزمی حەکیم
٨٤- دکتۆر سەلاح ئەبوبەکر عەلی
٨٥- دکتۆر تاهیر عەبدوللا محەمەد نەقشبەندی
٨٦- دکتۆر عادل ئیبراهیم سەمەد
٨٧- دکتۆر عەبدولمەجید عەولا
٨٨- دکتۆرە بەیان قادر رەسول گەلالی
٨٩- دکتۆر سەلاح عەبدوللا ئیبراهیم شێخانی
٩٠- دکتۆر یاسین ئەحمەد ئەسعەد
٩١- دکتۆر ئیبراهیم تاهیر مەعروف رەباتی
٩٢- دکتۆر ئەلبرت یوسف بترس
٩٣- دکتۆر بورهان حەسەن قادر
٩٤- دکتۆر زەکەریا عەبدوللا یاسین خەیات
٩٥- دکتۆرە ژیان محەمەد عومەر کەلوری
٩٦- دکتۆر عادل حوسێن عەبدوللا
٩٧- دکتۆر محەمەد ئەحمەد سۆفی
٩٨- دکتۆرە نازەنین ئەحمەد حەویز
٩٩- دکتۆر ئاسۆ ئیسماعیل نوری جەلی زادە
١٠٠- دکتۆر بەهزاد رەشاد عەلی
١٠١- دکتۆر خالس بیلال محەمەد عەلی بەقال
١٠٢- دکتۆر رزگار سابیر سەعید موفتی
١٠٣- دکتۆر مەغدید خدر مەجید سورچی
١٠٤- دکتۆرە وەفا یاسین شاکر هاشمی
١٠٥- دکتۆر خالید عەلی عەبدوللا
١٠٦- دکتۆر رەسول حامید عەبدوللا
١٠٧- دکتۆر رەفیق مەلا ئەحمەد قادر
١٠٨- دکتۆرە سالیار تاهیر عەبدوللا
١٠٩- دکتۆر سەرهەنگ جەلال سەعید جەمباز
١١٠- دکتۆر سەعید نازم یونس عوزێری
١١١- دکتۆرە سەلوا ئەحمەد ئەمین نەجار
١١٢- دکتۆر عەبدولحەمید عەبدولرەزاق شەهابەدین دەبباغ
١١٣- دکتۆر عەبدولقادر مەغدید محەمەد ئەمین
١١٤- دکتۆر کامەران رەقیب حوسێن دزەیی
١١٥- دکتۆر ئیسماعیل محەمەد بەرزنجی
١١٦- دکتۆر ئیلیاس کەمال رۆستەم قەساب
١١٧- دکتۆرە ئاورینگ مەعروف رەئوف
١١٨- دکتۆرە پەیمان جەمال محەمەد ئەمین
١١٩- دکتۆر جاسم محەمەد عەلی شێخانی
١٢٠- دکتۆرە جوان عومەر حەویز
١٢١- دکتۆرە رێزان حوسێن عەزیز رەشوانی
١٢٢- دکتۆر سەرکەوت عومەر حەمەد دەبباغ
١٢٣- دکتۆرە شەهلا کەریم مەحمود عەللاف
١٢٤- دکتۆرە شیرین شێخۆ عەبدوللا دۆغرەمەچی
١٢٥- دکتۆرە شیلا عەبدوللا عەزیز دزەیی
١٢٦- دکتۆرە شیلان محەمەد شەریف عەبدوللا
١٢٧- دکتۆر عومەر قادر محەمەد ئەمین سورچی
١٢٨- دکتۆر کوردۆ محەمەد سەعید
١٢٩- دکتۆر مەجید حەمەدەمین جەمیل
١٣٠- دکتۆر مونەییەد جەرجیس ئیسماعیل چەقماقچی
١٣١- دکتۆرە نەرمین رەشاد عەلی کۆیی
١٣٢- دکتۆر نەهرۆ سوبحی محەمەد کارێزچی
١٣٣- دکتۆرە نەوال رەفیق مستەفا
١٣٤- دکتۆر نوری عەبدوللا خدر
١٣٥- دکتۆر یوسف حەمەدەمین قادر
١٣٦- دکتۆر ئازاد کەریم جوکل دزەیی
١٣٧- دکتۆرە ئیلهام پوترس

جەرجیس
١٣٨- دکتۆر بەختیار جەمال عەبدوڵلا خەیات
١٣٩- دکتۆرە جوان ئەسعەد محەممەد گەرۆتە
١٤٠- دکتۆر دەشتی عەباس تۆفیق بوستانی
١٤١- دکتۆر سەلیم سەعید قادر زەنگەنە
١٤٢- دکتۆر سەبا ئەندریۆس ئیسرائیل
١٤٣- دکتۆر فازل یابە محەممەد
١٤٤- دکتۆرە ناجیحە ئەحمەد ئەمین نەجار
١٤٥- دکتۆر ناسح محەممەد تەها بالیسانی
١٤٦- دکتۆرە نیاز عەبدولحەمید حەمەد دەبباغ
١٤٧- دکتۆر هونەر عوسمان ساڵح کۆزەپانکەیی
١٤٨- دکتۆر یوسف بەهائەدین ئەحمەد خەتی
١٤٩- دکتۆر نەهجەت ئەحمەد محەممەد بەرزنجی
١٥٠- دکتۆر چالاک عومەر مستەفا بەرزنجی
١٥١- دکتۆر دڵشاد ساڵح نادر ئاغا رەواندزی
١٥٢- دکتۆرە سەران عەبدولقادر نورەدین
١٥٣- دکتۆر سەیفەدین محیەدین ئەحمەد
١٥٤- دکتۆر فەیزوڵلا جەلال حەمەد خۆشناو
١٥٥- دکتۆر ماجد ئەحمەد داود
١٥٦- دکتۆر محەممەد سوهەیب سویحی فەخری موفتی
١٥٧- دکتۆرە نەدوا یاسین شاکر هاشمی
١٥٨- دکتۆرە نیشتیمان هاشم عەبدولرەحمان
١٥٩- دکتۆرە باران کەمال ئەحمەد بەرزنجی
١٦٠- دکتۆر بۆتان بەکر سامی خدر خۆشناو
١٦١- دکتۆرە بێخاڵ کەمال رەشید دزەیی
١٦٢- دکتۆر پشتیوان هاشم سەعید بەزاز
١٦٣- دکتۆرە چیمەن خدر مەولود
١٦٤- دکتۆر دلێر سابیر بایز مەخموری
١٦٥- دکتۆرە رامان حوسێن عەزیز رەشوانی
١٦٦- دکتۆرە ریزان محەممەد سەعید گەردی
١٦٧- دکتۆر عەبدولئەمیر محەممەد نوری
١٦٨- دکتۆرە کەتایۆن نازم خورشید
١٦٩- دکتۆر موزەفەر عەبدولرەحمان حەبیب بارزانی
١٧٠- دکتۆرە نیشتیمان عەبدولمەجید عەبدولقادر
١٧١- دکتۆر وشیار جەمال عەبدوڵلا خەیات
١٧٢- دکتۆر یوسف سابیر عومەر مەرزانی
١٧٣- دکتۆر ئیسماعیل خورشید ئیسماعیل جەباری
١٧٤- دکتۆر ریحاب جەمال فەتاح
١٧٥- دکتۆر سیروان ئەحمەد عەزیز گەرۆتەیی
١٧٦- دکتۆرە شەونم ناسیح داود
١٧٧- دکتۆر عوسمان عارەب حەمەد بلباس
١٧٨- دکتۆرە فەیرۆز عەبدولمەسیح ئیلیا عەبدوک
١٧٩- دکتۆر کەرخی عەبدوڵلا بندیان
١٨٠- دکتۆر ئاراز عەبدولحەمید یعقوب کلیانا
١٨١- دکتۆر دیار حوسێن تاهیر
١٨٢- دکتۆر کاوە محەممەد ئەمین حەسەن
١٨٣- دکتۆرە مەیسون مەتێ یوسف
١٨٤- دکتۆرە ناسک جەلال جوبرائیل
١٨٥- دکتۆر ئارام عەلی ئەحمەد
١٨٦- دکتۆر ئارام لەتیف کاکە حەمە
١٨٧- دکتۆر پیرۆت ئەحمەد ئیبراهیم
١٨٨- دکتۆر رزگار مستەفا مەحموود
١٨٩- دکتۆر شێروان ئەحمەد عەزیز گەرۆتەیی
١٩٠- دکتۆر عەلی عەبدولرەزاق شەهابەدین دەبباغ
١٩١- دکتۆر عیماد فازل سابیر سوڵتان
١٩٢- دکتۆرە ڤیان غازی محەممەد چاوشلی
١٩٣- دکتۆر گۆران عەونی رەشید
١٩٤- دکتۆر مەقسود ئیسماعیل عومەر
١٩٥- دکتۆرە یاسەمین عەبدولمەجید شاکر
١٩٦- دکتۆر ئەبوبەکر مەجید ساڵح
١٩٧- دکتۆر ئاسۆ ئیبراهیم عیزەت
١٩٨- دکتۆرە ئایدن حەیدەر ئەحمەد قەساب

١٩٩- دكتۆره بەیان فاروق حوسێن بەرزنجی
٢٠٠- دكتۆر حەسەن موعتەسەم عەلی
٢٠١- دكتۆر حەیدەر سابیر ئەحمەد
٢٠٢- دكتۆر رەوەند موشیر فەیزوللا حەویزی
٢٠٣- دكتۆر عەبدولقادر عەلی محەمەد
٢٠٤- دكتۆر كەمال عەبدولعەزیز محەمەد ئەمین
٢٠٥- دكتۆر محیەدین شەریف قازی قرتاس بارزانی
٢٠٦- دكتۆر نزار پۆلس شابلیە
٢٠٧- دكتۆر وەلی عومەر عەبدولرەحمان
٢٠٨- دكتۆره جنان جەلیل سابیر حەداد
٢٠٩- دكتۆره جنفیان مەرقەس بۆیا
٢١٠- دكتۆره ساز سالح قادر خۆشناو
٢١١- دكتۆر مەحمود بەكر ئەحمەد خان
٢١٢- دكتۆر ئامانج كرمانج سابیر خۆشناو
٢١٣- دكتۆر ئەحمەد عادل هادی ئاغا دزەیی
٢١٤- دكتۆر ئەرسەلان سلێمان رەشید ئاغا
٢١٥- دكتۆر ئۆزال عادل بەكر
٢١٦- دكتۆره بان عەبدولرەحمان سلێمان زێباری
٢١٧- دكتۆر بایز محەمەد سابیر دزەیی
٢١٨- دكتۆر ثائر كوركیس مەتێ شعانا
٢١٩- دكتۆره سەراب جەمیل حەننا
٢٢٠- دكتۆر شاخەوان حەویز سلێمان
٢٢١- دكتۆر شەهریار مامەند تاهیر نانەكەلی
٢٢٢- دكتۆر شێرزاد عەلی ئیسماعیل
٢٢٣- دكتۆر شێروان رەحمان سلێمان
٢٢٤- دكتۆر عەبدوللا عەبدولخالق ئەحمەد
٢٢٥- دكتۆر كوردۆ رەشاد عەلی كۆیی
٢٢٦- دكتۆره لانا عەبدولرەزاق شەهابەدین دەبباغ
٢٢٧- دكتۆر لەیث مەرقەس یوسف
٢٢٨- دكتۆر مەحمود موحسین محەمەد ئەمین دۆغرەمەچی
٢٢٩- دكتۆره مەنال مەتێ یوسف
٢٣٠- دكتۆره مەیادە عیسا حوسێن عەساف
٢٣١- دكتۆره نەرمین تەها مستەفا جاف
٢٣٢- دكتۆره هاژە موحسین مستەفا
٢٣٣- دكتۆر ئیدریس جەرجیس ئەحمەد
٢٣٤- دكتۆره پەرژین هوشیار بایز ئاغا گەردی
٢٣٥- دكتۆره بێگەرد عومەر مستەفا بەرزنجی
٢٣٦- دكتۆره تریفە تاهیر مەحمود
٢٣٧- دكتۆره جوان عومەر جەعفەر زێباری
٢٣٨- دكتۆر رۆنی دەنحا زرو
٢٣٩- دكتۆره سامیە عەبدولكەریم ئیبراهیم
٢٤٠- دكتۆر سرود كەمال عەبدولرەحمان رەواندوزی
٢٤١- دكتۆره سوسن سەباح لەتیف
٢٤٢- دكتۆر سابیر عوسمان مستەفا
٢٤٣- دكتۆر عەزیز سلێمان ئیسماعیل
٢٤٤- دكتۆر میللەت ئیسماعیل محەمەد
٢٤٥- دكتۆر وسام شابو عودە عەجمایا
٢٤٦- دكتۆر ئامانج جەمال خدر پەستەک سوور
٢٤٧- دكتۆره ئەمەل دەنحا یەلدا سیاوش
٢٤٨- دكتۆر ئومێد مستەفا نادر عالم
٢٤٩- دكتۆره جوان ئەحمەد عەزیز گەرۆتەیی
٢٥٠- دكتۆره سانا كەمال خدر
٢٥١- دكتۆره سەمیرە فەرید مستەفا بارزانی
٢٥٢- دكتۆر سیزار شێرزاد رەسول
٢٥٣- دكتۆر فوئاد برایۆک باسە سروک
٢٥٤- دكتۆرە ڤیان عەبدولقادر عەلی
٢٥٥- دكتۆره ڤیان نیسان حەننا شیر
٢٥٦- دكتۆر مەزهەر یاسین شاكر هاشمی
٢٥٧- دكتۆر نیزام شابۆ عودە عەجمایا
٢٥٨- دكتۆر هێرش محەمەد ئەحمەد
٢٥٩- دكتۆره تاڤگە یوسف مەتلەب
٢٦٠- دكتۆر حوسام شابۆ عودە عەجمایا
٢٦١- دكتۆر داود حەسەن رەمەزان هەمەوەندی
٢٦٢- دكتۆر دەرباز حەمەد عەولا خوشكانی
٢٦٣- دكتۆر دلێر گۆرگیس تۆما

٢٦٤- دکتۆر ڕێدار محەمەد ئەمین دزەیی
٢٦٥- دکتۆر سالم پوترس ئیلیاس عەلی بەگ
٢٦٦- دکتۆرە شیلان عومەر جەعفەر
٢٦٧- دکتۆرە گەلاوێژ ئەنس مەلا عەزیز بارزانی
٢٦٨- دکتۆرە لانا عادل بەکر
٢٦٩- دکتۆر محەمەد مەجید عەبدولواحید
٢٧٠- دکتۆرە نیشتیمان عەلی عەبدولقادر
٢٧١- دکتۆر ئەحمەد ئیسماعیل عەبدولغەنی نەعێمی
٢٧٢- دکتۆرە ئالا عەبدولڕەحمان سلێمان زێباری
٢٧٣- دکتۆرە ئاوات فەقێ ئەحمەد سابیر
٢٧٤- دکتۆرە بەفرخان عەبدوڵڵا عومەر
٢٧٥- دکتۆرە تریفە تەحسین عەبدوڵڵا
٢٧٦- دکتۆر جەخسی موسا عوسمان بارزانی
٢٧٧- دکتۆر دەشتی عەلی حوسێن
٢٧٨- دکتۆر ڕۆبەرت عۆدیش پوترس
٢٧٩- دکتۆرە ژیان سوار ئیسماعیل بلباس
٢٨٠- دکتۆرە زینا حەبیب یوسف
٢٨١- دکتۆر ساسان لۆقا حەننا
٢٨٢- دکتۆر سەرکەوت مەجید عومەر خۆشناو
٢٨٣- دکتۆر سەرمەد عەبدولڕەحمان سلێمان زێباری
٢٨٤- دکتۆر سرود سەلیم مەتێ مەقدیسی
٢٨٥- دکتۆرە سروە هەمزە ئیسماعیل جاف
٢٨٦- دکتۆرە سۆزان جەوهەر محەمەد شەریف نانەکەلی
٢٨٧- دکتۆر شوان عوسمان ئەمین
٢٨٨- دکتۆر سادق عەزیز سادق خۆشناو
٢٨٩- دکتۆر عەبدولڕەحمان بایز عەبدولڕەحمان میران
٢٩٠- دکتۆر عەبدوڵڵا فەقێ یەزیدین ئەحمەد بیندۆرۆلی
٢٩١- دکتۆرە لاڤا ئەحمەد تەلعەت شەریف
٢٩٢- دکتۆر لوقمان ڕەحمان سلێمان
٢٩٣- دکتۆر لوقمان محەمەد عەزیز
٢٩٤- دکتۆر مورشید هەمزە ئەحمەد ساقی
٢٩٥- دکتۆر نیهاد ڕەفعەت جەواد
٢٩٦- دکتۆر نورەدین حەمەد محەمەد
٢٩٧- دکتۆرە هالە جەودەت جەواد ئاری
٢٩٨- دکتۆر هیوا محەمەد مستەفا
٢٩٩- دکتۆرە وەزیرە محەمەد عوسمان
٣٠٠- دکتۆر ئەحمەد کەمال عەبدولقادر جەلی زادە
٣٠١- دکتۆر ئەرسەلان خالید حوسێن
٣٠٢- دکتۆر ئازاد ئەنوەر حەمەد پیرداود
٣٠٣- دکتۆرە ئیڤا مەتێ ئیسحاق شینا
٣٠٤- دکتۆر بەهرۆز تەحسین عەبدوڵڵا
٣٠٥- دکتۆرە تریفە یوسف مەتڵەب
٣٠٦- دکتۆر خالیس قادر ئەحمەد
٣٠٧- دکتۆر دیدار سدیق ئەنوەر
٣٠٨- دکتۆر ڕەعد نەجمەدین ئەنوەر
٣٠٩- دکتۆرە ڕوەیدە پوترس شابلیە/ ئال ئیبراهیم
٣١٠- دکتۆرە ڕوەیدە قەرەداغ ئەوراها ئەلحەکیم
٣١١- دکتۆر زەردەشت مەهدی عەزیز
٣١٢- دکتۆرە زینە یوسف لوسکا ئەلقس ئیلیاس
٣١٣- دکتۆر سرود عەبدولئەمیر حەننا
٣١٤- دکتۆرە سوعاد مستەفا کەریم
٣١٥- دکتۆر سەنگەر جەلال عوسمان
٣١٦- دکتۆرە سوزی ئەحمەد سالح جامباز
٣١٧- دکتۆر سیروان محەمەد ئەمین حەمەد شێخانی
٣١٨- دکتۆرە شیلان مەحمود شەریف
٣١٩- دکتۆر فائیق برایمۆک باسە
٣٢٠- دکتۆر فارس محەمەد مەحمود دامرچی
٣٢١- دکتۆر کاروان جەمال حەمەد
٣٢٢- دکتۆر کاروان حەویز سلێمان دزەیی
٣٢٣- دکتۆرە کەژاڵ عەبدولکەریم سەلیم
٣٢٤- دکتۆرە لارە موفید نورەدین ئەسعەدی
٣٢٥- دکتۆر مەجید سالح حەمەد خۆشناو
٣٢٦- دکتۆر محەمەد عەبدوڵڵا حەسەن
٣٢٧- دکتۆرە ناسکە عەبدولقادر حوسێن دزەیی
٣٢٨- دکتۆر نەسرەو مستەفا مەحمود شێروانی
٣٢٩- دکتۆر هەرمان تەڵعەت مامە کەریم سامان
٣٣٠- دکتۆر هێمن عەبدولڕەحمان عەبدوڵڵا تەرجانی

٣٣١- دکتۆر هیوا رەشاد عەلی کۆیی
٣٣٢- دکتۆر ئیبراهیم بیلال وەهاب
٣٣٣- دکتۆر ئارام تاریق ئەحمەد
٣٣٤- دکتۆر ئاری عومەر کاکل
٣٣٥- دکتۆر بەدرخان سەعید ئەحمەد
٣٣٦- دکتۆر بەسمان جەلال مەرقەس عەبدوکە
٣٣٧- دکتۆرە پەروین نوری ئەحمەد
٣٣٨- دکتۆرە بەناز عەدنان سەعید
٣٣٩- دکتۆرە تارا سەعید عومەر
٣٤٠- دکتۆر دلێر عەلی حەسەن
٣٤١- دکتۆرە رازیە تۆفیق حەسەن نانەکەلی
٣٤٢- دکتۆر ریڤان هورمز ئیسحاق مویارەک
٣٤٣- دکتۆر زەردەشت سابیر عەبدوڵلا
٣٤٤- دکتۆرە سازان کەمال نامیق
٣٤٥- دکتۆر سالار تەحسین ئیسماعیل چیچۆ
٣٤٦- دکتۆر سامی وەلی ئەحمەد شێخ مەممەوەندی
٣٤٧- دکتۆر سەرمەد عەبدوللەتیف تاهیر بەرزنجی
٣٤٨- دکتۆرە شادان شێروان ناسیح حەیدەری
٣٤٩- دکتۆر شێروان جەلال شەریف
٣٥٠- دکتۆر سەدام نیازی غەنی
٣٥١- دکتۆر عەبدولقادر حەمید عەبدولقادر یوسفی
٣٥٢- دکتۆرە فەیرۆز عەبدوڵلا کاکە سوور
٣٥٣- دکتۆرە کەلسوم تۆفیق حەسەن نانەکەلی
٣٥٤- دکتۆرە لاژە ئەحمەد تەلعەت شەریف یونس
٣٥٥- دکتۆر مەجید ئەحمەد محەممەد شێروانی
٣٥٦- دکتۆر مەجید حەسەن مەحمود
٣٥٧- دکتۆر ناسیح عەبدوڵلا حوسێن
٣٥٨- دکتۆر ناسیح موحسین ئەحمەد گەردی
٣٥٩- دکتۆر نالی محەممەد عەبدوڵلا
٣٦٠- دکتۆر هێمن خالید سابیر
٣٦١- دکتۆر ئازاد مەحمود ئەحمەد یوسفی
٣٦٢- دکتۆر ئیسماعیل جەوهەر فارس
٣٦٣- دکتۆرە ئاوات ئیبراهیم حەمەد ئەمین
٣٦٤- دکتۆر بەرخەوان یوسف شەمعون ساعور
٣٦٥- دکتۆر پشتیوان مامە خدر
٣٦٦- دکتۆرە تریفە ئەحمەد حەمەد
٣٦٧- دکتۆرە تریفە مەغدید هەمزە
٣٦٨- دکتۆر جەلال عەبدوڵلا حەسەن بەزاز
٣٦٩- دکتۆر دانا حاجی ئاغا عەلائەدین
٣٧٠- دکتۆرە دیدەن رەمزی پیرداود
٣٧١- دکتۆر دیندار شەریف قرتاس بارزانی
٣٧٢- دکتۆر زانا غەنی حەمید چەلەبی
٣٧٣- دکتۆر زانا کاوە محەممەد نافیع حەویزی
٣٧٤- دکتۆر زانا مستەفا مەحمود شێروانی
٣٧٥- دکتۆرە سەوسەن زەکەریا سلێمان
٣٧٦- دکتۆر شاخەوان ئەسعەد عەبدوڵلا
٣٧٧- دکتۆر شوان سەلام مەعروف بەرزنجی
٣٧٨- دکتۆر سەدام حوسێن ئەمین
٣٧٩- دکتۆر عەبدوڵلا سەعید ئیبراهیم دیلمانی
٣٨٠- دکتۆر عەبدولمەجید رەسول مەجید
٣٨١- دکتۆر عەلی ئیلیاس عەلی
٣٨٢- دکتۆر غازی مستەفا ئیبراهیم
٣٨٣- دکتۆر فوئاد ئەحمەد ئیبراهیم
٣٨٤- دکتۆر فەیسەل مستەفا ئیبراهیم
٣٨٥- دکتۆر کامەران شامل مەردان ئال سەید ئەحمەد
٣٨٦- دکتۆر گۆران عەزیز حەمەد ئەمین
٣٨٧- دکتۆر محەممەد ئیبراهیم رەسول
٣٨٨- دکتۆر محەممەد مەغدید محەممەد ئەمین
٣٨٩- دکتۆر مەحمود محەممەد سادق ئەربیلی
٣٩٠- دکتۆر مستەفا عەدنان مستەفا قادری
٣٩١- دکتۆر مزەفەر عەبدوڵلا عەلی راوی
٣٩٢- دکتۆر مەهدی عەولا عەزیز خۆشناو
٣٩٣- دکتۆر نبراس گۆرگیس دەنحا ئەلقس ئیلیاس
٣٩٤- دکتۆر هیوا محەممەد حەمەد ئەمین
٣٩٥- دکتۆر یونس حوسێن رەحمان دزەیی
٣٩٦- دکتۆر فەیسەڵ عارەب حەمەد بلباس
٣٩٧- دکتۆر سەلام محەممەد سوڵتان


د.عادل محەممەد دوغرەمەچی


د.عومەر ئیسماعیل عەلی دزەیی


د.یەحیا ئەمین محەممەد بەقال


د.ئەحمەد فەتاح حەویز دزەیی


د.خورشید ئیبراهیم ئەمین دزەیی


د.فوئاد زەکی ئەحمەد هەناری


د.موحسین محەممەد دۆغرەمەچی


د.عەدنان یاسین تەقیەدین ئەسعەدی


د.کەمال عەزیز ئیسماعیل توتنچی


د.پۆلس ئەلقس بەهنام سیاوش


د.سەلاح جەمال عەبدولوەهاب


د.عیسا شێخ حوسێن شیخ عبدالله عساف


د.مستەفا نادر خورشید ئەلعالم


د.عەبدولباقی محەممەد هاشم دەباغ


د.عەدنان محەممەد مەحمود دۆغرەمەچی


د.زاهیدە شەهاب عەبدولقادر دەباغ


د.شیت محەمەد ئەمین خدر


د.سوبحی داود سەعید یەعقوبی


د.تاریق بەهائەدین خەلیفە محەمەد


د.فەیسەل محەمەد مستەفا نەقشبەندی


د.جەعفەر حەمە قادر


د.سابیر تاهیر ئیسماعیل


د.تاریق ئەنوەر وەلی بەیرەقدار


د.مەعروف ئەحمەد ئیبراهیم


د.حوسێن ئیسماعیل عەبدوڵلا


د.سەبور یوسف عوسمان


د.محەمەد دلشاد رەجەب


د.نەبیل دەنحا یەلدا


د.حەبیب یوسف تۆما مالح


د.سەردار عەبدولرەحمان ئەمین


د.عەبدوڵلا مستەفا عەبدوڵلا


د.عیزەدین حەمەد ئەحمەد دزەیی


د.فەرهاد جەلیل خەلیل خەیات


د.مازن حەیدەر سەلیم ئەسعەدی


د.نەجات ئەمین یونس موختار


د.هادی رەئوف شاکر


د.عامر عەلی حوسێن کەسرە


د.عەبدولحەمید عەبدولقادر یونس


د.هەمزە قادر حەمە گەردی


د.ئەدیب تۆما جەرجیس


د.رۆستەم تاهیر عەبدوڵلا


د.فەرهاد عومەر حەویز


د.نەزاهەت شاکر محەممەد قازی


د.فائیزە بیلال ئیسماعیل


د.فریاد مەجید غەفوری


د.لوقمان ئیبراهیم رەسول


د.سوعاد رەفیق مستەفا


د.ئەدیب عەبدولئەحەد ئۆغستین

**ناوی ئەو پزیشکانەی هەولێری نین و خزمەتیان بەشاری هەولێر کردووە:**

١- دکتۆر سەبری محەمەد محیەدین قەبانی
٢- دکتۆر رەشید زەکەریا
٣- دکتۆر مەردان عەلی
٤- دکتۆر قوتەیبە نورەدین ئیسماعیل شێروانی
٥- دکتۆر فەخری محەمەد سالح دەبباغ
٦- دکتۆر حیکمەت قوزمی عەبدولئەحەد قەوزمیدس
٧- دکتۆر ئاگوب نیشان میناسیان
٨- دکتۆرە ئومەییە مەحمود داود
٩- دکتۆر جەودەت کەمال عەبدولسەمەد
١٠- دکتۆر موزەفەر یونس ئەحمەد حوسەینی
١١- دکتۆر عەدنان عەبدولوەهاب شاکر
١٢- دکتۆرە مونتەها ئەحمەد تەییار
١٣- دکتۆر عومەر حیکمەت عەلی
١٤- دکتۆر سەلاح تاهیر سالح
١٥- دکتۆر حەمەنەجم فەرەج حەسەن جاف
١٦- دکتۆر دەشتی بایز عەزیز دزەیی
١٧- دکتۆر نافیع ئەیوب فەیزوڵڵا ئاکرەیی
١٨- دکتۆر محەمەد سالح حەمەفەرەج حەسەن جاف
١٩- دکتۆر فەرمان محەمەد ئەمین زەندی
٢٠- دکتۆر محەمەد عەلی تۆفیق
٢١- دکتۆرە ئینتیها محەمەد رەزا موسڵی
٢٢- دکتۆر محەمەد عەبدوڵڵا عەزیز باجەلان
٢٣- دکتۆر یاسین موسا چەللاب کەهماوی
٢٤- دکتۆرە زاهیرە سادق ئەمین
٢٥- دکتۆر سەربەست نامیق عەبدوڵڵا حەویزی
٢٦- دکتۆر سامی فایەق ئەحمەد ئاکرەیی
٢٧- دکتۆرە سوهام ئەحمەد عەلی بابلی
٢٨- دکتۆر عوسمان حەمەفەرەج حەسەن جاف
٢٩- دکتۆر نەژاد خەسرەو غەفور
٣٠- دکتۆر هیوا سەید ئەحمەد سالح بەرزنجی
٣١- دکتۆر عەبدولعەزیز یوسف مەنسور
٣٢- دکتۆر گەیلان رەشید محەمەد موفتی
٣٣- دکتۆرە نازدار عەلی حوسێن بامەڕنی
٣٤- دکتۆر هیشام یوسف مەنسور رۆژنۆ
٣٥- دکتۆر جەمال عەبدولحەمید عەباس پالانی
٣٦- دکتۆر نورەدین ئیسماعیل ئەڵڵا قەولی وێردە
٣٧- دکتۆرە نەسرین عەلی محەمەد رەئوف بەسراوی
٣٨- دکتۆر محەمەد کەمال مەحمود
٣٩- دکتۆر عەباس حاجی عەباس
٤٠- دکتۆر عەباس عەبدولقادر ئەحمەد رەباتی
٤١- دکتۆرە میدیا مەعروف عەبدولقادر خەزنەدار
٤٢- دکتۆر یوسف رەشید کاکەیی
٤٣- دکتۆر ئازاد مستەفا مەحمود شێروانی
٤٤- دکتۆرە حەسیبە مەجید حوسێن جاف
٤٥- دکتۆر ولات ئیبراهیم یاسین باوە
٤٦- دکتۆرە شنە محەمەد ئەمین هەورامی
٤٧- دکتۆرە درەخشان حوسێن ئەحمەد قەرەداغی
٤٨- دکتۆرە شەزا واسف ئیلیا سوسی
٤٩- دکتۆر مەحمود عەلی موغیر عەممار
٥٠- دکتۆر ئازاد عەبدوڵڵا حەسەن حەبیب
٥١- دکتۆر خەسرەو عادل فایق تاڵەبانی
٥٢- دکتۆرە سۆلاف عەلی محەمەد شەریف
٥٣- دکتۆر قاسم رەشاد سلێمان کاکەیی
٥٤- دکتۆر کاوە مەحمود ئەحمەد پشدەری
٥٥- دکتۆرە هودا ئەحمەد محەمەد بابان
٥٦- دکتۆرە هێرۆ کەریم زەند
٥٧- دکتۆر جەلال عەلی جەلال پشدەری
٥٨- دکتۆرە دیمەن ئیبراهیم عومەر کەلوڕی
٥٩- دکتۆرە زەینەب عەبدولوەهاب محەمەد رەزا مونەجیم
٦٠- دکتۆر یاسین ئاغاجان کەریم کەولۆسی
٦١- دکتۆرە جوان نەزمی ئەدهەم ئەلئەدهەم
٦٢- دکتۆرە سەمیرە عەبدولرەحمان مستەفا
٦٣- دکتۆرە ئیلهام عەزیز عەبدوڵڵا خۆشناو

٦٤- دکتۆره رەند عەبدولرەحمان سالح
٦٥- دکتۆره پەیمان سابیر ئەحمەد
٦٦- دکتۆر جوتیار عەبدوللا میرزا
٦٧- دکتۆر سامان محەمەد عەبدوللا
٦٨- دکتۆر سەمیع کاکه مەم حەسەن کەلوری
٦٩- دکتۆره نایندە محەمەد شوکری هیبەتوللا موفتی
٧٠- دکتۆره زۆزان محەمەد ئەمین تاها ئاکرەیی
٧١- دکتۆر سیروان مەحمود عەبدوللا
٧٢- دکتۆر سەفا عیزەدین نورەدین شەهاب موختار
٧٣- دکتۆر عەبدولسەبور ئەحمەد حوسێن کەلوری
٧٤- دکتۆره سەوسەن عەبدولجەبار عەبدولرەحیم عانی
٧٥- دکتۆر یاسین کەریم ئەمین
٧٦- دکتۆر ئەمین عوسمان نەجمەدین
٧٧- دکتۆره بێریڤان عەدنان یاسین ئەسعەدی
٧٨- دکتۆر قەیس محەمەد سالح شەنگالی
٧٩- دکتۆر لەزگین عەبدولرەحمان ئەحمەد چالی
٨٠- دکتۆر عەدنان شامل حوسێن
٨١- دکتۆر لوقمان جەبار عەزیز داودی
٨٢- دکتۆره هەیام یوسف عۆدیش
٨٣- دکتۆره ئومامە محەمەد سادق عەلی موختار
٨٤- دکتۆر رێبەر محەمەد خەلیل سۆفی
٨٥- دکتۆر زانا محەمەد عیزەت
٨٦- دکتۆره سەفیە عەبدولکەریم واحید
٨٧- دکتۆر عەبدولسەتار کامیل فایق تالەبانی
٨٨- دکتۆر ئاراس تەها عومەر
٨٩- دکتۆره پەرێز محەمەد عیزەت
٩٠- دکتۆر سامان ئەحمەد حامید هەڵەبجەیی
٩١- دکتۆر سۆران سدیق ئەحمەد
٩٢- دکتۆره رێزان جەمال ئیسماعیل موفتی
٩٣- دکتۆر عومەر جەمال زەنون سیا مەنسوری
٩٤- دکتۆر مازن یوسف پوترس- زیغا
٩٥- دکتۆره میدیا عەبدوللا مەجید بەرزنجی
٩٦- دکتۆر ئومێد محەمەد رەسول
٩٧- دکتۆره تارا جەمال زەنون سیا مەنسوری
٩٨- دکتۆره شایی عومەر ئیسماعیل دزەیی
٩٩- دکتۆر سەلاح حەسەن یوسف شنگالی
١٠٠- دکتۆر کاوه محەمەد مەولود باجەلان
١٠١- دکتۆره سامیە جەلال فەقێ ئەحمەد
١٠٢- دکتۆر سەلاحەدین محەمەد روشدی عوبێد
١٠٣- دکتۆر فیراس عەبدوللا حەمەد عەلی
١٠٤- دکتۆره ڤیدان تەحسین محەمەد حلمی چاوشلی
١٠٥- دکتۆر هاوژین محەمەد ئەمین فەرەج
١٠٦- دکتۆر ئیسماعیل ئەحمەد بەکر بەیاتی
١٠٧- دکتۆر بیستون عومەر سالح
١٠٨- دکتۆره تارا ویسام شاکر هاشمی
١٠٩- دکتۆر تیران عەبدولسەتار کاکەرەش سالەیی
١١٠- دکتۆر دانا محەمەد عیزەت
١١١- دکتۆر نازم عەبدولرەحمان ئەمین
١١٢- دکتۆر ئەدیب محەمەد روشدی ئاکرەیی
١١٣- دکتۆره نارین ناسر عەبدوللا شوانی
١١٤- دکتۆره تەلار ئەمیر عەبدولکەریم حەوێزی
١١٥- دکتۆر زانا تۆفیق خدر
١١٦- دکتۆر سەردار محەمەد ئەحمەد گەزنەیی
١١٧- دکتۆر شوان ئیبراهیم عومەر
١١٨- دکتۆر عومەر عەبدوللا رەش حوسێن
١١٩- دکتۆره ناسکە نەریمان عوسمان قۆجە قەساب
١٢٠- دکتۆر ئەژی محەمەد دیوانە
١٢١- دکتۆر ئیمداد ئەحمەد محەمەد ماجدی
١٢٢- دکتۆر بەکر رەحمان حەمەد ئەمین لەهێبانی
١٢٣- دکتۆره خوناو حوسێن خالید
١٢٤- دکتۆره ژیلە زاهیر عەلی رۆژبەیانی
١٢٥- دکتۆر عەبدولرەحمان عەزیز رەسول
١٢٦- دکتۆره فاتیمە قادر محەمەد سەراج
١٢٧- دکتۆر گەنجۆ دەشتی بایز دزەیی
١٢٨- دکتۆر میدیا قادر حەسەن


د.عەباس حاجی عەباس


د.عەباس عەبدولقادر ئەحمەد


د.میدیا مەعروف عەبدولقادر


د.نازاد عەبدوڵڵا حەسەن


د.مەحمود عەلی موغیر

**بەشی دووەم: پزیشکانی ددان**

١- دکتۆر جەمال محەمەد تاهیر ئەسعەد کۆیی
٢- دکتۆر ئەحمەد تەلعەت ئەحمەد شەریف یونس
٣- دکتۆر سالار عەبدولرەحمان حوسێن دزەیی
٤- دکتۆر زیودر ئەحمەد قەساب
٥- دکتۆر سەعید عوسمان دزەیی
٦- دکتۆرە ئەمەل حەننا عەزیز
٧- دکتۆر رزگار محەمەد ئەمین حەسەن
٨- دکتۆر سیروان نورەدین مەحمود حەلاق
٩- دکتۆرە ڤیان محەمەد حوسێن جاف
١٠- دکتۆر دارا حەمەرەشید سەعید
١١- دکتۆر زانا قادر عومەر
١٢- دکتۆرە بەیان عەبدوڵڵا حوسێن
١٣- دکتۆر خەدیجە محەمە عەلی
١٤- دکتۆر خدر مستەفا خدر
١٥- دکتۆر پشکۆ عیزەدین حەسەن
١٦- دکتۆرە ئیمان جەرجیس محەمەد ئەمین
١٧- دکتۆرە بانە نەوزاد جەواد بەرزنجی
١٨- دکتۆر هێمن موحسین سلێمان سارمەمی
١٩- دکتۆر بەشدار محەمەد حامید
٢٠- دکتۆر عوسمان ئەبوبەکر عومەر
٢١- دکتۆرە هالە پوترس حەننا ککە

**پزیشکانی ددان کە خزمەتیان بەشاری هەولێر کردووە**

١- دکتۆرە دلیار ئەحمەد محەمەد بابان
٢- دکتۆر ئیسماعیل بیبۆ سمۆ قائیدی
٣- دکتۆر غەریب سالم مەهدی سافی
٤- دکتۆر موئەییەد ئەمین ئیبراهیم گۆران
٥- دکتۆرە دیلمان نەجمەدین محەمەد موفتی
٦- دکتۆر ئاسۆ محەمەد عەبدولکەریم زەنگەنە
٧- دکتۆر ئاوات عومەر لەتیف پشدەری

**بەشی سێیەم: دەرمانسازان**

١- دەرمانساز نزار شاکر محەمەد قازی
٢- دەرمانساز ئارام تاهیر عەبدوڵڵا
٣- دەرمانساز ئەمیر شیت مستەفا چەلەبی
٤- دەرمانساز نەریمان عوسمان تۆجە قەساب
٥- دەرمانساز رزگار ئەحمەد حەویز

ئەحمەد
٦- دەرمانساز سەباح نوری ئەمین
٧- دەرمانساز ئیجلال ئەحمەد نەجار
٨- دەرمانساز عەبدولقادر عەبدولعەزیز حەسەن نەقشبەندی
٩- دەرمانساز بەیار فەخرەدین محەمەد بەزاز
١٠- دەرمانساز روناک حوسێن کەریم بەرزنجی
١١- دەرمانساز کاوە فەریق حەسەن دزەیی
١٢- دەرمانساز موژدە خدر مەولود
١٣- دەرمانساز ناز موحسین قوجە قەساب
١٤- دەرمانساز شەمال جەلال ئەحمەد قەساب
١٥- دەرمانساز نائیلە موحسین محەمەد ئەمین دۆغرەمەچی
١٦- دەرمانساز ئازاد فەیزوڵلا محەمەد
١٧- دەرمانساز مەنال حەبیب حەننا شابە
١٨- دەرمانساز هیند پوترس بەهنام سیاوش
١٩- دەرمانساز نیان تەحسین نورەدین ئەسعەدی
٢٠- دەرمانساز یلدە یەعقوب ججی مارتانی
٢١- دەرمانساز میدیا حەننا شابو عیزمەت
٢٢- دەرمانساز سەربەست عیزەدین محیەدین جەباری
٢٣- دەرمانساز سیروان بۆیا حەننا مەقدیسی
٢٤- دەرمانساز هەژار محەمەد محەمەد
٢٥- دەرمانساز ئاری عەزیز ساڵح
٢٦- دەرمانساز بەسمە ئەنتوان بەهنان سەمعان
٢٧- دەرمانساز تەرزە جەمال زنون سیا مەنسوری
٢٨- دەرمانساز دانا محەمەد محەمەد ئەمین
٢٩- دەرمانساز ژیان غازی حوسێن کەرکوکی
٣٠- دەرمانساز سوها سەعید عەزیز شنکولا
٣١- دەرمانساز عەبدوڵلا نزار شاکر قازی
٣٢- دەرمانساز عەدنان بورهان قادر شێروانی
٣٣- دەرمانساز نیاز عۆدیش ویردۆ
٣٤- دەرمانساز هونەر کەمال عومەر

**ئەو دەرمانسازانەی خزمەتیان بەشاری هەولێر کردووە**

٣٥- دەرمانساز عەبدولکەریم کازم محەمەد حەسەن خالس
٣٦- دەرمانساز دلێر حەسەن رەشید یارە
٣٧- دەرمانساز تەیفور جەلیل مەحمود شینکی
٣٨- دەرمانساز مونا محەمەد سەبری بەیاتی
٣٩- دەرمانساز بەدریە رەشید محەمەد موفتی
٤٠- دەرمانساز سورکێو شەریف حوسێن محەمەد
٤١- دەرمانساز نازم عەبدوڵلا محەمەد جاف.
٤٢- دەرمانساز ئیلهام حەسەن ئیبراهیم عوبەیدی
٤٣- دەرمانساز هودا خەلیل ئیبراهیم جبوری
٤٤- دەرمانساز زەینەب عەلی حوسێن شێخلی
٤٥- دەرمانساز رەیا کامیل حەسەن سافی
٤٦- دەرمانساز ئیبتیهال سوبحی محیەدین داودی

**پەراوێزەکان:**

١- الاصابة في تميز الصحابة،/ العسقلاني ١/٥٩٤.
٢- عيون الانباء في طبقات الاطباء. ابن ابي اصبعة/ ١٦١.
٣- ظهر الاسلام، احمد امين ٢/١٩١.
٤- الطب النبوي- محمود النسيمي ١/١٥٩.
٥- سنن النسائي ١/٢٠. والتاج جامع الاصول ١/٩٩. ونيل الاوتار، الشوكاني ١/١٦٣.
٦- سنن النسائي ١/١٣. ونيل الاوتار، الشوكاني ١/١٨٨. الطب النبوي ١/٢٨٢.
٧- الترغيب والتهذيب من الحديث الشريف ٢/٢١١.
٨- بیمارستان: وشەیەکی کوردی و فارسییە. لەدوو برگە پێکدێت، بیمار: واتە نەخۆش. ستان: واتە نەخۆشخانە. عيون الانباء في طبقات الاطباء./ ابن ابي اصبعة ٤٧- تاريخ البيمارستانات دكتور احمد عيسا: ص٤.
٩- الخدمات الصحية في الجزيرة، مقداد حسين، رسالة ماجستر ٢٠٠٢ جامعة صلاح الدين. ص٤٢.
١٠- وفيات الاعيان، ابن خلكان ٣/٢٧٢.
١١- تاريخ اربل، ابن مستوفي ١/١٧٢.
١٢- المظاهر الاقتصادية، هادي الجاوشلي، ص١٢.
١٣- ابن خلكان. وفيات الاعيان ٤/١١٦. ابن ابي اصبعة ص ٣١٤. تاريخ البيمارستانات ص١٠-١١.
١٤- ابن الشعار، عقود الجمان ١/ ورقة ١٦ب- ابن خلكان، وفيات الاعيان ٤/١١٦.
١٥- ذيل مرآة الزمان ٢/٤٨١، ابن خلكان، وفيات الاعيان ٤/١١٤، تاريخ اربل ابن مستوفي ١/٣١٥.
١٦- ابن خلكان، وفيات الاعيان ٤/١١٤. تاريخ اربل، ابن مستوفي ١/٢٣٩ و ١/٣١٥.
١٧- ابن الجوزي، المنتظم ١٠/٢٧٣- وتاريخ البيمارستانات ص١٨.

١٨- ابن ابي اصبعة، عيون الانباء، ص٣٠١- الحموي ٥/٢٧٣.
١٩- المنتظم، ابن الجوزي ٦/٢٥٣.
٢٠- معجم الاطباء، ١٦٠، والدرر الكامنة، ابن حجر ٢/١١ وشذرات الذهب ٣/٦٧٨ ومعجم المؤلفين ٣/١٩٩.
٢١- درر الكامنة ٣/١٣- ومعجم الاطباء، ٢٩٨.
٢٢- تاريخ حلب ٢/٩١٧.
٢٣- عقود الجمان ١٠/ ورقة ١٧٣ب.
٢٤- عقود الجمان ١/ ورقة ٢٤٠ب.
٢٥- اعلام، الزركلي ٧/٣٢٢، ومعجم المؤلفين ١٣/٥١، وهدية العارفين ٢/٤٧٩ وعيون الانباء في طبقات الاطباء، ٤١٠، وايضاح المكنون ١/٢٧٥.
٢٦- عيون الانباء في طبقات الاطباء ٣٢٩، وموسوعة علماء الطب ٤٥- الاعلام، الزركلي ٢/٦٢٥.
٢٧- معجم الاطباء، ٣٧٢- والدرر الكامنة، ابن حجر٢/٣٦.
٢٨- معجم الاطباء، ٣٧٣.
٢٩- البداية والنهاية، لابن كثير- حوادث سنة ٧٣٢ك. المقريزي ٢/٣٥٢. معجم الاطباء، ١٤ والوافي بالوفيات ٩/١٧٣- ومعجم المؤلفين ٢/٢٨٢.
٣٠- تحسين ابراهيم الدوسكي، مجلة زين، عدد ٢٨ سنة ٢٠٠٢ ص٧٦ نقلا عن مجلة هاوار عدد ٣٣ سنة ١٩٤١ ص١٤.
٣١- عيون الانباء، ابن ابي لصعبة ص٣٤٠، وهدية العارفين ٢/٤٧٣.
٣٢- معجم الاداب في معجم الالقاب ١٤ق، ص٤٣.
٣٣- عيون الانباء ص٤٠٢- والوافي بالوفيات ٣/٢٥٥- وهدية العارفين ٢/١٠٤، وتاريخ دنيسر، ابن اللمش ص١٨٠، وتاريخ البيمارستانات ص٢٢٢. الحموي ٢/٥٤٤.
٣٤- تاريخ اربل ١/٢٣٤، وكشف الظنون ١/٦٩٠.
٣٥- الدارس في التاريخ المدارس، النعيمي ٢/١٢٨، وعيون الانباء ص٦٧٢. والصبر- الذهبي ٣/٢١٢.
٣٦- عيون الانباء ص٧٠٥- وكشف الظنون ١/١٢٠٢، ١٥٥٥، ١٩٠٥.
٣٧- تاريخ دنيسر، ابن اللمش ١٨٥.
٣٨- تاريخ دنيسر، ابن اللمش ١٧٩.
٣٩- الدرر الكامنة ٣/٢٧٩، والوافي بالوفيات، الصفدي، ٢/٢٥، والزركلي ٥/٢٩٩، ومعجم المؤلفين ٨/٢٠٠، وايضاح المكنون، البغدادي ٢/ ٢٩٢، وموسوعة علماء الطب، هيكل نعمة ٢٤٥- تاريخ البيمارستانات ص١٦٠.
٤٠- طبقات الاطباء ٧٦١، وشذرات الذهب ٥/٣٧٩، والدارس في تاريخ المدارس ٢/١٣٣، هدية العارفين ٢/١٣٩، ومعجم المؤلفين ١/١١٨، وايضاح المكنون ٢/٣٨٢، وكشف الظنون ١٧٨٤.
٤١- دكتور عبدالرزاق الدباغ/ مواليد ١٩٣٢، جراح اختصاصي، مكان اللقاء، م- اربيل الاهلي، الساعة العاشرة صباحا ٢٠٠٣/١١/٢م.
٤٢- د.عبدالرزاق الدباغ (جراح اختصاصي)، والاستاذ فتح الله جرجيس (مؤرخ)، مكان اللقاء: م اربيل الاهلي، تاريخ اللقاء: العاشرة صباحا ٢٠٠٣/٧/٣.
٤٣- عزالدين الحاج نورالدين، مستشار في وزارة البلديات، من مواليد ١٩٣٨، مكان المقابلة في بيته ٢٠٠٣/١١/٣.
٤٤- عزالدين الحاج نورالدين البقال، تاريخ المقابلة ٢٠٠٣/١١/٣.
٤٥- الشيخ فؤاد بن عبدالقادر بن الشيخ الشريف، مواليد ١٩٥٦، معلم متعاقد، تاريخ المقابلة ٢٠٠٣/١١/١٥، مكان المقابلة: تكية الشيخ في محلة زانياري.
٤٦- صفوت علي الحاج محمد، مواليد ١٩٣٥ خريج الكادمية الفنون- بغداد، ١٩٥٩ مكان المقابلة، في بيته، تاريخ المقابلة، ٢٠٠٣/١٢/١٣.
٤٧- علي جوكل بريه. تاريخ المقابلة ٢٠٠٣/١١/١.
٤٨- دكتور عبدالرزاق الدباغ ٢٠٠٣/٧/٣م.
٤٩- علي جوكل بريه، تاريخ مقابلة ٢٠٠٣/١١/١م.
٥٠- ملا رؤوف ملا معروف (عمي) صاحب مكتبة سربستي سابق ٢٠٠٣/١٠/٢٥.
٥١- ملا رؤوف ملا معروف ٢٠٠٣/١٠/٢٨- والحاج عثمان ٢٠٠٣/١٠/٢٧ علي جوكل بريه ٢٠٠٣/١١/١.
٥٢- تاريخ الطب العراقي ص٢٧٨-٣٠٠، واسماعيل شكر، اربيل دراسة تاريخية. ص١٠٢. وكتاب المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥٢ ص٧٠.
٥٣- دكتور عبدالرزاق الدباغ ٢٠٠٣/١٢/١٩. وصلاح جمال عبدالوهاب ٢٠٠٣/١٠/٣٠.
٥٤- دكتوره شيلان محمد شريف/ ٢٠٠٣/١٢/٢١.
٥٥- المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥٢ ص٧٠- وتاريخ الطب العراقي ص٢١١-٢٧٨.
٥٦- تاريخ الطب العراقي، عبدالحميد العلوجي ص٢٤٢.
٥٧- دكتور خورشيد دزةيي ٢٠٠٣/٦/٣٠.
٥٨- تاريخ الطب العراقي ص٢٤٢.
٥٩- الصيدلاني نزار شاكر محمد خريج جامعة بغداد ١٩٧٠، مقابلة.
٦٠- دكتور عبدالرزاق شهاب الدباغ.
٦١- دكتور فرياد مجيد غفوري ٢٠٠٣/١١/٤

و.ئا: فائيق ياسين مودەريس

# مێژووی تەندروستی لە هەولێر

عەبدولرەزاق محەمەد مستەفا

زۆربەی کۆمەڵگاکان لە پیادەکردنی کاری پزیشکی تێکەڵاوییەکیان هەبووە لەنێوان پزیشکیی تەقلیدی و پزیشکیی ئەکادیمی[1] بۆ چارەسەری، بەتێپەربوونی کات و پێشکەوتنە زانستییەکان تای تەرازووەکە بەلای پزیشکیی ئەکادیمیدا قورستر دەبێت. بەڵام ئەگەر سەیری هەولێر بکەین، لە سەرەتای سەدەی رابردوودا ڕۆڵی پزیشکیی تەقلیدی هێندە باڵا بووە، کە دەکرێ بڵێین تاکۆتایی بیستەکانی سەدەی رابردووش تاکە سەرچاوەی چارەسەرییە پزیشکییەکان بووە لەتەک نوشتەو دوعای مەلاکان. هەرچەندە لەم باسەدا ئێمە دەمانەوێت زیاتر ئاماژە بەدامەزراوە و خاوەن پیشە پزیشکییە ئەکادیمییەکان بکەین، بەڵام لایەنەکەی تریش (پزیشکیی تەقلیدی) ئەمڕۆکەش گرنگی و تایبەتمەندیی خۆی هەیە لە کوردستان بەگشتی و لەم شارەدا بەتایبەتی، بۆیە پێمان باشە لەم باسە مێژووییەشدا ڕۆڵ و کاریگەریی هەردوو لایەن بخەینە ڕوو لەم شارەدا (هەولێر)، بەتایبەتی دوای ئەوەی هەولێر بوو بەلیوایەکی سەربەخۆ.

لە نێوان سالانی ۱۹۲۰-۱۹۲۲ی سەدەی رابردوو، پزیشکێکی بریتانی بەناوی (ولیام سۆن) یان (ریچ جۆنسن) لە هەولێر بەناوونیشانی سەرۆکی تەندروستی لە هەولێر لەگەڵ پزیشکێکی هیندی بەناوی ((محەمەد خان)) کاری کردوە، بەڵام هیچ نێوەندێک وەکو نەخۆشخانە یان بنکەیەکی تەندروستی تایبەت نەبووە، بۆیە نەتوانراوە خزمەتگوزاری پزیشکی پێویست پێشکەش بکرێت.

ساڵی ۱۹۲٤کاتێک (مەلیک فەیصەل)ی یەکەم سەردانی شاری هەولێری کرد، بڕیاریدا نەخۆشخانەیەک لەسەر ڕێگای هەولێر - مووسڵ دروست بکات، کە دەتوانین بڵێین ئەوە لە هەولێر یەکەم نەخۆشخانە بوو، ئەمە وێڕای نەبوونی دەرمانخانە جگە لەو شوێنە بچووکە لای دەرگای قەیسەری (بەرامبەر مزگەوتی بازاڕی گەورە) دەرمانی تێدا دەفرۆشرا[2]. بەڵام هەروەکو دیارە، ئەو دەرمانانەی لەم شوێنەدا فرۆشراوە دەرمانی تەقلیدی بوون، چونکە لەلایەکەوە، چارەسەری پزیشکیی ئەکادیمی هێندە باو نەبوو تاوەکو دەرمانە کیمیاوییەکان بفرۆشرێن، لەلایەکی تریش پزیشکی تەقلیدی ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لە چارەسەرکردنی نەخۆشییەکان، بەجۆرێک کاتێک سەرچاوەکان باس لە (ئەمین)ی حەکیم دەکەن ئاماژە بەوە دەکەن کە نەخۆشگەلێک بەمەبەستی چارەسەری لە دەرەوەی عێراق وەک لە ئێران و تورکیاوە سەردانیان کردووە. (ئەمین)ی حەکیم دەستنیشانی نەخۆشییەکانی دەکرد و لە ئامادەکردنی دەرمانیشدا پشتی دەبەست بە گژوگیای ناوچەیی بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی کۆئەندامی هەرس. لەهەمان کاتدا،

خەڵکی روویان لە مزگەوتی خانەقا دەکرد بۆ ئەوەی بگەنە چارەسەری نەخۆشییەکانیان لەلایەن (شێخ شەریفی کوڕی شێخ عەبدوڵلای قادری)، چونکە شێخ شەریف لەپاڵ تێگەیاندنی خەڵک لە تەریقەتی قادری چارەسەری نەخۆشانیشی دەکرد بە دەرمانی گیایی. زۆربەی ئەو گیایانەش لە سەفەرەکانیدا وەدەستی دەکەوتن.

یەکێکی تر لەو کەسانەی ڕۆڵی سەرەکییان هەبوو لە چارەسەرییە پزیشکییەکان (حاجی محەممەدی کوڕی مەحمودی کوڕی عاشوری نانەکەلی) یە کە هەڵدەستا بەچارەسەری نەخۆشییەکانی هەناو و شکستە، هەرچی نەخۆشییەکانی چاویشە لەلایەن پیرەژنێکی جوولەکەوە بەناوی "ئامۆش" لە گەڕەکی عەرەبان چارەسەر دەکران. نەخۆشییەکانی ددانیش لەلایەن کەسێکی مەسیحییەوە بەناوی "سلێمان"، کە خەڵکی مووسڵ بوو چارەسەر دەکران.

لە دەیەی سێیەمی هەمان سەدە (سەدەی بیستەم)دا پزیشکی ئەکادیمی زیاتر ڕۆڵی دەرکەوت، ئەمەش بەهۆی دەرکەوتنی چەند دکتۆرێک کە ژمارەیان (٥) دکتۆر بوو لەگەڵ هاتنی پزیشکێکی مەسیحی لە مووسڵەوە بەناوی "سلیم الخیاط"، کە لە سەرەتادا لە ماڵی خورشید ئاغا چارەسەری نەخۆشەکانی دەکرد، دواتر ساڵی ١٩٣٢ بوو بە سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی



شێخ شەریفی کوڕی شێخ عەبدوڵلای قادری

هەولێر، هەر لەهەمان دەیەشدا نەخۆشخانەی پاشایی لەلایەن کۆمەڵە کەسێکی سەربەخۆوە کە خەڵکی بەغدا بوون دروستکرا، بەو جۆرەش چارەسەری لە ماڵی خورشید ئاغاوە گوازرایەوە بۆ ئەم نەخۆشخانەیە و دوای ئەوەی لە ناوەڕاستی سییەکاندا بڕیاردرا کە ئەو نەخۆشانەی تووشی نەخۆشی سیل (التدرن) و ئاوڵە هاتوون بگوازرێنەوە بۆ ماڵێک لەنزیک منارە، هەر لەم نەخۆشخانەوە خواردن و خزمەتگوزاری پزیشکییان بۆ دەچوو.

سەبارەت بە ساڵانی چل، هەروەکو سەرچاوەکان ئاماژەی پێدەکەن، خراپیی بارودۆخی رامیاری و ئابووری وایکرد کە رەوشی تەندروستی لە عێراق بەگشتی و لەکوردستان بەتایبەتی زۆر خراپ بێت، بەجۆرێک کە دەسەڵاتی پاشایی نەیدەتوانی نەخۆشخانە و نێوەندی تەندروستی بکاتەوە بۆ چارەسەرکردنی هەموو ئەو نەخۆشییە باوانەی ئەو کات وەکو ((کولێرا، سیل و ئاوڵە)). هەرچەندە ژمارەی دکتۆرەکان لە هەولێر زیادی کردبوو بەجۆرێک ساڵی ١٩٤٨ ژمارەیان (١٠) دکتۆر و ساڵی ١٩٤٩، (١٧) دکتۆر بوو، بەڵام نەیاندەتوانی خزمەتگوزاری پزیشکی پێویست پێشکەش بە دانیشتووان بکەن لە بەر خراپی بارودۆخ (هەروەکو باسکرا)، ئەمەش وایدەکرد هەموو هەوڵ و تەقەلاکانی هەرسێ سەرۆکی تەندروستی (کە لەم دەیەدا سەرۆکایەتییان وەرگرتووە ئەوانیش، د. بەشیر سرسم، د. رشید زەکەریا، د. (سەلیم نەحاس) بوون بۆ باشکردنی رەوشی تەندروستی روبەڕووی نوشوستی ببنەوە[٣].

دەیەی پەنجاکانیش، بەبەراورد لەگەڵ دەیەکانی رابردوو، بە قۆناغی زێڕین دەژمێردرێت بەتایبەتی بۆ شاری هەولێر، چونکە لەلایەکەوە چەند نەخۆشخانەیەک دروست کران، لەلایەکی تریشەوە ژمارەی ئەوانەی بەکاری پزیشکییەوە خەریک بوون روو لە زیادی بوو



هەروەکو ئاماری ساڵی (١٩٥٨) دەری دەخات. بڕوانە خشتەی ژمارە (١)

هەر لەم دەیەشدا، دوای دامەزراندنی کۆمەڵەی پزیشکی نەهێشتنی نەخۆشی سیل (تدرن) لە ساڵی (١٩٥٢) چالاکی پزیشکی لە بواری هەڵمەتی نەهێشتنی نەخۆشی سیل (تدرن) بە ئەنجام گەیشت. ((نەخۆشخانەی کۆماری)) یش لە هەولێر یەکێک بوو لەم نەخۆشخانانەی لەم دەیەدا و لە ساڵی (١٩٥٩) بیناکرا، دواتریش نەخۆشخانەی منداڵان دامەزرێنرا[٥]. هەر سەبارەت بە نەخۆشخانەکانی ئەم شارە لە ئاماری ساڵی ١٩٥٨ دا هاتووە کە ساڵی (١٩٥٥) ژمارەی نەخۆشخانە حکومییەکان (٤) نەخۆشخانە و لە ساڵانی ١٩٥٦ - ١٩٥٧ - ١٩٥٨ ژمارەیان (٣) نەخۆشخانەبووە[٦]. بەهاتنی دەیەی شەشەم (شەستەکان) و دەیەکانی دواتر ڕەوشەکە بەرەو باشتر دەچوو بە تایبەتی لەڕووی زۆربوونی دامەزراوەی تەندروستی و زۆربوونی ئەو خاوەن پیشە پزیشکییانەی کە لە نەخۆشخانەکان کاریان دەکرد، هەروەکو لەم خشتەیەی ژمارە (٢) دەردەکەوێت.

هەرچی ژمارەی نەخۆشخانەکان و خاوەن پیشە تەندروستییەکانیش بوو بەگشتی بەو جۆرە بوو کە لە خشتەی ژمارە (٣)دا هاتووە.

سەبارەت بە ساڵانی هەشتاکانیش ناکرێت باس لەو چوار دەسکەوتە هەرە گەورەیە نەکرێت کە ئەم شارە لەم دەیەدا بەدەستی هێناوە.

(ژمارەی پزیشکەکان لە لیوای هەولێر لە ساڵی ١٩٥٨)

| پزیشک | پزیشکی ددان | دەرمانساز | پەرستار | برینپێچ | کارمەندی تەندروستی | چاودێری تەندروستی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢١ | ١ | ٣ | ١٧ | ٢٢ | ٢٠ | ٣ |

**خشتەی ژمارە (١)**

گرنگترینیان کردنەوەی کولێژی پزیشکی بوو ساڵی (١٩٨٣)[٩] کە بوو بەسەرچاوەیەکی گرنگ بۆ چالاکی پزیشکی. هەر لە هەمان دەیەدا ساڵی (١٩٨٥) گەورەترین نەخۆشخانە لەم شاردا کرایەوە هەم لەڕووی قەبارە و هەمیش لەڕووی بەشەکانییەوە، ئەم نەخۆشخانەیەش ناونرا نەخۆشخانەی سەدام[١٠]. دواتر لە ساڵی ١٩٨٦ هەردوو نەخۆشخانەی لەدایکبوون و منداڵان و نەخۆشخانەی فریاکەوتن کرانەوە[١١]. سەبارەت بە ژمارەی ئەو خاوەن پیشە تەندروستیانەی کە لە نەخۆشخانەو دامەزراوە تەندروستییەکان کاریان دەکرد ئامارەکانی ساڵانی (١٩٩١) ئەوە نیشاندەدەن کە ساڵی ١٩٩٠ دا ژمارەیان (٨٠٣) کەس بووە بەجۆرێک (٤٥١) پیاو و لە بەرامبەریشدا (٣٥٢) یان ئافرەت بوون[١٢].

سەبارەت بە نەخۆشی و ڕێژەکەی لەناو دانیشتواندا، دەتوانین بڵێین تا ناوەڕاستی ئەم دەیە، واتە (١٩٩٥)، بەشێوەیەکی گشتی ڕەوشی تەندروستی لە کوردستان خراپ بوو، ئەوەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆکاریگەری خراپی ئەو چەکانەی لە شەڕەکانی نێوان عێراق و ئێران لە لایەکی و عێراق و کوردەکان و عێراق و هاوپەیمانان لەلایەکی تردوە بەکارهاتوون، جگە لەو ئابلوقە ئابوورییە دوولایەنەی[١٣] لەسەر کوردستان بوو، کە بووە هۆی کەم خۆراکی و بەد خۆراکی دانیشتووان و کەمی خزمەتگوزاری تەندروستی، بەڵام دواتر، لە ساڵی ١٩٩٦ بەولاوە ڕەوشەکە باشتر بوو بەتایبەتی دوای دروستکردنی هەماهەنگی دەسەڵاتی کوردی لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانەی تایبەت بوون بەکاری تەندروستی و خزمەتگوزاری پزیشکی، یەکێک لە بەرهەمەکانی ئەم هەماهەنگییەش کردنەوەی نەخۆشخانەی Emergency بوو لە شاری هەولێر ساڵی ١٩٩٧ کە تاکوئێستاش لەکارکردندا بەردەوامە.

* عەبدولرەزاق محەمەد مستەفا، بەڕێوەبەری گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە هەولێر و ماستەر لە بەشی کۆمەڵناسی/ زانکۆی سەلاحەددین.

**پەراوێزەکان:**

(١) زاراوەی پزیشکیی ئەکادیمی بۆ جیاکردنەوەیە لە پزیشکی تەقلیدی و مەبەستمان ئەو پزیشکەیە کە لە کۆلێژی زانستی و بەشێوەیەکی فەرمی و زانستی فێردەکرێت وە بە پێشکەوتنە زانستییەکانیش پێشدەکەوێت.

(٢) د. ابراهیم طاهر معروف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٦ - ٩٨.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل ٩٨ - ١١١.

(٤) مدیریة الاحصاء الحیاتي

**ژمارەی خاوەن پیشە تەندروستییەکان لە شاری هەولێر لە دەیەی جیاوازدا[٧]**

| پارێزگا | ١٩٦٩ | | | | | ١٩٧٨ | | | | | ١٩٨٨ | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | پزیشکی | پزیشکی | پزیشکی ددان | دەرمانساز | کۆی گشتی | پزیشکی | پزیشکی | پزیشکی ددان | دەرمانساز | کۆی گشتی | پزیشکی | پزیشکی | پزیشکی ددان | دەرمانساز | کۆی گشتی |
| هەولێر | ١٢ | ٢٢ | ٢ | ١ | ٣٧ | ١٨ | ٥٩ | ٩ | ٧ | ٩٣ | ٤٢ | ١٦٨ | ١١ | ١٢ | ٢٣٣ |

**خشتەی ژمارە (٢)**

**ژمارەی نەخۆشخانە و خاوەن پیشە تەندروستییەکان لە شاری هەولێر لە دەیەی جیاوازدا[٨]**

| پارێزگا | ١٩٦٩ | | ١٩٧٨ . | | ١٩٨٨ | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارەی نەخۆشخانە | ژمارەی خاوەن پیشە تەندروستییەکان | ژمارەی نەخۆشخانە | ژمارەی خاوەن پیشە تەندروستییەکان | ژمارەی نەخۆشخانە | ژمارەی خاوەن پیشە تەندروستییەکان |
| هەولێر | ٨ | ١٧٢ | ١٠ | ١٠٣٣ | ١٤ | ١٠٥٩ |

**خشتەی ژمارە (٣)**

والصحي، نشرة الاحصاء الحياتي والصحي لسنة ١٩٥٨، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٠.

(٥) هەمان سەرچاوە، ل ١١٦.

(٦) مديرية الاحصاء الحياتي والصحي، نشرة الاحصاء الحياتي والصحي لسنة ١٩٥٨، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٦.

(٧) الجمهورية العراقية وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، ارقام ومؤشرات عن منطقة كردستان للحكم الذاتي، كانون الثاني، سنة ١٩٩٠، ل٥٧.

(٨) الجمهورية العراقية وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، ارقام ومؤشرات عن منطقة كردستان للحكم الذاتي، كانون الثاني، سنة ١٩٩٠، ل٥٧.

(٩) کردنەوەی کۆلیژی پزیشکی بۆ یەکەم جار لەم شارەدا دوای گواستنەوەی زانکۆی سلێمانی بوو بۆ شاری هەولێر ساڵی ١٩٨٢ و یەکەم راگری کۆلیژی پزیشکی د. عبدالمجید عبدالقادر یونس بوو، بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ، د. ابراهیم طاهر معروف الرباتي، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٥.

(١٠) دوای راپەڕینی بەهاری ساڵی (١٩٩١) ناوی نەخۆشخانەی (سەدام) گۆڕا بەنەخۆشخانەی رزگاری.

(١١) د. ابراهیم طاهر معروف الرباتي، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٢ - ١٣٥.

(١٢) جمهورية العراق، وزارة التخطيط، المجموعة الاحصاء السنوية، الجهاز المركزي للاحصاء، ١٩٩١، جدول (١٠/ ٦).

(١٣) مەبەست ئەو ئابلوقەیەی کە ئەنجوومەنی ئاسایش خستیە سەر عێراق وەکو سزایەک لەبەرامبەر داگیرکردنی کوێت لەلایەک و لە لایەکی تریشەوە ئەو ئابلوقە ئابووریەی حکومەتی بەعس خستیە سەر ناوچە رزگارکراوەکانی کوردستان دوای ئەوەی لەبەهاری ساڵی ١٩٩١ لە ئەنجامی راپەڕینێکی سەرتاسەری خەڵک و پێشمەرگە و ناوچەکەیان خستە ژێر دەستی خۆیان و دەوڵەتی عێراق دەسەڵاتی تێدا نەما.



# بۆنبڕی لە هەولێر

ئەحمەد حەیران

بێگومان مەزنترین دیاردە لە کردەوەکانی مرۆڤ لە هەموو قۆناغ و سەردەمەکانیدا ئەوە بووە کە دەوروبەر بگۆڕێ و لە پێناوی ئاسوودەیی و تەناهی مرۆڤایەتی وەگەڕی بخا. ئەم سەرسەرانێ و ململانێیەی نێوان کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و سروشت و دەوروبەر، رۆژ بەڕۆژ لە بردەو و گوڕسەندندا بووە بێ ئەوەی تۆزقاڵێ بسرەوێتەوە تاکو گەیشتۆتە ئەم پلەیە پێ بەپێ بتوانێ ئەم تاسە و هەوراز و هەڵدێرەی دێتە رێگای تەختی بکات. مرۆڤ لەکاتێکا بەم شێوە ژیانە کۆن و لاوەکییە دەژیا، وەنەبێ بەرانبەر هەموو ئاستەنگێک دەستی لە چۆکان ئاڵاندبێ، بەڵکو ئەمیش بەپێی شێوەو جۆری بابەتە سەختەکانی ژیان هەڵسوکەوتی کردووە. ئیتر لەم رێگەوە گەیشتە ئەمەی کەوا هەموو شتێ بە زۆر و زۆرەملێ نابێ، بەڵکو هزر و بیر و هۆشیش لەم جۆرە لایەنەوە سەردەستەی بەرُدەکەوێ، لەکاتێکا ئەمانەی خڕی یەکانگیر کرد و زەینی لێدا ئیتر گەیشتە ئەم بڕوایە کەوا ئەگەر مرۆڤ بیر بەکاربێنێ لە پاڵ لایەنەکانی تری بوونەوە ئەوا هیچ بەربەستێ نابێ لەژیان دڕی پێ نەدا و لەبن و بۆتکەوە هەڵی نەتەکێنێ هەر لەم دەلاقەوە دەتوانین دەستنیشانی چەندان کەسی بە توانا بکەین لە جۆرەها لایەن کە بوونەتە سەر قەڕەوڵ و هۆش و بیر و هێز و توانای جەستەی خۆیان بۆ تەناهی کۆمەڵ تەرخان کردووە هەر چەندە ئەمانە رەنگدانەوەی کات و سات و سەردەمی خۆشیان بوونە، بەڵام گێولیان بۆ ئەوە نەچووە کاروکردەوەی کرێت لەمێرابی بیر و باوەڕەکانیان خۆ بنوێنێ بەڵکو زۆربەی کات بەتەنگ ئەوە بوونە ئیشێ بکەن سڵەمینەوەی بەدوا نەیێ هەر بۆیەش ئێمە وا لێرەدا مرۆڤێکی تری شەقی و شەکەتی ئەم کاروانە دوور و درێژە دەخەینە ڕوو.

ئەمیش بۆنبڕ (حاجی ڕەوف سابیر)ە کە یەکێکە لە پزیشکە بۆنبڕە میللی یە بەناو بانگەکانی هەولێر لە دوو دانیشتنی تایبەتی لەگەڵیا ئەم زانیارانەی لە خوارەوە دەیان خەینە ڕوو سوودمان لێ بینیوە.

حاجی ڕەوف سابیر لە ساڵی (١٩١٨) لە هەولێر لەدایک بووە پیاوێکی درێژی باریکی دەموچاو نەرمی کەمدووە. ماوەی (٢٠) ساڵ دەبێ خەریکی بۆنبڕییە. ئەمەش لە مامی (عوسمان حاجی سلێمان) بۆی ماوەتەوە کە ئێستا نەماوەو لەکاتی خۆی یەکێک بووە لە بۆنبڕە بەناوبانگەکانی هەولێر دەربارەی چۆنیەتی زانینی منداڵ و بۆنکردنی بۆ ئەم جۆرە نەخۆشییە و تووش بوونی. حاجی ڕەوف دەڵێ... ئەم کارە پسپۆری دەوێ دەبێ پسپۆربی. من بە هەست دەزانم ئەم منداڵە بۆنی کردووە. جگە لەمەش لەکاتی سەیرکردنی ناو لەپی دەستی منداڵەکە دیاردەدا کە بۆنی چی کردووە ئەمەش لەڕێگەی ئەوەوە دەزانم کە ناولەپی دەستەکە وەک شێوەی سروشتی خۆی نامێنێ بەڵکو بەگوێرەی بۆنەکە دەگۆڕێ لەجۆرە ئاساییەکەی خۆی لادەچێ. دەربارەی بوونی (بۆنبڕی) تر حاجی ڕەئوف دەڵێ (٣-٤) بۆنبڕی تر هەبوون بەڵام ناوەکانیان نازانم چونکە لەمێژە و لەکاتی شا فەیسەڵی یەکەم ئەمانە هەبوون لە هەولێر.

پێویستە ئەمەش بڵێین کە لە کاتی چوونمان بۆ دوکانەکەی حاجی دەکەوێتە ناو دوکانی (کورتان دروان) لە عیادەی زۆربەی پزیشکەکانی ئێستا بەهەرمێنتر دیار بوو لەشاری و لە لادێیی خەڵکی زۆر ڕووی تێدەکەن تەنانەت لە شارەکانی دەوروبەری هەولێریش خەڵک دێتە لای..

ئیتر لێرەوە کۆتایی بە لێدوان دەربارەی سەربردەی ژیانی ئەم بۆنبڕە دێنین و بەرەو ناوەڕۆکی مەبەست لنگ دەدەین. بە پێویستیشی دەزانین کەپێناسەیەکی ئەم جۆرە کارەو نەخۆشییە بکەین:

**بۆن:**

ئەم جۆرە نەخۆشییەیە کە تووشی منداڵ دەبێ بەهۆی جۆرەها دیاردە لەوانە: ترسان، بۆنی گولاوی، بۆنی زەیستانی، هتد.

**بۆنبڕ:**

ئەو کەسەیە کە پسپۆری و شارەزایی بەهۆی هەستەوە لە زانینی ئەم جۆرە نەخۆشییە هەیە یان بەهۆی زانینی دەرکەوتنی چەند دیاردەیەک لە دەموچاو دەستی منداڵەکەوە بەهۆی دەرمانی میللی تایبەتییەوە چاری دەکات.

دەبێ ئەوەش بگوترێ، کە بۆنبڕ ناتوانێ هەموو نەخۆشییەک چارەسەر بکات، تەنیا ئەمە نەبێ، کە تایبەتە بە ئیشەکەی خۆی. چونکە بۆنبڕی بەشێکە لە پزیشکگەری میللی.

**جۆرەکانی نەخۆشی بۆن:**

هەرچەندە ئەم نەخۆشییە یەک جۆرە هەروەک لە ناودکەیەوە دیاردەکەوێ بەڵام زەمینەی تووشبوونی چەند بابەتێک دەسەپێنێ بەم ناوانەوە ناوبنرێ کە نیشانەکانیان جیاوازە وەک:

١- مانگ یان ترسان ٢- بۆنی زورمباتی. ٣- بۆنی زەیستانی یان چلەگیر. ٤- بۆنی گولاوی.

**نیشانەکانی نەخۆشی بۆن:**

هەروەک لە سەرەوە وترا جۆرەکانی ئەم نەخۆشییە جیاوازە



دیارە دەبێ نیشانەکانیشی جیاوازبێ.

بۆنبر دەڵێ منداڵ ئەگەر تووشی ئەم جۆرە نەخۆشییە بوو زوو نەیان هێنا بۆلای بۆنبر، ئەوالیتی پیس دەکا و هەر شتێ بخوا دەیهێنێتەوە، واتە نیشانە سەرەکییەکەی هەر چوار جۆرە نەخۆشییەکە لە منداڵی بۆندار ئەوەیە، کە (دەرشێتەوەو زگی دەچێ) ئەمە جگە لەوەی هەریەکێ لەچوار جۆرەکە نیشانەی تایبەتی خۆی هەیە بۆ نموونە...

**نیشانەکانی نەخۆشی مانگ:**

١- ڕەنگ زەرد هەڵگەڕان
٢- لووت و لێو وشکبوون.
٣- ڕەپ ڕاوەستان و تاق و جووتبوونی مووی برژانگ.
٤- ڕەقبوونی ناو لەپی دەست.
٥- لاواز بوون.

**نیشانەکانی زورمبات:**

١- گەچلانی ناولەپی دەست.
٢- نەخواردن.

**نیشانەکانی زەیستان یا چلەگیر:**

١- هەڵ بنیسان و پووتبوون.
٢- لاوازبوون.

**نیشانەکانی بۆنی گوڵاوی:**

١- ڕەنگ زەردبوون.
٢- لاواز و پووتبوون.

**چۆنیەتی تووش بوون:**

بێگومان هەموو شتێ لە ژیانی مرۆڤ کە دێتە ڕێگای یان بەری پێ دەگرێ، دەبێ پێشتر زەمینەیەک ئەم جۆرە لایەنەی بۆ خۆش کردبێ. دیارە نەخۆشی بۆنیش لەم لایەنەوە بەدەر نییە و هەر جۆرێک لە نەخۆشییەکە هۆی تایبەتی خۆی هەیە بۆ تووشبوون هەر وەک لە خوارەوە دەری دەخەین:

**١- مانگ:** هۆی تووشبوونی ئەم نەخۆشییە (ترسانە) منداڵ ئەگەر چاوی بە شتێکی ترسناک بکەوێ تووشی ئەم نەخۆشییە دێ.

**٢- زورمبات:** ئەمە لەگەڵ حەوت دەرمانەیە ئەگەر منداڵێک درابیتێ یان لێ نرابێ یەکێکی دی بەلایدا بڕوا بۆن دەکا و تووش دەبێ. دەڵێن ئەمە زۆر ترسناکە ئەگەر زوو چاری نەکرێ منداڵ کوێر دەبێ.

**٣- زەیستان یان چلەگیر:** ئەمە بەهۆی ئەوەوە دەبێ ئەگەر ئافرەتێک منداڵی ببێ خوێن و خیزاوەکەی بەکۆڵاندا پەرت بکرێ ئەوا منداڵ بۆن دەکا و تووش دەبێ یان ڕاستەوخۆ منداڵەکە بچێتە ماڵی منداڵبووەکە دیسان بۆن دەکا و تووش دەبێ.

**٤- بۆنی گوڵاوی:** ئەمە ناوەکەی بەخۆوەیە بەهۆی عەتر و شتی بۆندارەوە تووش دەبێ.



**چارەسەرکردنی نەخۆشی بۆن:**

لەپێشەوە شێوەو جۆر و هۆی تووشبوونی ئەم نەخۆشییەمان خستە ڕوو دیارە، کە ئەمانە زانرا دەبێ چارەکردنیشی بزانرێ، چارەکردنەکەش لە سروشتی بیرکردنەوەی بۆنبرەوە بۆ ئەم لایەنە هەڵقوڵاوە. کە بەم جۆرەیە منداڵ پاش ئەوەی بۆنی کرد دەرمانی لەلایەن بۆنبرەوە بۆ دادەنرێ، کە بەم جۆرەیە دەرمانەکە دوو شێوەیە، بەڵام لە بنەڕەت هەردووک یەک جۆرە جیاوازییەکەیان لەوەدایە جۆرەک (شلە) جۆرەک (تۆزە) شلەکە لەناوی گوڵاوی پێکهاتووە، کە ئێستا لە نەجەف و کەربەلا دروستدەکرێ، بەڵام تۆزەکە لە حەوت جۆرە ماددە پێکهاتووە، پێی دەڵێن (حەوت دەرمانە)، کە بەم جۆرەیە:

١- ڕازیانە.
٢- جەنجەفیل (زەنجەفیل).
٣- هاونج (هەوینج).
٤- زورمبات.
٥- مازی.
٦- قەنەفڵ
٧- خونچە گوڵ.

ئەمانە هەمووی بەیەکەوە تێکەڵ دەکرێ و دەکوترێ لەگەڵ ئاو دەدرێتە منداڵ.

چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەم دەرمانە بەهەردوو جۆریەوە واتە (تۆز و شلە) هەردووکی یەکە، ڕۆژی دووجار دەدرێتە نەخۆش بەیانی و ئێوارە، شلەکە واتە ئاوی گوڵاوی، (٥) کەوچکی چای لەگەڵ کەوچکێک شەکر تێکەڵاو دەکرێ و دەیدرێتێ، تۆزەکەش بەهەمان شێوە، بەڵام ئەم بە پتیلە دەمی دەکرێ یان (مەمەی) بۆ لە تۆزەکە هەڵدەهێنرێ و دەیدرێتێ. جگە لەمەش دەبێ ڕۆژدک نا ڕۆژدک سەری بشۆردرێ و جل و بەرگی بگۆڕدرێ، پێویستە ئەوەش بگوترێ، ئەگەر تۆزەکە بەپێی درایە نەخۆشەکە پێویستە ڕۆژی یەک جار بیدرێتێ، ئەمیش تەنیا ئێواران، هەروەها جگە لەمانە چارەکردنی دیکەش هەیە، بۆ نموونە ئەگەر منداڵەکە چلەگیر بوو بوو ئەوا پێویستە شیری تەری ئافرەتە منداڵبووەکەی بدرێتێ واتە پێش ئەوەی خۆی بشوا، چونکە ئەگەر کوڵی کرد ئەوا شیرەکە لەتەری دەکەوێ و بۆی نابێ.....

لە کۆتاییدا پێویستە دان بە هەندێ شتدا بنرێ، ئەویش ئەوەیە، کە زۆر لایەن هەیە لەم جۆرە بابەتانە لە ناوەڕۆکی باسی بابەتی بەدوور دەکەویتەوەو لەگەڵ ڕێڕەوی زانست و زانیاری ناگونجێ و سەردەم و ڕۆژگار بەخۆوەی ناگرێ.

هەمووشی لەبەر ئەوەیە چەند لایەنێ لەم کار و پیشانە لەواقع بەدوور دەکەویتەوەو دەچێتە خانەی بزر و خەیاڵاوی، بەمەش لە شتی جادووگەری نزیک دەبێتەوە، بێگومان هەڵوێستی ئێمە لەگەڵ زانست و زانیارییەکەیە، چونکە هیچ بارێکی ژیریتژی نییە لەدوا دوا ساڵانی سەدەی بیست هەوڵ بدەین کۆمەڵانی خەڵک لە شتی ناڕاستی نزیک بکەینەوە، لەکاتێکدا گۆڕان و گەشەکردن و پێشکەوتن هەموو کونج و کەلەبەرێکی دنیای تەنیبێ، بەڵام بە ڕەواشی نازانین تەرو وشک بەیەکەوە بسووتێ، چونکە زۆر شت لەم جۆرە باسانە وەدەردەکەوێ، وەکو چۆنیەتی بیرکردنەوەو ئاڕاستەی ڕێڕەوی ژیانی مرۆڤی ئەم کۆمەڵە بۆ دوارۆژ سەرباری خەم و پەژارە و چۆنیەتی تلانەوەی بەدەست ئازارەکانی ڕۆژگار، لەگەڵ ئەمانە و چەندان لایەنی دیکە ئەو کاتە ئەوەت بۆ دەردەکەوێ، کە ئەم کەلەپوور و شتە جێماوانە خزمەتی مرۆڤایەتی دەکەن یا نا!

یاخود دەستکردی چین و گرووپی تایبەتین! بۆیە ئێمەش تەنیا ئەوە ماوە بیڵێین، کە ئەم جۆرە کردەوانە نە دەستکردی ئێمەیە و نەدەستکردی چین و تاقمێکە، بەڵکو بەرهەمی سروشتی ژیانی ئەم کۆمەڵە و دەوروبەرمانە، بنکۆ و هەوێن و فرۆی کابانێکی دەست و پەنجە شلی کوردەوارییە بۆ ئاسوودەیی مرۆڤایەتی و بەرژەوەندی خەڵکی سەر ئەم ئاخە شیرنە هاتۆتە ئەنجام.

**زورمبات:** گیایەکی چیایی کۆلکدارە بەهاران شین دەبێ، پەلکی شینە کۆلکەکەشی زەردە لە چیای سەفین هەیە.

**هاونج، هەوینج:** گیایەکی دەشتاوییە ڕەنگی سەوزە ڕیش بەدەوری خۆیدا شۆڕ دەکاتەوە، گوڵی ورد دەکات، کە وشک بوو دەنکی وردی وەکو زەنگیانەی لێ دەوەرێ، لە کوردەواری خۆمان پێی دەڵێن (قەرەجە) بەزۆری لە هیند و چین هەیە.

**ڕازیانە:** گیایەکی سەوزە، دەنکی وەکو گەنم زەردە لە هیندستاندا هەیە، لای خۆشمان ئەگەر بیچێنی دەڕوێ.

**چلەگیر:** ئەگەر ئافرەتێک منداڵی ببێ، منداڵێکی دیکە چووبێتە لای بۆنی کردبێ، ئەمە پێی دەڵێن (چلەگیر).

سەرچاوەکان:

١- حاجی ڕەوف سابیر. لەدوو چاوپێکەوتن ڕۆژی (٢٨-٣٠) ی خەرمانانی ١٩٨٦.
٢- حاجی محەمەد ڕەشید، کە ئێستا دوکانی لەناو قەیسەری هەولێرە و تەمەنی لەدەوری (٦٠) ساڵ دەبێ. لە قسەکردنێک لەگەڵیدا وتی (شێخ شەریف) کە (٢٥) ساڵێک دەبێ مردووە لە مزگەوتی خانەقا بوو، دەرمانی بۆ ئەم جۆرە نەخۆشییە دەگرتەوە، لە هەندێک جۆرە گوڵ، وەک گوڵی (ئەشرەفی) و (گوڵەباخ).

* ئەم بابەتە لە گۆڤاری تەندروستی و کۆمەڵ، ژمارە (٣) ساڵی ١٩٨١ بڵاوبۆتەوە.

